هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٩٤

سالّی/ ٢٠١٤ — بەرگی نەوەت و چوار

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠١٤

# پێڕیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی سێیەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٣/١١/١٦ ل ٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٤/٤/٢٩ ل ٢٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — یەك شەممە ٢٠١٤/٥/٤ ل ٤٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٤/٥/٧ ل ١٠٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٤/٥/١٣ ل ١٨٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٤/٥/١٤ ل ٢٦١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٤/٥/٢٠ ل ٣٤٣

**بەڕێز د. ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی ماددەی ٣١ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەگەر کورسیەکی پەرلەمان بەتاڵ مایەوە ئەوە کاندیدێکی تری هەمان لیست جێگای ئەگرێتەوە، کاک ارسلان دەست لەکارکێشانەوەی پیشکەش کردووە، لە هەفتەی ڕابردووەوە ناوی هاوکارمان کاک سەرکار سەرکەوت سەرحەدممان پێشکەش کردووی، پرسیارەکەمان ئەوەیە بۆ نەخراوەتە بەرنامەی کار؟ و تکامان ئەوەیە لە دانیشتنی داهاتوو بخرێتە بەرنامەی کار، لەبەر ئەوەی ئێمە پێویستمان بە کاک سەرکەوتە بۆ بەڕێ کردنی کاروباری خۆمان و پەرلەمانی کوردستانیش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لە ڕاسستیدا لەو نامەی کە فراکسیۆنی سەوز ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی کردبوو ڕیزبەندی ئەو بەرێزە دیاری نەکرابوو، ئێمەش دەرەنجامە کۆتاییەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنمان لا نەبوو تا ڕیزبەندییەکەی دیاری بکەین، بەهۆی ئەو خەلەلەوە نەمانتوانی لەو دانیشتنە دایبنێین، بەڵام ئێستا ڕێککارەکانمان گرتۆتە بەر، انشاءاللة لە دانیشتنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان ئەو بەرێزەش سوێندی یاسایی ئەخوا، داوا لە بەرێزان لیژنەی یاسایی ئەکەین کە بفەرموون پرۆژە یاساکە بخوێننەوە، دواتر ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانیش لەسەر پرۆژە یاساکە بخوێننەوە، فەرموون

**بەڕێز د.ڤاڵا فەرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە هەموار کردنی سێیەم بۆ قانونی سەرۆکایەتی هەرێم ئەخوێنینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە ئینجا دەست ئەکەین بە خوێندنەوەی ماددەکان لەو پرۆژە یاسایەی کە پێشکەش کراوە، و ڕوون کردنەوەیان، پوختەی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی ئەخەینە ڕوو:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان-العراق**

**لجنة الشؤون القانونية**

**م/ تقرير لجنة الشؤون القانونية حول مشروع قانون (التعديل الثالث لقانون رئاسة اقليم كوردستان-العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل)**

اجتمعت لجنة (الشؤون القانونية) بتاريخ ١٨/ جۆزەردان/ ٢٧١٤ كوردي المصادف ليوم ٢٠١٤/٥/٨ ميلادي لدراسة مشروع قانون (التعديل الثالث لقانون رئاسة اقليم كوردستان-العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل) المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بموجب كتاب رئاسة البرلمان المرقم ك (١) في

٢٠١٤/٥/٨ وبعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (٢) في ٢٠١٤/٥/٧ بعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنة الى مايلي:

١ فيما يتعلق ب (المادة الاولى):

نقترح جعل كلمة (الحكومة) ب (الوزارة) و حذف الفقرة (٢) من المادة (الاولى) و تقرا كالاتي:

(تكليف رئيس الوزراء بعد تسميته من قبل برلمان كوردستان-العراق بتشكيل الوزارة و ذلك خلال مدة (٣٠) يوما من تاريخ تكليفه

٢- فيما يتعلق ب (المادة الثانية)

لاتوجد عليها اية ملاحظة

٣- فيما يتعلق ب(المادة الثالثة)

لاتوجد اية ملاحظة

٤- فيما يتعلق ب(المادة الرابعة)

لاتوجد اية ملاحظة

٥- فيما يتعلق ب(الديباجة) تقترح اللجنة صياغتها كالاتي:

تماشيا مع متطلبات النظام السياسي الديمقراطي، فقد شرع هذا القانون

ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی:

**بۆ/سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی عێراق**

**ب/لیژنەی کاروباری یاسایی دەربارەی پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥**

لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی ١٨/ جۆزەردانی ساڵی ٢٧١٤ ی کوردی بەرامبەر بە ٥٢٠١٤/٨ ز کۆبووەوە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی عێراق پێشکەش کراوە، لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢) ی ڕێکەوتی ٢٠١٤/٥/٧ ڕەوانەی لیژنەکەمان کراوە بە پێی نووسراوی ژمارە (ك ١ ) لەبەرواری ٢٠١٤/٥/٨، دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لیژنە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە

١ سەبارەت بە ماددەی یەکەم

لیژنە پێشنیار ئەکات وشەی حکومەت بگۆڕدرێ بە وەزارەت، و بڕگەی (٢) لە ماددەکە لابدرێ، و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە

پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، دیارە سەرۆکی پەرلەمان لێرە ئیزافەیەك هەیە، دیارە سەرۆکی هەرێم سەرۆك وەزیران ڕادەسپێرێ، یەکسەر ئەڵێین پاش ناونانی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، سەرۆك وەزیران ڕادەسپێردێ بۆ پێکهێنانی وەزارەت لە ماوەیەکدا کە لە (٣٠) ڕۆژ تێپەڕ نەکات

٢- ماددەی دووەم: هیچ تێبینیمان نییە

٣- ماددەی سێیەم هیچ تێبینی لەسەر نییە

ماددەی چوارەم: هیچ تێبینی لەسەر نییە

٥- سەبارەت بە هۆکاری دەرچوونی یاساکە پێشنیاز ئەکەین بەم شێوەیە دابڕێژرێت

بە مەبەستی گونجاندن لەگەڵ سیستەمی سیاسی، ئەویش هەڵەی تەبعە، بە مەبەستی کونجاندن لەگەڵ سیستەمی سیاسی و دیموکراسی ئەم یاسایە دەرچوێندرا

ئەوە پوختەی لیژنەی یاسایی بوو کە توقیع کراوە لە لایەن ئەندامانی لیژنەی یاسایی، ئێستاش پرۆژە هەموار کراوەکە وەکو خۆی دەخەینە ڕوو

پرۆژەی هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم

برگەی ١٢ لە ماددەی دەیەمی ئەم یاسایە هەموار ئەکرێ بەم شێوەی خوارەوە:

پاش ناونای لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕادەسپێری بۆ پێکهێنانی وەزارت لە ماوەیەك لە ٣٠ ڕۆژ تێپەڕ نەکات

فەقەرەی دوو:

ئەگەر سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێردراو لە ماوەی دیاری کراو نەیتوانی حکومەت پێك بێنی و متمانەی پەرلەمان بەدەست بێنێ، ئەوا سەر لەنوێ پرۆسەی ناونان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ئەنجام ئەدرێ

ماددەی ددوەم:پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن

ماددەی سێیەم: کار بەهیچ دەق و یاسایەك ناکرێ پێچەوانە بێ لەگەڵ بڕگەکانی ئەم یاسایە

ماددەی چوارەم: ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاو بوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) ئەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە

**هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە:**

ئەوەی باوە لە هەموو وڵاتانی دیموکراسیدا تەنیا سەرۆك وەزیران ناوئەنرێ و ڕائەسپێردێ بۆ پێکهێنانی کابینە، دواتر ئەو خۆی جێگیر بۆخۆی دادەنێ، ئەوەی لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەیە تایبەتە بە ناونان و ڕاسپاردنی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، یەکێکە لە سیما و دەرەنجامەکانی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستاندا، لە پێناوی کەم کردنەوە و نەهێشتنی ئەم سیمایە، پێکهێنانی

حکومەتێکی بنکە فراوانی یەکگرتوو کە بتوانێ دەستەڵاتی لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمەکە پیادە بکات ئەم یاسایە دانرا.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا سەرەتا ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ئەخەینە بەرگفتوگۆی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان، کێ قسەی هەیە ناوی خۆی بنووسێ، دوایی ناوەکان ئەخوێنینەوە، دوای داخستنی ناونووسین گفتوگۆ دەست پێ ئەکات، دوایی ناوی تر ناونووسین کاك فەرحان فەرموو.

**بەرێز فرحان جوهر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار ئەکەم لە خوێندنەوەی پرۆژە یاسایەکان پێشتر زمانی کوردی بەکاربێ ئینجا عەرەبی، لەبەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستان زمانی کوردی یەکەمە، دوایی عەرەبی

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرنجەکەت لە جێی خۆیەتی، پێم وابێ بەهۆی بوونی هەڵە لە سیاغە کوردیەکە، بۆیە لە پێشدا زمانی عەرەبی ئەخوێندرێتەوە، بەڵام سەرنجەکەت لەجێی خۆیەتی، لەمەولا ئەوە پەیرەو ئەکەین، فەرموو کاك عومەر.

**بەرێز عمر عینایەت:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەدەقی بڕگەی یەکەم هاتووە ئەڵێ سەرۆکی هەرێم.......

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو موناقەشەیە کاك عمر، جەنابت ناوی خۆت بنووسە، فەرموو جەنابی سکرتێر

**بەرێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو بەرێزانە ناوی خۆیان تۆمار کردووە، لەبەر کات بەس ناوی یەکەیمان ئەخوێنمەوە (یراونت، منی، مولود، مەڕوان، ڕابوون، سۆران، انور، باپیر، شکریە، عمر، شێرکۆ، کەژاڵ، امنە، ئومێد، جمال، بەیار، سراج، فرحان، دلێر، خلف، عیزت، زانا، ابو کاروان، کاك قادر، بێگەرد)

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك باپیر، نوقتەی نیزامە؟

**بەڕێز باپیر کاملا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەوەی کە بۆ گفتوگۆ بنەمایە، کامەیانە؟ پرۆژە یاساکەیە؟ یان ئەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییە؟ یان ئەو پرۆژەیە کە بۆ هەموار کردن ئەوە کراوە؟ لەسەر کام بنەمایە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

عەرزمان کردن لەپێشدا ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی گفتوگۆی لەسەر ئەکرێ، دوای بڕیاردان لەسەری ئەوکات ماددەکانی پڕۆژە یاسا هەموار کراوەکە گفتوگۆی لەسەر ئەکرێ و ئەخرێتە تەسویتەوە

**بەڕێز باپیر کاملا:**

ڕاپۆرتەکەمان لا نیە، زۆر بەرچاو ڕوون نین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دابەش نەکراوە بەسەر ئەندامان؟

**بەڕێز باپیر کاملا:**

نەخێر، ئەوە بۆ ئەوەیە گرفتێك ئەبێ، بەرچاو ڕوونی نابێ، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

ئەبێ لە سندوقەکانتان هەبێ، بەڵام خۆتان وەرتان نەگرتبێ، ئێستا ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی کۆپی بکرێ بەسەر هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دابەش بکرێ، لە ڕاستیدا خەلەلێك لە جیهازی فۆتۆکۆپییەکانی پەرلەمان دروست ببوو، درەنگ توانرا هەموو ڕاپۆرتەکان کۆپی بکرێ، بەڵام کۆپی کراوە و خراوەتە ناو سندوقەکانتان، ئێوە وەرتان نەگرتووە، ئەو ناوانەی ئێستا نووسراوە، دوایی ناو ئیزافە ناکرێ، بۆ ئەوەی وەکو جارەکانی پێشوو قسە زۆر دووبارە نەبێتەوە، بۆیە بەپێی ئەم ناوانە ئەڕۆین، دوایی بڕیاری لەسەر ئەدەین، فەرموو بەڕێز یراونت، فەرموو کاك ڕابوون

**بەڕێز ڕابوون معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم مادام ڕاپۆرتەکە هێشتان بەسەر پەرلەمانتارە بەڕێزەکان تەوزیع نەکراوە، ئەو بەندە دوابخرێ بۆ بەندێکی تر، یەعنی جێگۆڕکێی پێ بکرێ بەندی موناقەشە کردنەکە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

بەندەکە دواناخەین، پێم وابێ زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لایانە، ئەوانەی کە لایانە بەندەکە دواناخەین پێموابێ زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لایانە ، ئەوانەی کە لایانە ، لەبەر دەستیانە قسەی خۆیان بکەن ئەوانی تر تەئجیل ئەکەین بۆ دواتر تا ڕاپۆرتەکە ئەگاتە بەردەستیان ، پێموابێ ڕاپۆرتەکەش خوێنرایەوە بۆ بەڕێزتان ، بەڵێ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان :**

لەڕاستیا من ویستم لەسەر کۆی پرۆسەکە قسەبکەم ، بەلاّم تەئیدی بۆ چوونەکەی برای بەڕێز کاك ڕابوون ئەکەم کە ئەم فەقەرەیە بە پێی مادده (٧٢) لە پەیڕەوی ناوخۆ دوابخرێ بڕگەی دووەم موناقەشە بکرێ ، لەبەر ئەوە ڕاپۆرتەکان لەبەردەم بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان نەبووە ، لە ڕاستیا تەبریرێکی قانونیم بۆ بڕگەی (١) لە بەرنامەی کار هەیە ، ئێمە وەکو فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ جەنابتاندا و ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز قەرارمان دا کە حەفتەیەك دەرفەت بدرێتە لایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت و ڕاسپاردن ، دوێنێ لەسەر مەبنای پەرلەمان....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار ئەمە نوقتە نیزام نیە ، نوقتە نیزام لێرە تەواو بوو سەبارەت بەوەی کە باست کرد ، کاك سالار نوقتە نیزام نیە ئەوە هیچ پەیوەندی بە پەیڕەوی ناوخۆ نییە ، کاك سالار ئەتوانی جەنابت بە پەیڕەوی ناوخۆ قسە بکەی ، هیچ بڕگەیەك لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هەیە ، قسەکانی جەنابت بسەلمێنێ کە پێویست ئەکات ئێستا موناقەشەی ئەم پرۆژە یاسایانە بکەین .

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ لەسەر مەبنای جەلسەی پێشوو بڕیارماندا تارۆژی چوارشەمە دەرفەت بدرێ بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بۆ دەست نیشانکردنی کاندیدی خۆی بۆ ڕاسپاردن بۆ کابینەی حکومەت ، بەڵێ ئێمە داوا دەکەین تا سبەینێ مۆڵەتمان هەیە وە کاندیدەکەتان بۆ یەکلا دەکەینەوە لەسەر ئەو مەبنا قانونیە ئەم بڕگەیە دوا بخرێ ، موتەنافیزە لەگەڵ بڕگەی سێیەم کە قسە لەسەر ناونانی سەرۆك و جێگری سەرۆکە هەر لەهەمان بەرنامەی کاردا ، بۆیە ئەمە ئیستینادە بە پەیڕەوی ناوخۆ ئیستینادە بە جەلسەی پێشوو .....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ تەناقوزیەك نییە لەبەردەم ئەوەی ئێمە ئەوڕۆ پرۆژە یاسای هەمووارکردنی سێیەم یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان تاوتوێ بکەین ، وەکو لە جەلسەی پێشووش بڕیارمان داوە چاوەڕێی ئەو تەوافوقە سیاسییە بکەین بۆ پرۆسەی ناونانی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی ، بۆیە هیچ ڕێگریەك لەبەردەم ئەوەیا نییە ، هیچ پەیوەندی بە پەیڕەوی ناوەخۆش نییە ، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من نیزامیە ، یەعنی من نازانم خۆم ڕاپۆرتەکەم وەرنەگرتووە ، ئەگەر هەڵەبم ، ئەگەر ئەندامان وەریان گرتووە حەقی موناقەشە ئەمە شتێکە ، بەڵام ئەگەر وەریان نەگرتبی بەپێی مادده (٧٢) پەیڕەوی ناوخۆ نەسەن ئەڵێ ئەبێ پرۆژە و ڕاپۆرت لەلای ئەندامانی پەرلەمان بێ ، چونکە ئەندامی پەرلەمان کە دێتە هۆڵ خۆی بۆ حازر ئەکا ڕاپۆرتەکە ئەباتەوە مولاحەزەی قانونی خۆی ئەکا ، ئەو کاتە موناقەشەی ئەکا ، یەعنی ڕاپۆرت شتێکی هاکەزایی نیە لەناو هۆڵدا دابەش بکرێ ، بەپێی مادده (٧٢) برگەیەك بەنەس هاتووە ، بۆیە ئەگەر ئەم ڕاپۆرتە نیە لای ئەندامان ، بەڕاستی ئەبێ هەبێتن بۆئەوەی خۆیان بۆ ئامادە بکەن ، خۆ ئەگەر هەیەو من هەڵەمە ئەمە شتێکی ترە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چەند ئەندامی پەرلەمان ڕاپۆرتەکەی لەبەر دەستدایە؟ کەواتە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێوە خۆتان بۆکسەکانی خۆتان نەکردۆتەوە ، چەند کەس لەبەر دەستی دا نیە؟ بیژمێرن...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورن، لەدەقی مادده کەدا برگەی (١) مادده (٧٢) نەهاتووە بڵێ ئەگەر زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان لەبەر دەستیان دا بوو مانای وایە ئامانجەکە هاتۆتە دی ، یەك ئەندامی پەرلەمان ئەمەی وەرنەگرتبێ ئەبێ تەئجیل بکرێ و پێویستە ئەندامانی پەرلەمان وەریبگرن ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ ئەمرۆ بۆکسەکەی خۆت کردۆتەوە؟ دوێنێ بۆکسەکەی خۆت کردۆتەوە؟ من داوا لەکارو باری پەرلەمان ئەکەم بێنە ئێرە ، بزانین بۆچی ڕاپۆرتەکەیان نەخستۆتە بۆکسی ئەندامانی پەرلەمان ، داوا لە نوێنەری کاروبار پەرلەمان ئەکەم ڕوونکردنەوەی خۆیان بدەن لەسەر دابەش کردنی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بەسەر ئەندامانی پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز محمد حسن ڕۆژبەیاتی/ بەڕێوبەری کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان:**

بەڕێزان دوێنێ سەعات ٣ بۆ ٣:٣٠ هەمووومان دابەشکردووە ، لەناو سندوقی ئەندامان هەیەو ئەتوانن هەمووتان بۆخۆتان تەماشای بکەن لەوێدا هەیە ، هیچ نیە لەوێ نەبێ ، ٣:٣٠ دوای نیوەڕۆ ئەورۆ ئێوە بەیانی هاتوونە سندوقی خۆتان نەکردۆتەوە .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەوامی ئێمە سەعات ٥:٣٠ تەواو دەبێ ، کەواتە ئێستا لەناو بۆکسەکانتان دا هەیە ، کاروباری پەرلەمان ڕوونکردنەوەی خۆیدا ، ئێستا ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان ئەوەی کە ڕاپۆرتەکەی لەبەر دەست دایە ئەتوانێت قسەکانی خۆی بکا ، کەسێ ڕاپۆرتی لەبەر دەست دانیە ئەتوانێ قسەکانی خۆی دوا بخا تا

ڕاپۆرتەکـە ئەگاتـە بـەر دەسـتی ، دوێنـێ خراوەتـە بەردەسـتان زۆربـەی ئەنـدامانی پەرلـەمان ئێـستا لەبەردەمیاندایـە وەریـانگرتووە ، کـە دابـەش ئـەکرێ بەسـەر هـەموو بۆکسەکاندا دابـەش ئـەکرێ ، بـەس بەتەنها بەسەر بۆکسێك هەندێ دابەش نـاکرێ ئـەوی تـر بمینێتـەوە ، دەست دەکـەین بـە گفتوگـۆ ، بـەڕێز پراونت فەرموو.

**بەڕێز پراونت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن لەگەڵم ئەو تەکلیفێ حکومەت نەبت و رەئیس وزەرا بێ (تشکیل وزراة)، بەس نوقتـەی دووەم لەگـەڵ مامۆستام ( تشكيل خلال مدة ) ٣٠ ی ڕۆژ ( خلال فترة ٣٠ يوم ) ئەگەر نەبوو فتعاد او ( تعازيل ليس لنفس القائمه ) قائیمەکی دی لەگەڵ بوو ، مامۆشتا ئـەز لەگـەڵ نوقتـە دووەمـم ( اذا لم يـستطع رئـيس الـوزراء المكلف بتـشكيل الحكومـة و الحصول علـى ثقـة البرلـان فـى مـدة محـددة فتعـاد) ئـەو ((فتعاد)) لە تەغیر کردن (ليس في نفس القائمة) قائمەی دووەم بیت ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو منی فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕاپۆرتی یاسا لە ڕاستیدا من وەکو ئەندام لە لیژنەی یاسادا ، تەنها پێشنیازێکم هەیە ،سەبارەت بە پێکهێنانی وەزارەت لەماوەیەك دا کە لە ٣٠ ڕۆژ تێپەڕ نەکات ئەوە خۆی لە خۆیدا لەو ڕۆژانەدا بە چڕو پڕی هەموو هـەنگاوەکان زیـاتر بـوو بـۆ پێکهێنـانی حکومـەت ، بۆیـە مـافی خۆیـەتی سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیران ڕاسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت ، بەڵام لەماوەی ٣٠ ڕۆژدا یانی مانای ئەوە نیـە ئـیلا ٣٠ ڕۆژی خـۆی تـەواو بکـات ئینجـا دەتـوانێ بـە حەفتەیـەك یـاخود بـە ١٠ ڕۆژی تـریش تـەواوی بکـاتن ، چـونکە هاووڵاتیـانی هـەولێر وە بەتایبـەتی جـەماوەری خـەڵکی کوردسـتان زۆر چاوەڕێ بـوون بـۆ ئـەو پێکهێنـانی حکومەتە ، ئێمە دەبێ بەرژەوەندی گشتیی بخەینە پێش بەرژەوەندیە تایبەتیەوە ، بۆیە من داوادەکەم لـە ٣٠ ڕۆژ کەم تریش بکرێتن ئەو حکومەتە پێکبێتن ، بۆئـەوەی هـەموو کاروبارەکـان بـەڕێك و پێکـی ئـەنجام بـدرێتن ، هاووڵاتیـانی کوردسـتان دڵ فراوانـی وەربگـرن کـەوا ئێمـە بـە پرۆسـەی دیموکراسـیەوە وە بـە ڕێکەوتنی هەموو لایەنە سیاسیەکانەوە کەوا یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش لە ڕۆژانی داهاتوودا کاندیدی خۆی ڕادەسپێری بـۆ جێگـری سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران ، بـەڵام بـە گـوێرەی پـرۆژە یاسادا مـن سـورم لەسـەر ئـەوەی کـەوا سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران ڕاسـپێردرێت بـۆ پێکهێنـانی وەزارەت ، ئـەوەش مـافی خۆمانە ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان**

گەشە خان فەرمووو نوقتە نیزامی.

**بەڕێز گەشە دارا جەلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من ڕەخنەم لە بەڕێزتان هەیە ، سەبارەت بەوەی کە ئەندامی پەرلەمان متمانەی نەبێ فەرمانبەرێکی بەڕێز ڕوونکردنەوە ئەدا کە لەمەشا پێشلکردنی پەیڕەوی ناوخۆیە ، لەناو هۆڵی پەرلەماندا هیچ فەرمانبەرێك قسەناکات ، وە ئێستا من چوومەوە بۆ تەکید کردنەوە لەناو بۆکسەکەما جارێکی تر سەیرمکردەوە ئەو ڕاپۆرتە ئامادە نیە ، بۆیە موناقەشە کردنی ئەم بابەتە بە نایاسایی ئەزانم ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز گەشە خان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ سەرۆکایەتی مولزەمە ڕاپۆرتەکە بخاتە بەر دەست ئەندامان ، هیچ کاتێك تەحدید نەکراوە بۆئەوەی ڕاپۆرتەکە بخاتە بەردەست ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ، ئێستاش ڕاپۆرتەکە لەبەر دەستاندایە ، سێ ماددەیە پێموابێ هیچ ئیشکالێکی ئەوەنە گەورەی تیانیە ، ئێستاش ئەتوانن سەیری بکەن ، بیخوێننەوە ، ڕاستە متمانەمان بە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەیە ، بەلاًم متمانەمان بەو ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستانیش هەیە کە ڕاپۆرتەکەیان ئێستا لەبەر دەستە ، بەڵێ ، فەرموو مامۆستا مەولود.

**بەڕێز مولود مراد محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینیەك عەرز ئەکەم ، یەکەم هەر وە کو خاتوو ڤالا خان خۆی وتی مەسەلەی دووبارە کردنەوەی دەستەواژەی سەرۆکی هەرێم ئەگەر موخل نەبێ موفیدیش نیە ، لەگەڵ ئەوە سەرەتای ماددەکە دووبارەکردنەوەی تیکرارە ، دووهەم یەعنی وشەی حکومەتمان لابرد ، باشمان کردووە ، بەلاًم وشەی وەزارەتیش بەتەنها خۆی ڕەنگە کابینەی وەزارەت ، دەستەی وەزارەت ، هەیئەی وەزارەت شتێکی ئاوای لە پێش بێت ، چونکە وەزارەت بە من زۆر مانا نادا ، لە کۆتایی بڕگەکە پێم باشە لەماوەیەك کە لە ٣٠ ڕۆژ تێپەڕ نەکات ، تکائەکەم ئینشائەکەشی باش کەن تێپەڕنەکات ئاوا خراپە ، بەلاًم بەهەر حاڵ لە ٣٠ ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە بەرواری فەرمانی ڕاسپاردنییەوە ، پێشنیار ئەکەم ئەوە بۆ فەقەرەکە ئیزافە بکرێ( لە بەرواری فەرمانی ڕاسپاردنیەوە ) ، خاڵی چوارەم ئەوەیە ٣٠ بە سی بنووسرێ واتە بە ڕەقەم نووسراوە بە نووسینیش بنوسرێ (س ، ی) چونکە گیاندارێك شتێکی لێبکا تێك دەچێ ، لەخاڵی دووەم کە وتراوە هیچ مولاحەزە نیە ، منیش ئەو مولاحەزەیەم هەیە کە (بۆ ڕاسپێراوێکی نوێ) یانی ئەوە ئیزافە بکرێ بە ماددەکە کە جارێکی تر نووسراوە سەر لە نوێ ، ئەوا سەر لە نوێ ئەوەندەی بڕگەکە خراپ ئینشا ئەکەین بزانە نازانین سەر لە کوێ نوێ لە کوێ ، بە هەر حاڵ من ئەوە عەرز ئەکەم ئەوا سەر لە نوێ پڕۆسەی ناونان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدرێ بۆ کێ؟ بۆ ڕاسپێراوێکی تر کە ئەوە باشە ئیزافە بکرێ

، ئەگەر قەناعەتیشمان وایە هەر بۆ ئەو بێ بنووسین بۆ هەمان ڕاسپێراو ، واتە لە خاڵی دووەما بۆ ڕاسپێراوێکی تری پێویستە ، سوپاس بۆ جەنابتان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا مەڕوان فەرمووو

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر ئەو تێبینیەم هەیە ئەو وشەی حکومەتەکە هەر وەکو خۆی بمینێتەوە ، لە جیاتی وەزارەت ، چونکە حکومەتەکە شمولی ترە لەوەزارەت ، ئێمە چەندان وەزارەتمان هەن ، بەڵام یەك حکومەت تەشکیل دەکرێتن چەندان وەزارەت لە خۆ دەگرێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕابوون فەرمووو

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو هۆکارەوە ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان پشتگیری دەکەین لە ئەم تەعدیلکردنە لەو یاسایەدا ، ئێمە ئاگادارین کە لە هەندێ ناوەندی ڕاگەیاندنەوە تەفسیری تری خراپی بۆ کراوە ، تەفسیری هەڵوێستەکەی ئێمە ، ئەگەر فرسەتم بدەن یەك بەشی کورت لە ئەندامێکی بەڕێزی فراکسیۆنی خۆمان لە خولی پێشوودا باسی دەکەم کاتێك بەڕێز دکتۆر بەرهەم احمد صالح لەگەڵ جێگرەکەیدا ڕاسپێردراو هەم لێرە ناویان دراوە بۆ پێکهێنانی حکومەت ، ئەوسا بەڕێز دکتۆر بەرهەم احمد صالح خۆتان دەزانن یەکێکە لە سەرکردە هەرە ناسراوەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان .....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقە بە ئیجازەت. فەرمووو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە یەعنی تکا دەکەم دەستەی سەرۆکایەتی بێ لایەنی خۆی بپارێزێ ، ئیش و کاری پەرلەمان چۆنە بە پەیڕەوی ناوخۆ مولزەم بێ ، ئێمە ئەڵێین هاتووینە سەر گفتوگۆ پرۆژە یاساکە ماددەی یەکەم خوێندرایتەوە ، ڕەئی لیژنەی یاسایی خوێندراوەتەوە ، ئەندامێکی تری بەڕێزیش دەرچوو لە موناقەشەکە لەوێش هەر دەستم هەڵبڕی ، ماددەکە پێمان باشە دوو برگە بێ یەك برگەبێ ، حکومەتی تیابێ ، وەزارەتی تیابێ ، لیستی یەکەم بێ ، لیستی دووەم بێ ئەمە حەقی ئەندامە ، ئەمەکەی تر بە ڕاستی لە موناقەشە حەقی ئەندام نییە ، ئەم دەرگایە بکەنەوە دواتر سەرۆکایەتی خۆتان جەلسەکەتان پێ زەبت ناکرێ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتە نیزامێکی تەواوە ، جەنابت ئەتوانی ئەو بیرو بۆچوونەی کە هەتە هی فڕاکسیۆنی گۆڕان و لە خولی پێشوو دوایی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕابگەینی لە دەرەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمان ، فەرموو بەردەوام بە،

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

بەڵێ مەوقیفی ئێمە ، هەڵوێستی ئێمە ئەوەیە کە بە هەڵوێستی ئێمە سەبارەت بەوەی کەئەو یاسایە تەعدیل بکرێتەوە کە پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی کوردستانەوە هەیە ، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە لە ئەسباب موجیبەی قانونەکەش دا هاتووە ، کە ئاساری دوو ئیدارەیی لە کەردستان نەهێڵدرێت ، ئەم یاسایە بەلامانەوە زۆر جدیە ، پێویستە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەنگی بۆبدەن ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سۆران عمر

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی خاڵی یەکەم لەگەڵ ئەوەدام کە وشەی حکومەت بگۆردرێ بە وەزارەت مـن لەگـەڵ ئـەوەدام بکـرێ بـە کابینـەی حکومـەت ، سـەبارەت بـە ئـەو دەقـەی کـە دەڵـێ بـەم شـێوەیە بخوێندرێتـەوە لـە ماددەی یـەك پـاش ناونـانی لـە لایـەن پەرلـەمانی کوردسـتانەوە ، کاندیـدی نـاونراو ڕاسپێردرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت ، سەبارەت بە ماددەی دووەم لەگەڵ قسەکەی مامۆستا مەولودم ئـاوای لێبکـرێ ، سـەر لـە نـوێ پرۆسـەی ناونـان لەلایـەن پەرلـەمانی کوردسـتانەوە ئـەنجام دەدرێ ، ئـەنجام دانەکە بۆ لیستی براوەی پاش ئەوە بێ کە نەیتوانیوە لەماوەی دیاری کراو کابینەکەی پێکبهێنێ ، سوپاس

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانـەمان پێویـستی بـە ڕوونکردنەوەیـەك هەیـە سـەبارەت بـە ئـەوەی لیـستی یەکـەم و لیـستی دووەم لەهـەرێمی کوردسـتان پـەپێی یاسـای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی کوردسـتان ، بـە پێـی پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان و یاسای سەرۆکایەتی هەرێمیش زۆرینە لەبەرچاو گیراوە ، ئێمە دوو سیستەمان هەیە بـۆ ڕاسـپاردنی حکومـەت ، سیـستمی زۆرینـە بـۆ ئـەوەی زۆرینـەی پەرلـەمانی یـەکێك تـەکلیف ئـەکا بـە تەشکیلکردنی حکومەت یـان وەکو ئـەوەی کـە لـە بەغدا پـەیڕەو ئـەکرێ سـەرۆکی کۆمـار نوێنـەری لیـستی زۆرینەی یەکەم ڕائەسپێرێ بۆ تەشکیلی حکومـەت ، لیـستی یەکـەم لـە مـەجلس نـەوابی عیراقـی ، ئەگـەر لیستی یەکەم ڕابسپێردرێ ئەوا ئەو داواکارییەی ئێوەش ئەو کاتە ڕەوا ئەبێ بەوەی کە ئەگەر لیستی یەکەم نەیتوانی حکومەت دروست بکا ، لیستی دووەم حکومەت دروستکا ، بـەلام لـە هـەرێمی کوردسـتان سیـستمی پـالێوراوی زۆرینـە ڕەچـاو ئـەکرێ کـە پێموابێـت سیـستمێکی باشـترە زۆرینـەی پەرلـەمانی پـالێوراوبێ بـۆ سەرۆك وەزیران ، ئەگەر ئەو کەسە نەیتوانی متمانە بە دەست بێنـێ ئەوکاتـە ئـەتوانین ئـەو ئیقتراحانـەی کـە ئێـوە کردتـان سـەبارەت بـەوەی کەسـێکی تـر یـان هـەمان کـەس ڕابـسپێردرێتەوە بـەلام لـە پەرلـەمانی

کوردستانەوە جارێکی تر پرۆسەی ناونان ئەنجام بدرێ ، هەر وەکو تەوزیحێك لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەی زیاترتان هەبوو ، بەڵام بۆ مولاحەزەکانتان نانووسن دوای قسەکردنی هەموو ئەندامان بەیەکجار ملاحەزەکانتان بڵێن. فەرمووە.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك مولاحەزە هەیە لەسەر ئاخافتنێ هەمی هەڤاڵێ پەرلەمانتار کو لێتێکچوونەك هەی لناڤ بەینا ڕاپۆرتا لیژنەی یاسایی وە پڕۆژەی پێشنیار کری ، ڕاپۆرتا لیژنە یاسایی دا بڕگە دووێ مادده یەکێ هاتیا لادان ئەڤە دوو برادەرە گۆتی مادده دووێ ، مادده دووێ نینە لە ڕاپۆرتا لیژنە یاسایی دا بێژیتن دێ ئیتە توعاد کرنێ یەعنی نازناڤکرن دێتە دووبارە کرنێ ، رجایێ دکەین کو بەرچاڤبوون ئەو بڕگە هاتیە لادان ڕاپۆرتێدا نێنە دووبارە کرن ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی ئەو بڕگەیان لاداوە کە دوایی هاتینە سەر موناقەشەی پڕۆژە یاساکە کە پێشنیار کراوە ئەو کاتە ئەتوانن ئەو مولاحەزانەی خۆتان بڵێن ، فەرموو کاك انور.

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر وشەی حکومەت بگۆڕدرێ بۆ وەزارەت ، کە دواتریش وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسایی ئەم تێبینیەم هەبوو ، پێموایە چ لە رووی مەنتیق ، چ لە رووی یاسایی ، چ لە رووی زمانەوانیشەوە هەڵەیە ، ئەگەر وشەی حکومەت لێرەدا تەرجومە کراوە بۆ مەجلیسی وزەرا یان ئەنجومەنی وەزیران وشەی وەزارەت ئەمە ناگەیەنێ بۆیە پێشنیار دەکەم یان بکرێت بە ئەنجومەنی وەزیران یان کۆی وەزارەتەکان ، وەزارەتێك تەنها مانای هەموو ئەنجومەنی وەزیران ناگەیەنێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك باپیر

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی وەڵامێکی دایەوە کە وەڵامەکە ئەوەبوو بنەمای گفتوگۆمان لەسەر ڕاپۆرتەکی لیژنەی یاساییە ، بڕگەی دووەمیان لادابێت من شتێکم نیە لەسەر بڕگەی دووەم قسەم هەبوو مادام بڕگەی دووەمیان پێویست نییە موناقەشەی لەسەر بکەین ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شکریە خان فەرموو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری هەمواركردنی ئەم یاسایە دەكەم ، پێویستییەكی حەتمیە بۆ ئەم قۆناغە ، بە پێویستیشی دەزانم داوا لە سەرۆكی وەزیران بكرێتن كە زۆر بەپەلە ، كابینەی حكومەتەكەی پێكبهێنێ وە من پێشنیاری ئەوەش دەكەم كە وشەی وەزارەت بگۆڕێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێمخۆشە پێش ئەوەی سەرنجەكەی خۆم بڵێم سەبارەت بە بڕگەی (١) لە ماددەی (١) ،

بە بەڕێزتان ڕابگەینم پێشس ٢٧ ساڵ لە شاری هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور ڕاپەڕینێكیان دژ بە ڕژێمی بەعس .....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر ئەمە پەیوەندی بەم تەوەرەوە نییە .

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێمخۆشە بەیان نامایەك هەڵوێستێكی پەرلەمان هەبێ ، سەبارەت بە ماددەی (١) ئاوا هاتووە لە دەست كاریەكەی لیژنەی یاسایی پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە سەرۆكی هەرێم سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ڕادەسپێرێت ، ئەمە هەڵەیە پێویستە كاندیدێك ڕاسپێرێت لە لایەن براوەی زۆرینە ، نابێ بڵێی سەرۆكی وەزیران ، چونكە سەرۆكی وەزیران نییە ....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر ناونان كراوە لەپەرلەمانی كوردستان ئەڕواتە لای سەرۆكی هەرێم ، سەرۆكی هەرێم رای ئەسپێرێت ، لەپەرلەمانی كوردستانەوە رای ئەسپێرێ....

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخر نەبوویتە سەرۆكی وەزیران تا متمانە وەرنەگرێ ، ئەبێ كەسێك ڕابسپێرێ بۆ پێكهێنانی كابینە....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باش ، مولاحەزەكەت وەر ئەگرین...

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئینجا پێکنەهێنراوە ، ببوورە ، با قسەکەم تەواو بکەم ، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕادەسپێرێت بلێ کاندیدێك لە لیستی براوە ڕادەسپێردرێت بۆ پێك هێنانی وەزارەت ، بۆ پێکهێنانیش نییە بۆ پێشکەشکردنی کابینەکەی ، پشتگیری ئەو برادەرانەش ئەکەم کە ئەڵێ وشەی وەزارەتەکە ببێتە کابینەی وزاری ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکانم مامۆستا مولودو مامۆستا سۆران عمر وتیان دووبارەی ناکەمەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کەژاڵ هادی

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم بەرێز مامۆستا مولودو مامۆستا سۆران وتیان پشتگیری رایەکەی ئەوان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز امینە زکری فەرموو.

**بەڕێز امینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند تێبینیەك من هەی ، پشتگیریا رەئیا بەڕێز عمر عینایەتی دکەم چونکی ڤێ سەرۆکێ ئەنجومەنێ وەزیران نینە حەتا باوەریا و پشتێ ڕسپاردنا وی تەکلیف ل سەرۆکێ هەرێمێ ڤە نەهێتە کرن باوەریدانێ پەرلەمان نەهێتە دان نابیتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، هەروەسا یاسایێ گرێدایێ سەرۆکایەتیا هەرێمێ ڤە ، ژبەر هەندێ ئێکی ڕاستە ئەم بێژین ڕاسپاردنا پالێوراوێت فراکسیۆنا زۆرینە پاش ناڤهینانە ژ لای پەرلەمانێ کوردستانێ بۆ پێکئینانە وەزارەتێ ماوەیەکیدا کو ٤٥ ڕۆژیدا تێپەڕ نەکات ، ٤٥ ڕۆژ بۆچی؟ ئەگەر سەحکەینێ دەقێ پرۆژەیێ دستوریدا ماوەی ٤٥ ڕۆژیدا دیارکرین ، دیتنامن پێتڤیە هەمائاهەنگیا گەل وی پرۆژەیە هەبیت ڕێکخستنەوە بێتە کرن ، دەربارەی برگا دووێ ژی دیسان پەسندا ئاخافتنێ کاك مەولود باوە مراد دکەم ، ئەگەر کاندیدێ ڕاسپێردراو ماوەی دیار کری نەشیا وەزارەت پێك بینی ، ئەوا سەر ژنی ڕاسپاردنا پالێوراوێکی دی هەمان فراکسیۆنێ زۆرینە بۆ پێکئینانە وەزارەتێ ئەنجام بهێتە دان ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد خۆشناو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشگیری پێشنیارەکەی کاك عمر عینایەت دەکەم، لەبەر ئەوەی هەتا متمانە وەرنەگرێت سەرۆك وەزیران نیە، واتە پالێوراو لە جیاتی کاندید وشەی پالێوراو لەوێندەر بەکاربێتن هەتا متمانە وەردەگرێ دەبێتە سەرۆك وەزیران، لە بڕگەی پێنجەمدا سەبارەت بە هۆکاری دەرچوونی یاساکە، کە دەڵێ پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە دابڕێژرێت بە مەبەستی گونجان لەگەڵ سیستەمی سیاسی و دیموکراتی ئەم یاسایە دەرچووێندرا، لێرەدا دەبێ پەرلەمانیەکەش ئەگەر لە بۆی زیاد بکرێت، سیستەمی سیاسی و دیموکراتی و پەرلەمانی، یان سیستەمی پەرلەمانی و سیاسی و دیموکراتی، پەرلەمانیەکەی بۆ زیاد بکرێت جوانتر دەبێتن، پشتگیری قسەکانی امینە خانیش دەکەم کە بەڵێ دەبێ تەواوی ماددەکانی گونجاو بێ لەگەڵ پڕۆژە یاسای دستوری هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جمال مورتکە فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان کارسول (جمال مورتکە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله قسەکان تەقریبەن ئینسان هەر تیکرار دەکاتەوە برادەران، بزەبت تێبینیەکانی کاك عمر و کاك ئومێد و امینە خان و برادەرانی تر، سیغەکە خۆی دەڵێ پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، ئەوە سیغەیە یان وەکو هەڤالان باسیان کرد یان پاش پێشنیار کردنی کوتلەی زۆرینە لە پەرلەمانی کوردستان بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، یانیش پاش وەکو بلێی دەست نیشان کردنی کاندیدی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان یان سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چونکە لێرە نووسرایە پاشان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان بۆ کێ؟ دەبێ ئەوە روون بکرێتەوە، باشترە سیاغەکەی دابڕێژرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەیار.

**بەڕێز بەیار طاهر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی تەئیدا ئاخفتنێت کاك جمال دکەم، بە دیتنا من دەقێ بڕگەی (١٢) ماددەی (١٠) کرمانجی ئەز دبێژم پاشیت وی بە عەرەبی، راسپاردنا کاندیدێت فراکسیۆنا پتریا کورسیان بە دەست ڤە هینابیتن بۆ پێکهینانە

جڤاتا وەزیران ژ دەمێ (١٥) رۆژا ژ روونیشتنا ئێکێ، یان عەرەبیەکە بێژین ئیحتیمالە ئەو وازحتر بیتن (تكليف مرشح الكتلة النيابية الاكثر عددا بتشكيل مجلس الوزراء خلال مدة خمسة عشر يوما من القاء جلسة الاولى)، دیتنا من ئەڤە دێ گەلەك دەقیقتر بیتن، چونکە تەسمیا سەرۆکی وەزیرا پشتی ژ لایی پەرلەمانی ڤە بە دیتنا من وزوح تێدا نینە و ئەڤ دەقە دێ گەلەك وەزاحتربی، فەقەرا (٢) کەندیدێ سەرۆکا جڤاتا وەزیران دەمێ سی رۆژان پشت راسپاردنێ دڤێت کاندیدێت وەزارەتا خۆ دیار بکەت، سوپاس بۆ هەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سراج احمد فەرموو.

**بەڕێز سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ لە سەرەنج و تێبینیەکانم گوتران، بەڵام ئەوەی ماوە من پێشنیار دەکەم ئەوەیە کەوا ئەم ماددەیە نافیز بکرێ لە رۆژی دەرچوونی لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە، نەك لە رۆژی نەشرکردنی لە واقائیعدا...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە راپۆرتەکەیە مامۆستا ئێمە جارێ موناقەشەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەکەین، ئەو مەوزوعەی تیدا نەهاتووە، ئەوە دوایی کە باسی پڕۆژە یاساکە دەکەین، بەڕێز فرحان جوهر فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری مانەوەی وشەی وەزارەت لە پڕۆژە یاسای لیژنەی یاسایی دەکەم، لەبەر ئەوەی لە رووی قانونی و مێژوویەکەی وەزارەت تەواوە، تکایە با نەیکەینە مەسەلەیەکی سیاسی ئەوە یاساییە، وەزارەت لە تاریخی وەزاراتی عیراقیش هاتووە، دەڵێ وزارەی نوری سعید، وزارەی مەدفعی، وزارەی هاشمی، وزارەی فلان، ئەمە شتێکی زۆر قانونی و زۆر تەواوە، حکومەت شتێکی زۆر شمولی گەورەترە دەسەڵاتەکانی تریش دەگرێتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم برادەران دەنگی بۆ بدەن وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەو وشەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دلێر مصطفى فەرموو.

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك مولود هەندێك لە تێبینیەکانی منی وت، بەڵام بە گشتی من سەرەنجم هەبوو ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئاساری دوو ئیدارەیی نەهێڵین، بەڵام لەم کۆبوونەوەیە تەسهیلات کەم کرا بۆ پێکهێنانی هێزە سیاسیەکان،

هەم خرایە خاڵی یەکەمەوە، هەم لە بڕگەی یەکەمیش دانرا، دەبووایە ئەو تێبینیە لەسەر کۆبوونەوەکەی پێشوو باشتر.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسمان کرد ئەو هاو کاتە لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ، هیچ ناکۆك نییە لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ، فەرموو بەڕێز خلف احمد.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەندێك لە قسەکانم کاك عمر عینایەت و کاك ئومێد خۆشناو کردیان، ئەوەی پەیوەندی بە خاڵی پێنجەمەوە هەیە سەبارەت بە هۆکاری دەرچوونی یاساکە، پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە دابڕێژرێت، بە مەبەستی گونجاندن لەگەڵ سیستەمی سیاسی و دیموکراتی پێشنیار دەکەم پەرلەمانی بۆ زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راپۆرتەکە موناقشە دەکرێ دوایی ماددە بە ماددەی پڕۆژە یاساکەش موناقەشە دەکرێ، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی راپۆرتی مەعنی خوێندرایەوە، پڕۆژە یاساکە خوێندرایەوە، هەموو ئەندامانی پەرلەمانی حەقی خۆیانە قسە لەسەر پڕۆژە یاساکەش بکەن و قسە لەسەر ماددەی یەکەمی، یەعنی رەئی یەکەمی....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ماددە بە ماددە دەخرێتە گفتوگۆ کاك گۆران؟

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، لیژنەی قانونیش بکەن یان دواتر لیژنەی قانونی ئەو رەئیانەی مەعقولی ئەندامان وەریدەگری ئیزافەی دەکات بۆ راپۆرتەکە، ئەگەر نا وەڵامی خۆی دەبێ و دواتر رەئیەکان دەخرێتە دەنگدانەوە بۆ موناقەشەکردن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام لە پێشدا ئێستا راپۆرت موناقەشە دەکەین، دوایی ماددە بە ماددەی پڕۆژە یاساکە دەخەینە گفتوگۆ ئەو کات دەنگدانی لەسەر دەکەین، با من ماددەکە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بۆ بخوێنمەوە بەڕێز امینە زکری، ماددەی (٧٢) بڕگەی (٣):

(پەرلەمان دەست دەكات بە گفتوگۆكردنی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی كاروباری یاسایی، دەربارەی پڕۆژە یاسا پێشنیار كراوەكە، ئینجا دەست دەكرێت بە گفتوگۆكردنی پرەنسیپەكانی و لە كاتی بڕیاردان لەسەریدا دەچینە سەر گفتوگۆكردنی ماددەكانی پێشنیاركراو و دەنگدان لەسەریدا ماددە بە ماددە)

بۆیە لە پێشدا راپۆرتی لیژنەی پەیوەندیدار و لیژنەی یاسایی تاوتوێ دەكرێ، بڕیاری لەسەر دەدرێ، ئەوەی كە پێویستی بە هەمواركردن هەیە لە راپۆرتەكە پێویست دەكات لیژنەی یاسایی لەبەر چاوی بگرێ، با بزانین رەئی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان و دوایی پڕۆژە یاساكە ماددە بە ماددە دەخرێتە گفتوگۆ، كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راستیدا بۆ دەرباز بوون لەم حاڵەتە حەقە لە ئێستا بە دواوە بكرێتە بنەما، راپۆرتی لیژنەی یاسایی بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی راپۆرتەكە موناقەشە بكرێت كە بێتە سەر ماددەكانی قانونەكە تەتروق دەكات بۆ مەسەلەیەكی جانبی تر، چونكە هەموو مەبەستەكە لە راپۆرتی لیژنەی قانونیدا چڕ دەكرێتەوە بۆ هاوكاری كردنی ئەندامانی پەرلەمانیش، كە مەبەست لە هەمواركردنی پڕۆژە یاساكە بۆ چیە یان ئەگەر یاسایەك یان بڕیارێك بمانەوێ دەر بچووێنین، بۆیە كە لە ماددەی (٧٢)ی پەیڕەوویشدا قسە لەسەر پرەنسیپەكان دەكات، بە تەسەوری من ئەگەر ئێستاش پڕۆژە راپۆرتەكەی لیژنەی یاسایی نەخرێتە دەنگدانەوە بۆ بەرنامەی كاری داهاتوو هەم ئاسان ترە بۆ سەرۆكایەتی و لیژنەی مەعنی و، بۆ پەرلەمانتارانیش كە بە تەحدید بتوانن باسەكانیان چڕ بكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ئەمڕۆش دەتوانین بیخەینە دەنگدانەوە كاك سالار، گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جەلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەمە ئەوەی كە موتەبەع بووە پێشتر، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆش یان پڕۆژە یاساكە دەكرێتە ئەساسی موناقەشە و ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی پەیوەندیدار بەراوردیان كردووە سەرەنج و تێبینی خۆیان نووسیە و موناقەشەی دەكەن، ماددە بە ماددە و بڕگە بە بڕگە، یاخود پڕۆژەكە ناكرێتە بنەما دەنگدانی لەسەر دەكرێ لە ناو هۆڵدا كە راپۆرتی لیژنەی مەعنی بكرێتە بنەما بۆ موناقەشە، بۆیە ئەگەر ئێمە دووجار هەمووی موناقەشە بكەینەوە ئەمە كاتێكی زۆر دەڕوا، رەنگە زۆر كاری دیكە بكەین لە پەرلەمان لەم ماوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانین کە ئێستا راپۆرتی لیژنەی یاساییمان موناقەشەکرد، زۆرێك لەو بڕگانەی کە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی هەمواردەکرێت دەنگی لەسەر دەدرێت، ئیتر ئەو کاتە دەنگی لەسەر نادەینەوە، بۆ نموونە ئێستا داوای ئەوە کراوە کە لە یاساکەدا نوقتەی دوو بمێنێ، لە یاساکەدا بڕگەی دووەم بمێنێ لە ماددەی یەك ئەگەر ئەمە دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی بە دەستهێنا ئەو کاتە لە موناقەشەی ماددەکانی تریش هەر وا دەبێ، دەشتوانین راپۆرتی لیژنەی یاسایی بخەینە دەنگدانەوە ئەگەر نەکرا بە ئەساسی کۆبوونەوەکە بڕۆینە موناقەشەی ماددە بە ماددەی پڕۆژە یاساکە، با ئێستا وتوێژەکە تەواو بکەین، بەڕێز د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕام لەگەڵ ئەوەی وشەی وەزارەت ئەگەر لوغەوی سەیر بکەین (مفرد)ە، یەعنی ئەنجومەنی وەزارەت، ئەنجومەنی وەزیران، یەعنی ناحیەی لوغەوی کامل نییە، حکومەت بگۆڕیت بە وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو مولاحەزانەی هەمبوو برادەران هەموویان وت، بەڵام من یەك شتی بچکۆڵەم هەیە وەکو گلەیی وەکو هەڤاڵان باسیان کرد، بەراستی ئەوە دووجارە ئێمە لەسەر هەندێك پرەنسیپ دەنگ دەدەین یان ئیمزا دەکەین دوایی پێچەوانەی ئەو شتە دەبینینەوە...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا ئەمە دووبارەیە، باسمان کرد، هیچ ناکۆك نییە کاك زانا؟

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵام ئەوە گرفتە بۆ ئیشی پەرلەمانتاری، ئێمە جاری پێشوو دەنگمان دا کە فرسەت....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ ناکۆك نییە لەگەڵ ئەوەی پێشوو، بە یارمەتی، ئەوەی پێشوو دەنگدان بووە لەسەر ئەوەی ناونانی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت، یەك حەفتە دوابخرێت بۆ ئەوەی دەرفەت بدرێ لایەنە سیاسیەکان تەوافوق بکەن، ئێستاش ئەوە لە جەدوەلی ئیعمال دایە، هەر کاتێك هاتینە سەر ئەوە جەنابت دەتوانی باسی ئەوە بکەی کە ئەوە حەفتەیە درێژە بکێشێ، بۆیە ئێستا هیچ ناکۆك نییە لەبەردەم ئەوەی لە حەفتەی پێشوو دەنگمان لەسەر ئەوە نەداوە کە هیچ پڕۆژە یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستان موناقەشە

نەکەین، کاك زانا حەفتەی پێشوو دەنگدانمان لەسەر ئەوە نەکردووە کە هیچ پڕۆژە یاسایەك لە پەرلەمان موناقەشە نەکەین هەتاوەکو ناونان دەکرێ، هەموو مەسارەکان وەکو خۆی دەڕوات لەو بڕگەیەش کە سەبارەت بە ناونانی سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەتە بەڕێزتان دەتوانن رەئی خۆتان دەربڕن، شتێکی تر هەیە؟ کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، هەر لەسەر خاڵی پێنجەم لەگەڵ رەئی کاك ئومێد خۆشناو و کاك خلفم، مەسەلەی لەگەڵ سیستەمی سیاسی و دیموکراتی و پەرلەمانی ئەم یاسایە دەرچووێندرا، پەرلەمانی بۆ زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابو کاروان فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم من پێموایە وشەی حکومەت بکرێتە کابینەی حکومەت، لەبەر ئەوەی حکومەت بەردەوامی هەیە، بەڵام کابینە گۆڕانکاری بەسەردێت و دەگۆڕدرێت، دووەم لەگەڵ ئەو رەئیەی کاك عمر عینایەتم لەسەر ناونانەکە، سێیەم شت ئەلێرە بە مەبەستی گونجاندن من پێموایە ئەم بە مەبەستی گونجاندن لابرێت، لەبەر ئەوەی ئەمە شتێك پیشان دەدات کە پێشتر نەگونجاوین لەگەڵ ئەو مەسەلەیە، بۆیە هەر بکرێتە لەبەر ئەوەی لە کوردستاندا سیستەمی سیاسی و دیموکراتی وەکو برادەرانیش وتیان لەگەڵ ئەو رەئیەم پەرلەمانی بۆ زیاد بکرێت ئەم یاسایە دەرچووێندرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی یاسایی بۆ هەموارکردنی پڕۆژە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، دیارە لە زانستی سیاسیدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەندێ وڵاتان بە حکومەت ناو دەبرێت، لە هەندێ وڵاتی تردا بە ئەنجومەنی وەزیران ناو دەبرێت، لە هەندێ وڵاتی تریش بە وەزارەت ناو دەبرێت، یەعنی ناو بردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن گرنگ گەیاندنی مەفهومەکەیە، لیژنە لە راپۆرتەکەدا پێشنیاری ئەوەی کردووە کە دەسەڵاتی تەنفیزی بە وەزارەت ناو ببرێت، من پێم باشە کە بە کابینەی حکومەت ناو ببرێت، لە راستیدا بەو شێوەیەش کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە دەڵێ بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە کە بڕگەی یەکەم لە ماددەی یەکەم دەستکاری کردووە، من پێشنیار دەکەم کە شتێکی بۆ ئیزافە بکرێت پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە سەرۆکی هەرێم پاڵێوراو بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رادەسپێرێ کە

پالێوراوی زۆرینەی پەرلەمانی بێت بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت، لە ماوەیەك کە لە (٣٠) رۆژ تێپەڕ نەکات، بەم شێوەیە دەقە پێشنیارکراوەکە دابڕێژرێتەوە، هەروەها من لەگەڵ لابردنی بڕگەی دووەم نیم لە ماددەی یەکەم، چونکە مادام ئێمە کاتمان دەست نیشان کردووە بۆ ئەوەی کە پالێوراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەو ماوە دیاری کراوەدا کابینەکە پێك بهێنێ، دەکرێ بڕگەی دووەم بمێنێتەوە لە ماددەی یەکەمدا بۆ ئەوەی کە ئەگەر پالێوراوەکە لەو ماوەیەی کە بۆی دیاری کراوە کە دەبێ بە قانون سەرکەوتوو نەبێ جارێکی تر لە پەرلەمان ناونانی بۆ بکرێتەوە، یەعنی بێتەوە پەرلەمان کاندیدێکی تر رابسپێرێ ناونانی بۆ بکرێتەوە و راسپێردرێ بۆ سەرۆکایەتی بەهەمان ئەو رێکارە یاساییەی کە کاندیدی پێشتر بڕیویەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بێگەرد خان فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم لە پڕۆژەکەدا کە پێشنیار دەکرێ وشەی حکومەت بگۆڕدرێت بکرێت بە وەزارەت، من پێم باشە بەو شێوەیە بێت، پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان کاندیدی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، چونکە ئەمە لە قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی (١٩٩٢) ماددەی (٥٦) بڕگەی (٣) هەمان دەستە واژە هاتووە، من پێموایە ئەمە شمولی ترە، سەبارەت بە خاڵی دووەم لە ماددەی یەکەم لەبەر ئەوەی من پێموایە ئەمە دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانە، من پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیە لابرێت، چونکە لە هەمان قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لە ژمارە یەکی ساڵی (١٩٩٢)دا ئەمە ئاماژەی پێکراوە ئەوە دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانە نەك سەرۆکایەتی هەرێم و پێشنیار دەکەم لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز علی علی هالۆ فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تیبنیا من ژ لای کاك عمر عینایەت هاتە بەحس کرن، ئەز ناخازم دووبارە بکەم، بەس لەسەر ڤێ پڕۆژە یاسایێ ئەز پێشنیار دکەم راپۆرت ئەڤە گفتوگۆ هاتە کرن، گفتوگۆ لەسەر پڕۆژە یاسای پاش ئێخستن بۆ دانیشتنەکا دی بۆ رێز گرتن لە پەرلەمانتارێن فراکسیۆنا کەسك هەرچەندە پڕۆژە یاساکە گەلەك گرنگە بۆ نەهێلانا نیشان و سیمایێ دوو ئیدارەیی پێویستە ئەڤ پڕۆژە یاسایە بهێتە گفتوگۆکرن، بەڵێ دیسا دبێژم رێزگرتن لە برادەرێن پەرلەمانتارێن یەکێتیی، ژبەر کو ئەو حەساسیەت دروست نەبت و پشتی هەندێ دانیشتنێ دیدا تێرو تەسەلی ئەڤ بابەتە بێتە گفتوگۆکرن، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی من وترا لەلایەن مامۆستا مولود و کاك سۆران، دوو تێبینیم هەیە، سەبارەت بە هۆکاری دەرچوونی ئەم یاسایە من پشتگیری ئەو دەستەواژەیە دەکەم کە لە راپۆرتی لیژنەی یاساییدا هاتووە، دووەم هەموارکرنی ئەم یاسایە پەیوەندی بە برگەی چوارەمی دانیشتنی ئەمڕۆ نییە، چونکە ئەگەر کاندید حازر بێت یان حازر نەبێت ئێمە پێویستیمان بە هەموارکرنەوەی ئەم یاسایە هەیە، لە رووی یاساییەوەش دوای ئەوەی کە ئەمڕۆ دەنگی زۆرینە دەهێنێ بە پێی رێکارە یاساییەکان مودەی (١٥) رۆژی تری هەر دەوێت تاوەکو ئەم یاسایە ئیقرار دەکرێت لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە، لەبەر ئەوە گفتوگۆکە هەر ئەنجام بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فائق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی گۆڕینی ناوی وەزارەت بە کابینەی وەزارەت، پشگیری ئەوە دەکەم کە ناوەکە بگۆڕدرێت بە کابینەی وەزاری، هەروەها پشتگیری رەئی کاك قادر رەزگەیی دەکەم لەسەر مەسەلەی مانەوەی برگەی دوو بۆ دیاریکردنی مەوقیفی دوای (٣٠) رۆژەکە ئەگەر کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نەیتوانی کابینەکە پێك بێنێ بۆ ئەوەی مەوقیفەکە دوای ئەوە روون بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێڤار خان فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە سوپاسەوە کاك رابوون و کاك مەڕوان قسەکانی منیان کرد، پشتگیریان لێ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەحیدە خان فەرموو،

**بەڕێز وەحیدە یاقو هرمز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخفتنێت من ئیحتیماله دووباره بن، من نەڤێت بەحس بێتەکرن، بەلێ ئەم پشتگیریا ئەڤ تەعدیلا ڤێ یاسایێ ئەم لەگەڵ هەندێنە، یا دووێ ژی ئەز دبێژم جەلسەیا چووی یا دووێ مە برِیاردا هەنگی مە تەصویت کر عەلائەساس بۆ حەفت رۆژا مۆڵەت بێتە دان بۆ....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەحیدە خان ئەوە پەیوەندی بەم تەوەرەوە نییە، ئەوە لە کاتی باسکردنی تەوەری چوارەمدا پێموابێ لە دانیشتنی کاردا ئەو مولاحەزیە بڵێی، زۆر سوپاس ناوەکان تەواو بوو، ئێستا پێموابێت لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی کە کرا زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان مولاحەزەیان هەیە لەسەر راپۆرتی لیژنەی یاسایی، بۆیە ئەیکەینە ئەساسی گفتوگۆکەمان، ئێستا هەموو ئەو مولاحەزانەی ئێوە وتیان سەبارەت بە یەکە بە یەکەی ماددەکان دەیخوێنینەوە ئینجا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، ئەگەر یەکێك ئیزافەی هەبوو ئەو کات ئیزافەکان بڵێن، نەك ئەوەی کە لە رابردوودا باسکرا، بەڵێ فەرموو نوقتەی نیزامت هەیە؟ کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ناوم نووسرابوو، ناوم نەخوێندرایەوە، ئەگەر رێگەم پێ بدەی هەتا تێبینیەکانی خۆم بڵێم، دەستم بەرزکردەوە لە ئاخیری ناویشم وت....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جەلا**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەسل ئەوەیە کە پڕۆژە یاسا دەخرێتە موناقەشەوە، ئیستسنا ئەوەیە کاتێك کە داوا بکرێت کە راپۆرتی لیژنەی مەعنی بکرێتە ئەساس بۆ موناقەشە، ئەویش دەخرێتە دەنگدانەوە، واتە پڕۆژەکە پێویستی بەوەنییە دەنگدانی لەسەر بکرێت، بەراستی ئەمە ئەگەر دووجار هەمان ماددە و هەمان بڕگە لە هەموو دانیشتنێکدا ئێمە موناقەشەی بکەینەوە کاتێکی زۆر زۆرمان دەبات، بۆیە تکایە تەنها ئێمە کە دێینە ناو هۆڵەکەوە ئەسلەکە ئەوەیە کە پڕۆژەکان موناقەشە دەکرێت، یەك پڕۆژە موناقەشە دەکرێت، ئەوەی موتەبەع بووە ئەمە دەبێتە عورفێکی خراپ پەرلەمان کاری خۆی ناتوانێ وەکو پێویست جێبەجێبکات کاتێکی زۆرمان دەبات، لە ماددەی (٧٢)ش ئەمە دەگەیەنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەرلەمان دەست دەكات بە گفتوگۆكردنی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی كاروباری یاسایی دەربارەی پڕۆژە یاساكە، لەبەر ئەوە گفتوگۆی دەكات بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، باشە، كاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی گەشە خانم هەیە، راستە دەبێت پڕۆژە یاساكە بكرێتە بنەما یان هەر.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك باپیر پەیڕەوی ناوخۆت لەبەر دەستدایە، پەیڕەوی ناوخۆ بخوێنەرەوە؟ ئیستا بۆم خوێندۆیەتەوە كاك باپیر، كاك ابو كاروان فەرموو

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە سەرەتا ئەگەر قسەمان كرد لەسەر ئەم پڕۆژەی یەكەمە، دەبووایە نیقاشمان لەسەر ئەوەی یاسایی نەكردایە، لە بەیانییەوە ئەمە دوو سەعاتە موناقەشەی پڕۆژەی یاسایی دەكەین، پێموایە چەند تێبینیەك هەیە، من پێموایە قسەكردن لەسەر ئەو خاڵە تێبینییانەی هەیە كە خیلافی پڕۆژەكەی ترە تەنها قسەی لەسەر بكرێ، نەك جارێكی تر دووبارە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ پڕۆژەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ابو كاروان دەقی ماددەكەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستانم بۆ خوێندنەوە، بە پێی ماددەكەی پەیڕەوی ناوخۆ لە پێشدا گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەكان و لیژنەی یاسایی دەكرێت، ئەگەر ئێوە خیلافی ئەمە رەئیەكتان هەیە لەو لیژنەیەی كە دروستی دەكەین بۆ پەیڕەوی ناوخۆ دەتوانن هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ بكەن، هەر شتێكی تریش موتەبەع بووبێ لە پەرلەمانی كوردستان، بەراستی خولی پیشووی پەرلەمانی كوردستان ناتوانین بكەینە ئەساس، چونكە ئەو نا یاساییانەی لە خولی پێشوو كراوە ئێمە ناتوانین ئێستا دووبارەی بكەینەوە، زۆر كاری نا یاسایی كراوە نابێ بە عورف، كاری نا یاسایی، كاری پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ نابێ بە عورف، ئەو كارە دەبێ بە عورف كە لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆدا گونجاو بێت، بۆیە ئێستا ئەگەر رای ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانی لەسەر بێ، دەیخەینە دەنگدانەوە، پڕۆژە یاسایەكە دەكەینە ئەساس بۆ وتووێژكردن، بەڵام لەكاتی گفتوگۆكردن لەسەر ماددە بە ماددەی پڕۆژە یاسایەكە، ئەو تێبینیانەی ئێوە لەسەر راپۆرتی لیژنەی یاسایی هەبوو دەیخوێنینەوە، ئەو كات ئەگەر ئێوە ئیزافەیەكتان هەبوو بیلێن، دوایی ماددەكان دەخەینە دەنگدانەوە بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆ، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە پڕۆژە یاسایەكە بكەینە ئەساس؟ تكایە با دەست بەرز بكاتەوە، (٥٩) ئەندام لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵدانییە كە پڕۆژە یاسایەكە خۆی بكرێتە بنەما؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، كەواتە كەس لەگەڵی نییە، فەرموو برگە سێ بخوێنەرەوە، كاك سالار بزانین چیمان پێ دەڵێ.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکام وایە ئینجازە بدەی ئەمە بۆ هاوکاری گفتوگۆیەکە و جەنابتیشتانە،..........

**بەڕێز د. یوسف محمد/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی خستمانە دەنگدانەوە تازە، ئێستا پڕۆژە یاسایەکە کراوەتە ئەساس، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە بۆ هاوکاری جەنابتان بوو، وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا، ئەم حاڵەتە نییە، پرۆژە یاسا پێشکەش دەکرێ، دەخرێتە بەرنامەی کارەوە، دەدرێتە لیژنەی تایبەتمەند، باشترین کەسیش بۆ گفتوگۆیەکانی ناو پەرلەمان لیژنە تایبەتمەندەکان و راپۆرتەکانیانە، بەپێی برگە (٣)ی ماددەی (٧٢) پەیرەوی ناوەخۆ گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی دەکرێ، لەبەر دەستی جەنابیشتە کە پێویست ناکا من بیخوێنمەوە، لەسەرەتای گفتوگۆدا باشتر وایە راپۆرتی لیژنەی یاسایی بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی بکرێتە ئەساس، چونکە تەلخیس و چڕکراوەی ئەو پێویستیانەیە کە بۆ هەمواری یاسایەکە یان پێشکەش کردنی یاسایەکە کراوە، کە قسە لەسەر پرۆژە یاسایەکە بکرێت، دواتریش راپۆرتەکەش پێشکەشکراوە ئەبێ قسەی لەسەر بکرێ، دەکاتە دوو جار، بۆیە هیوادارم، ئەوە لای جەنابتانە ئەگەر بڕیاری لێ بدەن، خۆ لای ئێمە نییە، بەڵام بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، خۆ عورفی باش و خراپیش چییە؟ عورفێکی باش دەبێ موتەبەع بێ، شەرت نییە هەموو عورفێك،.....

**بەڕێز د. یوسف محمد/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عورفی باش، نەك حورفێك کە پێچەوانەی پەیڕەو بێ، ئێستا کەواتە تەواو، خستمانە دەنگدانەوە، ئێستا موناقەشەی هەر بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان موناقەشەی پڕۆژەی یاسایەکە دەکەین، ماددە، بەماددە، بەڵام تێبینییەکانی ئێوە کە باستان کرد دەیخوێنینەوە، ئەوانە دووبارە مەکەنەوە، چونکە ئەو تێبینیانەی کە ئێوە وتتان زیاتر لەسێ کەس،......

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خیلافی پەیرەوە بەقوربان، خیلافی برگە سێی ماددە (٧٢)ە،......

**بەڕێز د. یوسف محمد/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیەم بۆ بێنە کە خیلافی پەیرەوە، ئێوە هەر لەخۆتانەوە قسە دەکەن بەبێ پەیڕەو، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگە سێ، پەرلەمان دەست دەکا بە گفتوگۆکردنی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی کاروباری یاسایی دەربارەی پڕۆژە یاسا پێشنیار کراوەکە، ئێنجا دەست دەکرێ بە گفتوگۆ و پڕەنسیپ کردن لەکاتی بڕیاردان، ئەمە ئەصلی مەسەلەکەیە،.....

**بەڕێز د. یوسف محمد/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ، باشە ئێستا ئەمەمان کرد، گفتوگۆی کراوەیە، ئێستا دەچینە سەر ئەصلی یاسایەکە، بەڵێ د. ڕێواز.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قەسم لەسەر ئەوە نییە، ئەوەی کە برادەرەکانم باسیان کرد، بەلاّم بەشیاوی نابینم بەڕێزتان لەوێوە قسە لەسەر ئەوە بکەن، لە مینبەری دەستەی سەرۆکایەتییەوە بڵێی لە خولی پێشووی پەرلەماندا کاری نایاسایی زۆر کراوە، لەراستیدا ئەم قسەیە بۆ ئیعلام دەبێ، بەلاّم بۆ مینبەری پەرلەمان شتێکە کە یەعنی هەم لەرووی عورفەوە، هەم لەرووی ئەخلاقییەوە، هەم لەرووی پڕۆتۆکۆڵییەوە،.......

**بەڕێز د. یوسف محمد/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ڕێواز خان، من باسی ئەوەم کرد هەر شتێك لەخولی پێشوو کرابێ، نایاسایی بێ، نابێ بە عورف بۆ پەرلەمانی ئێستا، بۆ خولی ئێستای پەرلەمان، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەس نەسی ماددەکە شی دەکەمەوە، بزانین هەڵەکە لەکوێیە، دەڵێ پەرلەمان دەست دەکات بە گفتوگۆ کردنی راپۆرتی لیژنە، باسی یاسای تێدانییە، راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندو لیژنەی کاروباری یاسایی دەربارەی پڕۆژە یاسا پێشنیار کراوەکە، ئینجا دەست دەکرێت بە گفتوگۆ کردن و پڕەنسیپەکانی، لەکاتی بڕیاردان لەسەریدا لەسەر خودی راپۆرت، نەك لەسەر خودی پڕۆژە یاسا، جارێك جەنابت ئەگەر دەت خستە دەنگدانیشەوە نەدەبوایە خودی پڕۆژەی ئەصڵ و پڕۆژە یاسایەکە بخەیە دەنگدانەوە، راستە ئەندامان گفتوگۆیان لەسەر پڕۆژە یاسایەکە کرد، بەلاّم ئەمە بەو مانایە نییە ئەندامان راپۆرتی لیژنەکە رەت بکەنەوە، هەر ئەگەر بەپێی نەسەکەش بی دەنگدانەکەی تۆ موخالەفەی ئەم نەسە بوو، دەبوایە بڵێی کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم راپۆرتی لیژنەی یاسایی بکرێتە ئەساس؟ کێ لەگەڵ نییە؟ دوای ئەوەی دەکرێتە ئەساس، پەسەند ناکرێت، ئەساس شتێکە و پەسەند کردنیش شتێکی دیکەیە، چۆن؟ ئەم راپۆرتەی لیژنەی یاساییە دەکرێتە ئەساس، بەلاّم قبوڵ ناکرێ، دواتر ئەندامانمان ماددە، ماددە لەگەڵ راپۆتەکە موناقەشەی دەکەن، بەڵێ سەرۆکی پەرلەمان، بۆ؟ راپۆرتی لیژنەی یاسایی دێتە بەردەستی (٣٠) وەرەقەیە، پەنجا، شەست ماددەی تێدایە، پەنجا، سی فەرعی تێدایە، چ ئەندامێکی پەرلەمان دەتوانێ هەموو راپۆرتی

موناقەشەکەت بۆ موناقەشە بکات و دواتر جارێکی دیکە بێینەوە سەر یاسایەکە موناقەشە بکەین، بۆیە راپۆرتی لیژنەکە یەعنی نەسەن تۆ دەنگدانەکەی ئێستات موخالفی ئەم نەسە بوو زۆر بە وازحی، چونکە راپۆرتی لیژنە دەخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەفهومی موخالەفەی ئەوەی کە خستمانە دەنگدانەوە ئەوەیە کە راپۆرتی لیژنەی یاسایی ناکرێتە ئەساس، ئەصڵی پڕۆژە یاسایەکە دەکرێتە ئەساس، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی پەرلەمان مولاحەزەیان لەسەر راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی هەبوو، ئێستا دەچینە سەر موناقەشەکردنی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، مادده بە مادده بە پەیڕەوی ناوەخۆوە، دەیخەینە گفتووگۆوە، دوایی دەنگدانی لەسەر دەکەین، دوایی هۆیە پێویستەکانی گفتوگۆ دەکەین، ئەویش دەخەینە دەنگدانەوە، دوایی کۆی پڕۆژە یاسایەکەش دەخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی ماددەی یەکەم بخوێننەوە لە پڕۆژە یاسایەکە، بۆ ئەوەی دوایی من ئەوە راو سەرەنج و تێبینیانەی کە زیاتر لەسێ ئەندام لەسەر ئەو ماددەیە باسیان کرد، باس دەکەین، دەیخوێنینەوە بۆ ئێوە، ئەگەر ئیزافەیەکتان هەیە، ناوی خۆتان بنووسن بۆ وتو وێژکردن، ئەگەر نا دەنگدان ئەنجام دەدەین، فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر هەر تێبینییەك کە درا لەسەر راپۆرتی لیژنەی یاسایی، ئێمەش حەقمان بوو کە تێبینیەکان روون بکەینەوە، وەڵامی تێبینیەکان بدەینەوە، ئەمنیش پێموایە ئەگەر بێت و راپۆرتی لیژنەی یاسایی نەکرێتە ئەساس، ئەی بۆچی بۆ لیژنەی مەعنی پڕۆژە یاسا بۆ لیژنەی مەعنی دەنێردرێ؟ کە نێردراوە کۆبوونەوەمان لەسەر کردووە و ئێمە راپۆرتی خۆمان حازر کردووە، هەرچی شتێك کە بەنایاسایمان زانیوە، تەعدیلمان کردووە و لە پڕۆژە یاسایەکە، لەراپۆرتەکەی ئێمەدا هاتووە، ئینجا مولاحەزاتیش لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان بەشێوەیەکی تێکەڵداری بووە، هەموو مولاحەزاتەکان لەسەر راپۆرتی لیژنەی یاسایی نەبووە، هەندێکیان مولاحەزاتیان لەسەر پڕۆژەی یاسایەکە بووە، هەندێکیشیان مولاحەزاتیان لەسەر راپۆرتی لیژنەی یاسایی بووە، بۆیە هەرچەندە ئێوە خۆتان،.......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خستمانە دەنگدانەوە، د. ڤالاْ فەرموو پڕۆژە یاسایەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم لەپڕۆژە یاسایەکە.

بڕگەی (١٢) لەماددەی (١٠)می ئەم یاسایە هەموار دەکرێ، بەمشێوەیەی خوارەوە:

برگەی یەکەم: پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی حکومەت لەماوەیەکدا کە لە (٣٠) رۆژ تێپەڕ نەکات.
برگەی دووەم لەماددەی یەك: ئەگەر سەرۆك وەزیرانی راسپێردراو لەماوەی دیاری کراو نەیتوانی حکومەت پێك بهێنێت و متمانەی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، ئەوا سەر لەنوێ پرۆسەی ناونان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ئەنجام دەدرێ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەبعەن ئەو تێبینیانەی کە هەبوون ئەوە بوو کە لە رایۆرتی لیژنەی یاسایی باس لەوە کرابوو کە برگەی دووەم لەم ماددەیە لابدرێ، بەشێکی ئەندامان پێیان وابوو کە بمێنێتەوە، فەقەرەیەکی بۆ ئیزافە بکرێ، دوو رەئی هەبوو، رەئییەکیان ئەوەبوو کە ئاوا سەر لەنوێ پرۆسەی ناونان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ راسپێردراوێکی تر یان بۆ کەسێکی تر ئەنجام بدرێ، رەئییەکی تر ئەوە بوو کە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەو ماددەیە، رایەکیش هەبوو بکرێ بە زۆرینە، لیستی زۆرینەی دووەم، یەعنی یەکەمجار لیستی زۆرینەی یەکەم ناو بدرێ، دوایی لیستی زۆرینەی دووەم ناو بنرێ، ئەمانە دوایی دەیانخەینە دەنگدانەوە یەك بەیەك، بزانین کامیان دەنگی زۆر دەهێنێ، ئەوەی دەنگی زۆرینەی هێنا، پرۆژەکە بەمشێوەیە هەموار دەکەینەوە، سەبارەت بە برگەی یەکەمیش چەند پێشنیارێك هەبوو، یەکێك لەو پێشنیارانە ئەوەیە کە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، حکومەت وەکو خۆی بمێنێتەوە، پێشنیارێکی تر ئەوە بوو کابینەی حکومەت بنووسرێ، پێشنیارێکی تر ئەوەبوو کە کاندیدی سەرۆك وەزیران ئیزافە بکرێ لەوێدا، لەبری ئەوەی کە پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رادەسپێردرێت، سەرۆکی هەرێم کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رابسپێرێ، ئەو پێشنیارەش هەبوو، کێ زیاتر لەمە بیرو بۆچوونی هەیە؟ تکایە ناو بنووسێ، ناوەکان دەخوێنینەوە، فەرموو کاك گۆران، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر وابێ پێم باشە لیژنەی یاسایی بێنە خوارەوە لەسەر مەنەسە، راپۆرتیان بە نەزەر ئێعتیبار وەر نەگیرێ، رەئیش، رەئی چییە؟ وەعد نەچمەوە سەر راپۆرتەکە، ئێستا بەڕێزت ناوی ئەندامان دەنووسی، کە ئەندامانی بەڕێز قسە دەکەن، بەشێك لەو قسانە کە ئێستا من وەك یاساییەك دەیڵێم، بەشێکی دیکە وەلامم بۆ کۆمەڵێك قسە هەیە، هەموو شتێك ناخرێتە دەنگەوە، دەبێ لیژنەی یاسایی لەسەر رەئی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان تەوزیح بۆ ئەمە بدەن، لەوانەیە هەندێك شت هەیە ئەمن نەیزانم، لیژنەی یاسایی دەیزانێ، هەندێك نوقتە هەیە لیژنەی مەعنی لەوانەیە بەیانی شتێکی زراعی بێ، ئەمن هیچی تێ نەگەم، ئەم روونکردنەوە دەدا، بەشێك لەم رەئییانە لیژنەی مەعنی دەڵێ راتان لەسەر رای ئەندامانی پەرلەمان، شتێك بۆ ئەو ئەندامە بەڕێزانە روون دەکرێتەوە، .....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیەکەت وەرگیرا، دوای وەرگرتنی رای ئەندامان لەسەر یەکە بەیەکەی ماددەکان رای لیژنەی یاسایش لەسەر ماددەکان وەردەگرمەوە جارێکی تر، فەرموو امینە خان.

**بەڕێز امینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینیا کاك گۆرانم هەبوو، پێش هەنگی موناقەشەیەك هاتیە کرن، پێدڤییە نوکە ڤێرا لیژنا یاسایی تەوزیحاتەك بداتە مە، ئەو ژ روونکردنەوەیەکیان هەبێ، ئەوە شولێ لیژنایا یاساییە، یەعنی پێ دڤیبوو لیژنا یاسایی..........

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای ئەوانیش وەر دەگرینەوە، فەرموو.

**بەڕێز امینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێ دڤییە ئەو رای خۆ بدەن، پاشان ماددە، ماددە، کو مەوناقەشە لسەر بکەن، ئەو کەچ پێشنیار هەنە، زێدەکرنەك هەبیتن، ڤێ گاڤێ، یەعنی پشتی رەئی وەرگرتن و موناقەشە کرن ژ هەبێتن، سپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا لە پێشدا کە دەرگای وتووێژ دەکەینەوە، رای لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو ماددەیە وەر دەگرین، بزانین تەعلیقیان لەسەر رای ئەندامانی پەرلەمان چییە، دوایی دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، ئەندامانی پەرلەمانیش رایان وەر دەگیرێت، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسیووە (بەڕێز مولود مراد، بەڕێز د. شوان قەڵادزەیی، بەڕێز سۆران عمر، بەڕێز زۆزان صادق، بەڕێز د. سیراج احمد، بەڕێز ڕێواز فائق، بەڕێز فەرهاد سەنگاوی، بەڕێز امینە زکری)، فەرموو لیژنەی یاسایی رای خۆتان لەسەر ماددەی یەکەم، هۆکاری چی بوو کە داواتان کردبوو بڕگەی دووەم لابدرێ، ئەو فەقەرانەی تریش؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لە هەموارکردنەوەی فەقەرەی (١٢)ە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم تەنها ئەوەبوو کە تەنها تەسمییە، هەروەها تەکلیف بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکرێتن، بەبێ جێگرەکەی، بۆیە تەعدیلەکە تەنها روحی تەعدیلەکە، تەنها فەقەرەی یەکی دەگرێتەوە، فەقەرەی دوو زیاد بوو وەکو خۆی لە یاسایەکەدا هاتووە، هیچ پێویست بە هێنانەوەی، دووبارە کردنەوە ناکاتن لێرە، لەبەر ئەوەی وەکو خۆی دابەزیتەوە، بۆیە تەنها فەقەرەی یەك کافی بوو، رۆحی ئەسباب موجیبەش کە داوا دەکاتن تەنها بۆ ئەوەیە کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رابسپێردرێ، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ئەو فەقەرەیەمان بە زیاد

زانی، بەخۆشتان دەزانن یەكێك لە مەبادیئی یاسایی ئەوەیە كە سیاغەی یاسایی خۆی لە دووبارە كردنەوە بپارێزێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك مولود.

**بەڕێز مولود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستاكە موناقەشەی پرۆسەی راسپاردن دەكەین، دەبێ بزانین ئەمە بەشێكە یان بەشی دووەمە لە سێ پرۆسەی پێكهێنانی حكومەت، پرۆسەی یەكەم پرۆسەی ناونانە، كەواتە لەوێ ئێمە، مەسەلەی زۆرینە و كەمینە یەكلا بۆتەوە، تەواو بووە، كێ زۆرینەیە؟ كێ كەمینەیە؟ كێ هاتۆتە پێشێ؟ ئەوە لەمەرحەلەی یەكەمدا كە ئێمە پرۆسەی ناونان تەواو دەكەین، ئێمە باسی راسپاردن دەكەین، كەواتە قسە لەسەر زۆرینە و كەمینە نەماوە، ئەوە یەعنی مولاحەزەی یەكەمم، مولاحەزەی دووەم، بەنیسبەت بڕگەی دووەم هەندێ مولاحەزەكان لەسەر ئەوە بوون كە لە ئەرك و دەستەلآتەكانی پەرلەماندا لە یاسای هەڵبژاردندا هاتووە لە ئەرك و دەستەلآتەكاندا شتی وای تێدانییە، فەتعەن، ئەم بڕگەیەی تێدانییە، كە ئێستا لە مادده دوودا دەمانەوێ تەسبیتی بكەین، بەنیسبەت ئەوەی كە ئاماژەم پێكرد یاخود موداخەلەم كرد، كە بۆ راسپێردراوێكی نوێ ئیتر مەرج نییە هەر خۆی بێ، لەكوتلەیەكی تر بێ، لەكوتلەی زۆرینە بێ، چونكە لە كوتلەی زۆرینە رەنگە ئەو شەخسە سەركەوتبێ، هەر كوتلەی زۆرینە كەسێكی تر رابسپێرێ، لەبەر ئەوە، یاخود لەكوتلەی دووەم بێ، لەكوتلەی سێیەم بێ، قسەكە لەوە نییە ئێمە بە موتڵەقی بڵێین بۆ راسپێردراوێكی نوێ، ئەم راسپێردراوە نوێیە دەكرێ لە كوتلەكەی خۆی بێ، دەكرێ لە كوتلەیەكی تریش بێ، دەكرێ عادەتێكی نوێش دروست بێ جارێكی تر كەسێكی تر بێ، (المهم) راسپێردراوێكی نوێ وشەیەكی كورتە، دەتوانێ ئیكتیفا بە مەوزوعەكە بكا، سوپاس بۆ بەڕێزت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەمووو د. شوان.

**بەڕێزد. عمرمصطفی (د. شوان قەلآدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو (٣٠) رۆژە ئەگەر بكرێ بە (٢٥) رۆژ باشە، چونكە لێرە لەكاتی هەڵبژاردنەكاندا وەكو ولآتان نییە، ئێمە ئێوارە ئیعلانی نەتائیج بكرێ، پاش مانگێك، (٢٥) رۆژ ئینجا ئیعلان دەكرێ، لەوێش (٣٠) رۆژ، كەواتە كاتەكە زۆر دەخایەنێت، ئەو (٣٠) رۆژە بكرێ بە (٢٥) رۆژ، ناونانەكەش ئەوەی هەر تەعدیل بكرابایەوە، ئایا ئێستا لە كوردستان بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان لیستی براوەی یەكەم یان گەورەترین هاوپەیمانیەتی پەرلەمانی هەڵدەستێ بە پێكهێنانی ئەو كابینەی كە لەدوا هەڵبژاردنەكاندا تەشكیل

دەکرێت، لەبەر ئەوە ئەگەر لیستی براوەی یەکەم کە ئێستا بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم براوەتەوە، ئەگەر نەیتوانی لیستی براوەی دووەم بەم کارە هەڵبستێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەم لەسەر وشەی ناونان هەیە، لەهیچ جێگایەکی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ژمارە یەکی (١٩٩٢)، لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم وشەیەك نییە بەناوی ناونان، بەڵکو بریتییە لە دەستنیشانکردن، من داوادەکەم کاتێك کە هەمواری دووەم بۆ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کراوە، بۆ ئەوەی جێگر بخرێتە ئەوێ، ئێمە بگەڕێینەوە سەر ماددەی (٥٦) خاڵی (٣) لەیاسای هەڵبژاردنی ساڵی (٩٢) کە خاڵی (٣) دەڵێت (دەستنیشانکردنی سەرۆکی دەستەڵاتی جێبەجێ کردن، کە ئەویش دەستەڵاتی دەستنیشان کردنی ئەندامانی دەستەڵاتەکەی هەیە لەنێو ئەندامانی پەرلەمان یان کەسانی تر)، دەگونجێ ئەمە لەو ئیشکالیەتی ناونانی کابینە و وەزارەت و حکومەت لامان بدات، بۆیە داوا دەکەم ناونان بکرێ بە دەستنیشانکردنی سەرۆکی دەستەڵاتی جێبەجێ کردن، چونکە هەتا ئێستا لەکارنامەش ناونانی سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەت بەپێی بڕگەی سێ لەماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردن بۆی هەیە، بەلأم لە تەعدیلەکە پێچەوانەی ئەوەیە، ناونان نییە، دەستنیشانکردنە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز زۆزان صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر خاڵی دووەم تێبینییەکم هەبوو، ئەگەر ئەم عیبارە لێ زیاد بکرێت باشە، ئەگەر سەرۆکی راسپاردە کریێ هێزا یەکێ یان بێژین لایەنێ یەکێ نەشیا حکومەتێکێ ل ماوەیەکێ دەستنیشان کریدا پێکبهێنیتن رێك بۆ وی لایەنی دووێ بهێتە دان کو پتریا کورسی کو بەدەسڤەهینای، پێکهێنانا حکومەتێ د هەمان ماوە نە کمتر بێتن (٣٠ تا ٤٥) رۆژا، چونکە ئەڤە ماویەکی دەستنیشان کرییە، باشتریە گونجایە بشێ رێککەڤتنا لەگەڵ لایەنی تر بکا بۆ پێکهێنانا حکومەتێ، کەواتە ئەڤ عیبارە بهێتە زێدەکرنێ دێ باشتر بیتن، سپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا سیراج.

**بەڕێز د. سیراج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسیبەت نەسی عەرەبییەکە من تێبینییەکم لەسەر نەسی عەرەبییەکە هەیە، شتێکی نەقوستانە، نووسرایە (تكليف رئيس الوزراء بعد تسميته من قبل برلمان كوردستان- العراق بتشكيل الوزارة وذلك بخلال مدة (٣٠) يوما من تاريخ تكليفه من قبل رئيس الاقليم)، نەگوترایە، لەبەر ئەوەی لە کوردیەکەش هاتووە، باسی سەرۆکی هەرێم دەکاتن، تەبیعی لە نەسە عەرەبییەکەی (رئيس الاقليم) ناوی نەهاتییە، دەبوایە ئەوە زیاد بێت، لەبەر ئەوەی ئەوە نەسە، نەسیش دەبێتن ئەوەی تێدا بکرێتن، دەکرێ تێبینیەکەی خۆشم باس بکەم ئەوەی پێشتر باسم کرد؟

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د. سیراج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی دووەمیشم ئەوەیە من داوا دەکەم کە ئەم ماددەیە نافیز بکرێ لەرۆژی دەرچوونی لەلایەن،..........

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە کە هاتینە سەر ماددەی نەفازەوە ئەو کاتە دەتوانی جەنابت باسی ئەوە بکەی.

**بەڕێز د. سیراج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستت خۆشبی، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕێواس خان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق:**

ئێمە لەبەر ئەوەی ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا توانای دەستەڵاتی جێبەجێکردنمان هەیە، سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانمان هەیە، ناتوانین باس لەوە بکەین کە تەسمییە بۆ دەستەڵاتی جێبەجێکردنە، ئەم قانوونە هی ساڵی (٩٢)ە، ئەو کاتە ئێمە سەرۆکایەتی هەرێممان نەبووە، لەبەر ئەوە، ئەوە موتڵەقەن نابێ، من زۆر لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی وەزارەتم دەستخۆشی لە بەڕێزان لەلیژنەی یاسایی دەکەم، چونکە ئەمە وشەی وەزارەتن چەمکی یاسایی و سیاسی باوە، ڕەهەندێکی تاریخیشی هەیە، وەك کاك فرحان وتی، پێی دەوترێ وەزارەت، دەقەکە من تەسەوڕ دەکەم بە بەکارهێنانی وشەی وەزارەت دەقیق تر دەبێ، (وزارە) کەلیمەیەکی شاملە، بەس ئەوە نییە یەك وەزارەت دەگرێتەوە، ڕاستە لە تەرجومە کوردییەکان ئەوە دەکەوێتەوە کە وەزارەت مانای یەك وەزارەتە، بەڵام لە علمی سیاسە و لە قانونیشدا

وەزارە مانایەكی شمولی تری هەیە، لەبەر ئەوە لەگەڵیمە بمینێتەوە، بەهەمان شێوە لەگەڵ ئەوەم كە ئەو سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران لەپێشەوە پاڵێوراوی بۆ زیاد بكرێ، سەبارەت بە برگەی دووی هەمان ماددە لەگەڵ ئەوەم كە لە ئەخیرەكەیدا دەڵێ (ئەوە سەر لەنوێ پرۆسەی ناونان لە لایەن پەرلەمانی كوردستانەوە بۆ پاڵێوراوێكی نوێ ئەنجام دەدرێ، چونكە هەمان پاڵێوراو ناتوانی تۆ یەعنی هەموومان باس لە مەسیری خەڵك و دروستكردنی حكومەت و پەلەكردن دەكەین، كەسێك كە یەكەمجار شكستی هێنا نابێ دەرفەتێكی تری بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك فەرهاد سەنگاوی.

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی ڕێزمان یان زمانەوانی لە هەموو بابەتەكانی پەرلەماندا كێشەی دروست كردووە، بۆ خۆشم كە زۆر حەزم لەزمانە، مەفهومەكان ناگەیەنێ بۆ ئێمە زۆرجار، ڕاستە وشەی وەزیر خۆی لە ئەصڵدا وشەیەكی كوردییە، من وشەكەم خۆش دەوێ، بەڵام وەزیر و وەزیران جێگەی حكومەت ناگرێتەوە، حكومەت وشەیەكی زۆر شمولی تر، زۆر بەقوەتترە، چونكە ئەمڕۆ خەڵكی كوردستان پێویستی بە حكومەتی كوردستانە و پێویستی بە دەوڵەتی كوردستانییە، ئێمە دەوڵەتیشمان نییە، حكومەتەكەی لێ بستێنینەوە، ئەوە یەك، دووەم، كاتێك كە تۆ دەڵێی سەرۆكی حكومەت تا فەڕاش و سایەقێكی خواری خوارەوەی ئیدارەكەش دەگرێتەوە، بەڵام سەرۆكی وەزیران زۆر جار بەس وەزیرەكان دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە سەرۆكی حكومەت زۆر شمولی ترە و بەهێزترە لە سەرۆكی وەزیران، هیوادارم (٣٠) ڕۆژەكەش زیاد بكرێ، بۆ ئەوەی جارێكی تریش پەرلەمان ناچار نەبێ دانیشێتەوە ڕۆژێكی تریشی یان هەفتەیەكی تریشی بۆ زیاد بكا، چونكە ئێمە دەزانین ململانێیەكان زۆر نابەجێ و زۆر هەندێك جار درێژ خایەنە، بۆ ئەوەی ناچار نەبین (٣٠)یەكە زیاتریش بكرێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. ڤالا تێبینیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مولاحەزەیەكی زۆر هەبوو لەسەر موستەڵەحی حكومەت، لەسەر موستەڵەحی وزارە، فەرقی عەرەبی موستەڵەحی وزارە لەجێگای موستەڵەحی حكومەت بەكاردێنێ، چونكە كاتێك كە دەڵێین (الحكومة)هەرسێ دەستەڵاتەكە دەگرێتەوە، بەمانا موتڵەقەكەی، سوڵتەی تەشریعی، سوڵتەی تەنفیزی، سوڵتەی قەزایی دەگرێتەوە لە زمانی عەرەبی دا، بەڵام كاتێك كە دەڵێ (الوزارة) مەبەستی تەنها مەجلیسی وزەرایە، بۆیە لێرانە ئێمە بە مەبەستی گونجاندن، تەوفیق كردنی لیژنەكە لەنێوان هەم زمانی عەرەبی و هەم زمانی

کوردی موستەڵەحی وزارەمان بەکارهێناوە، کە موتتەبەعە لە زۆربەی دەساتیر و قەوانینەکان بەکارهاتووە بۆ عەرەبییەکەی، بۆ کوردییەکەش نەمان وتووە وەزارەت، ناوی وەزارەتمان نەهێناوە، گوتوومانە وەزارات بە (ئەلیف) دامان ناوە، واتە پێکهێنانی وەزارەتەکان، لێرانە بەجەمع هاتووە، سەنەدێکی دیکە بۆ بەکارهێنانی ئەو موستەڵەحە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە ئەوەیە کە هەم قانونی ژمارە یەکی پەرلەمانی کوردستان، هەم قانونی سەرۆکایەتی هەرێم خۆی لە موستەڵەحی حکومەت پاراستووە، موستەڵەحی وەزارەتی بەکارهێناوە، وەزاراتی بەکارهێناوە بۆ زمانی کوردی، وە موستەڵەحی (الوزارة)ی بەکارهێناوە بۆ زمانە عەرەبییەکە، ...

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڤالاّ،

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزاتێکی زۆر درا لە سەر تەحدیدکردنی موددەی (٣٠) رۆژ کە گوایە ئەو موددەیە بێتە کەمکردنەوە، موددەی (٣٠) رۆژ کە تەحدیدکراوە لەلایەن یاساکە پێش هەموارکردنی، و دوای هەموارکردنیشی(٣٠) رۆژ ئاخیر موددەیە کە دەدرێتن بە کاندیدی راسپێراو بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران، واتە راسپێراو لە ماوەی (١٠) رۆژ لە ماوەی (١٥) رۆژ کابینەکەی خۆی پێك بێنێ، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نابێ لە ماوەی (٣٠) رۆژدا تێ بپەڕێ، ئینجا مولاحەزەیەکی تر کە وایە لە کوردیەکە ناوی سەرۆکی هەرێم هاتووە، بەڵام لە عەرەبیەکە دا نەهاتووە پێویستە ئیزافە بکرێ، بەڕێزان ئێمە لێرە پرۆژە یاسا دانارێژین، ئێمە لێرە هەموارکردنەوە دەکەین بۆ پرۆژە یاسایەك کە وجودی هەیە، ئەو پرۆژە یاسایە کە وجودی هەیە لە ماددەی (١٠) کە دەیخوێننەوە، دەڵێ ئەمانەی خوارەوە دەسەڵات و مەهامەکانی سەرۆکی هەرێمن، کە دەگاتە بڕگەی (١٢) لەوێ دەڵێ یەکێك لە مەهامەکانی بریتییە لە تەکلیف کردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، واتە ماددەکە دەبێ وەکو خۆی بخوێندرێتەوە ئێمە لێرە تەشریع ناکەین ئێمە هەموارکردنەوە دەکەین بۆ تەشریعێك کە پێشتر وجودی هەیە، بۆیە دەبێ دەقیق تر بین لە بەکارهێنانی موصتەڵەحات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبعەن ئەو وشەی وەزارات یان وەزارەتە لە عەرەبییەوە هاتۆتە نێو زمانی کوردی، لە هەرێمی کوردستان موتتەبەع حکومەتە، بۆیە رای ئەندامانی تری پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەو پرسە من پێم وایە رەنگە رەوایەتی هەبێ، چونکە لە هەرێمی کوردستان زیاتر ئەوە رۆشتووە خەڵك زیاتر لەوە تێ دەگا وەزارەت بە یەك وەزارەت تێ گەیشتوون، بەڵام بۆ ئەنجومەنی وەزیران وشەی حکومەت بەکارهاتووە، بۆیە ئەو موناقەشەیە دوایی دەخەینە دەنگدانەوە، کاك فەرهاد نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو کاك فرهاد،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورن، من لە خۆمەوە وا نالێم، من زانیاریم هەیە، كە هەم دەستور، و هەم وەزیر وشەیەكی كوردییە، بەلاّم لێرە حكومەت بەقوەتترە، بۆیە من لێرە وشەی حكومەتم پێشنیار كرد، شمولی ترە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك تحسین،

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ هەمواركردنی بڕگەی (١٢) لە ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم، پێم باشە بەو شێوەیە بێ، پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە كاندیدی لیستی براوە لەلایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە رادەسپێردرێت بۆ پێكهێنانی وەزارەت لە ماوەیەكدا كە لە (٣٠) رۆژ تێپەڕ نەكات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو امینە خان،

**بەڕێز امینە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كو ئەڤ یاسایە كە گرێدایا یاسای سەرۆكایەتیا هەرێمێ ل بەر هندێ یەكسەر ب دیتنا من ئەم بچینە سەر ناڤەرۆكێ كو بێژیتن راسپاردنە پالێوراوێ فڕاكسیۆنا زۆرینە پاش ناڤ ئینان ژ لایێ پەرلەمانێ كوردستانێ بۆ پێكئینانا وەزارەتێ ماوەیەكێ كو (٤٥) رۆژ تێپەڕ نەكات (٤٥) رۆژ وەكی من ئاماژە پێ دای ل دەستوری ژی هەروەسا پتر ژ چوار پەرلەمانتارا ژی موناقەشە سەر هەندێ كر بوو تەرحێ وان بوو ژ تەرحێكی تر هەبوو وەكی هەڤالی من كاك بەیاری ئاماژە پێ دا یەعنی ئەم چووینە راست ڤەكرنێ وەكی ئەو دەقی نڤیسینا بەڕێز بەیار دوسكی دای، یان ژی مە هەر ئیكسەر بێژی ماوەی (٤٥) رۆژا، لێ پێشنیارا مە بوو بڕگە دووێ: نە سەر وی ئەساسی بوو بۆ فڕاكسیۆنێ دووێ كاندیدی بێتە ناڤ ئینان، بەلكو پێشنیارا مە پتر ژ چوار هەڤالێ مە ژ پشتگیری وە كر، سەر هەندێ كو ئەگەر پالێوراو راسپێراو ماوەی دیار كری نەشێ وەزارەتێ پێك بێنێ ئەڤە سەر سەرۆكە هەرێمی راسپاردنە پالێوراوەكا دی لە هەمان فڕاكسیۆن بۆ پێكئینانا وەزارەتە ئەنجام دەدات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمەی كە جەنابت باسی دەكەی تەنها دوو كەس پێشنیاریان كرد بۆ دووەم جار لە هەمان فڕاكسیۆن بێ، فەرموو امینە خان،

**بەڕێز امینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك ئومێد، و یەکێك برادەرانی تریش پشتەوانی ڕەئی ئێمەی کرد،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك قادر،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە لە داڕشتنەوەی ئەو دەقەدا بە روونی باس لەوە بکرێ کە لیستی براوە، یەعنی براوەی ئەوەی کە زۆرینەی دەنگەکان دێنێ یان زۆرینەی پەرلەمانی لە راستیدا، بۆ ئەوەی دەستکاری ئەمە بکەین بۆ ئەوەی سبەی تووشی ئیشکالی قانونی نەبین، لەوانەیە لیستی براوەی یەکەم و براوەی دووەم لە نەتائیج لە دەرئەنجامەکاندا کورسییەکی فەرق بێ، راستە ئەمەش ئەم مافە بە براوەی یەکەم دەدا ئەگەر کورسیەك بێت، بەڵام من پێم باشە کە دەقەکە بەشێوەیەك دارێژین کە کاندیدی زۆرینەی پەرلەمانی راسپێردرێ بۆ پێکهینانی کابینەی حکومەت، و من پێشم وایە کە لە هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە پەلە کراوە، لە راستیدا هەرچەندە ئەمە پەیوەندی بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆی پەرلەمانەوە نییە، بەڵام دەمەوێ هەر بە کورتی ئیشارەی پێ بدەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە زمنی بەرنامەی کارە کاك قادر سەرنجەکەت تەواو بوو، ئەوەی لە سەرەتاوە باست کرد، با روونکرنەوەیەك بدەم لە سەر مەوزوعی زۆرینەی پەرلەمانی فڕاکسیۆنی یەکەم و دووەم، ئەگەر گۆڕانگاری تێدا بکەین پێوست دەکا ئەم تێبینیە لەبەر چاو بگرین، بەڕێزان لە پێکهێنانی حکومەت لە نیزامی پەرلەمانیدا وەکو باسم کرد لە سەرەتاوە، دوو شێواز لەبەرچاو دەگیرێ، شێوازی یەکەمیان کە بریتییە لە مشاوەراتی پەرلەمانی بۆ پێکهێنانی زۆرینەی پەرلەمانی، کە ئەم زۆرینە پەرلەمانییە کاندیدێك رادەسپێرێ بە تەشکیلی حکومەت کە جاری وا هەیە ئەم زۆرینە پەرلەمانییە کاندیدی لیستی یەکەم راناسپێرێ بۆ پێکهێنانی تەشکیلی حکومەت یەعنی جاری وا هەیە لەبەر ئەوەی لیستی یەکەم زۆرینەی تەواوی لە ناو پەرلەمانی کوردستان بەدەست نەهێناوە لیستەکانی تر زۆرینەیەك دروست دەکەن، و ئەوان کاندیدێك دیاری دەکەن بۆ پێکهێنانی حکومەت، و ئەمە لە بەشێك لە نیزامە پەرلەمانیەکانی دونیا موتتەبەعە، بۆ نموونە لە ئیسرائیل موتتەبەعە، لە لوبنان موتتەبەعە، و تەنانەت لە بەریتانیاش کە دایکی نیزامی پەرلەمانییە بەم شێوەیە سەرۆك وەزیران ناو دەنرێ، رێگای دووەم: بریتییە لە لیستی یەکەم رادەسپێرێ بە دروستکردنی حکومەت، ماوەیەکی پێ دەدرێ بۆ ئەوەی حکومەت دروست بکات، ئەگەر لەو ماوەیە نەیتوانی حکومەت دروست بکات، موتتەبەع رێگای دووەم ئەوەیە کە لیستی دووەم لە دوای ئەو تەکلیف دەکرێ بە تەشکیلی حکومەت بۆ ئەوەی ئەگەر لیستی یەکەم نەیتوانی زۆرینەی متمانەی

پەرلەمانی بەدەست بێنێ، فراکسیۆنی دووەم چانسی پێ بدرێ، بۆیە کە ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە ئەوەتان لەبەرچاو بێ، ئەگەر زۆرینەی پەرلەمانی لەبەر چاو بگرین کە پێم وابێ موتتەبەعە، و یاساکەی ئەسڵی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ئەوەی لەبەر چاو گرتووە کە زۆرینەی پەرلەمانی دروست بێ، و یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەر ئەوەی لەبەرچاو گرتووە کە زۆرینەی پەرلەمانی دروست ببێ، و پێم وابێت ئەوە ئاسانترە بۆ تەشکیلی حکومەت، بەداخەوە ئێمە ئەزموونێکی خراپمان لە چەند مانگی رابوردوو لەگەڵ ئەمە هەیە، بەڵام کاتێك کە زۆرینەی پەرلەمانی رێك دەکەون لە سەر کەسایەتیەکی دیاریکراو بۆ دروستکردنی حکومەت زۆر ئاسانتر دەبێ، چونکە ئیتیفاقەکە پێش ناونان کراوە کە دوایی ناو نان دەکرێ، دروستکردنی حکومەت زۆر ئاسانتر دەبێ، بەڵام کاندیدی یەکەم ئەگەر نەیتوانێ دروستی بکا، جارێکی تر پرۆسەکە دەست پێ دەکاتەوە بۆ فراکسیۆنی دووەم، بۆیە کە ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە ئەمەتان لەبەرچاو بێ، چەند راو بیر و بۆچوونێك هەیە سەبارەت بە ماددەی یەکەم لە سەرەتاوە لە سەر برگەی یەکەم قسە دەکەین پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە رای لیژنەی یاسایی ئەوەیە، و پێشم وابێت رایەکی راجیحە بۆ ئەوەی سەرۆکی هەرێم لابرێ، چونکە ئەسڵەن یاساکە خۆی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، و ئەو برگەی (١٢) یەمە لە ماددەی (١٠)یەم بریتییە لە سەلاحیاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆیە لیژنەی یاسایی داوای ئەوە دەکەن سەرۆکی هەرێم لا ببرێ، ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی کۆی ئەو پێشنیارانەی تریش کە کراون، بیخەینە دەنگدانەوە، بەڵام تکا دەکەم لە لیژنەی یاسایی ورد بن لە رەچاوکردنی دەنگدانەکان بۆ ئەوەی دوایی ئیعادەی سیاغە بکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە لەم پرۆژە یاسایەی کە هاتووە لە ماددەی یەکەم برگەی یەك سەرۆکی هەرێم لا ببرێ؟ فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڤالا،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێتن فەقەرەی یەك یان ماددەی یەك عەرەبیەکە لێرانە ببێتە موعتەبەر وەکو هینی یەکەم، چونکە لە عەرەبییەکەی دیارە ئێمە لە تەرجومەکردنەکە ئەو کێشەیە لێرانەدا دروست بووە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی پرۆژە یاساکە دەکەین لە پرۆژە یاساکەدا وا هاتووە، ئێمە ئەو پێشنیارەی ئێوە دەخەینە دەنگدانەوە کە پێم وابێت پێشنیارێکی دروستیشە بەوەی سەرۆکی هەرێم لە برگەی یەك لە ماددەی یەکەم لا ببرێ، دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ دایە ئەو برگەیە لا ببرێ؟ یان وای لێ دێ ئەمە لە زمنی سەلاحیاتی سەرۆکی هەرێم باسکراوە، بۆیە پێویست ناکات ناوی سەرۆکی هەرێم لێرەدا بمێنێتەوە، کێ لەگەڵ دایە سەرۆکی هەرێم لا ببرێ؟ باسمان کرد کاك تحسین، باسمان کرد با جارێ دانگدانەکە بکرێ، خراوەتە

دەنگدانەوە، (٧٢) پەرلەمانتار لەگەڵ دایە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ لەگەڵ ئەوەن، لیژنەی یاسایی ئەوە لە سیاغەی ماددەکە جێی بکەنەوە سەرۆکی هەرێم لەوێ لا ببرێ، پێشنیارەکانی تر سەبارەت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشنیارێك هەبوو کە بەشێکی زۆری ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵی بوون، بۆ ئەوەی ئەوە بکرێ بە کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رابسپێردرێ بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە، ئایا وشەی کاندید لەوێ ئیزافە بکەین، ببێ بە کاندیدیی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کێ لەگەڵ ئەمەیە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، مولاحەزەکان وتراوە، جارێ با دەنگدانەکە بکەین، (٧٣) کەس لەگەڵ دایە، کەواتە ئەوەش پەسەند کرا، سەرۆکی هەرێم کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رادەسپێرێ، فەرمووو کاك باپیر،

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەمت کە خستە دەنگدانەوە کێ لەگەڵێتی؟ دەبێ بشی خەیە دەنگدانەوە کێ لەگەڵی نییە؟ ئەوە نەکرا، بۆیە دەبوا ئەوە بکرابایە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك باپیر مادام زۆرینەی رەهای لەگەڵ دایە، فەرمووو کاك باپیر،

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرینەش بێ، دەبێ ئەوە موتتەبەعە، دەبێ بکرێ،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوە نییە کە کاندیدی سەرۆك وەزیران، ئەو وشەیەی کاندید لەگەڵ ئیزافە بکرێ؟

فەرمووو کاك مولود،

**بەڕێز مولود مراد محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتر عەرزم کردن ئەو پڕۆسەیە، پڕۆسەی دووەمە مەسەلەی راسپاردن، پڕۆسەی یەکەم تەواو بووە کە ناونانە، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستاندا کاتێك رێککەوتین لەم پەرلەمانە کاندید دەنگی هێنا، بوو بە راسپێردراو، دێتە قۆناغی دووەم، کەواتە بە کاندیدی نەماوە، چونکە ئەو پەرلەمانە دەنگی داوەتێ، ئێستا لە حاڵەتی دووەم بۆتە کەسێکی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەت، لە بەشێك کاندید لێرە دەوری نییە، جاری یەکەم دەوری هەیە، مەسەلە ناونانە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا مولود ئەو کاتە دەبێ بە سەرۆکی وەزیران کە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە متمانە وەردەگرێ، لیژنەی یاسایی دەتانبینم، فەرمووو کاك عادل،

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێشنیار دەکەم ئەو وشەی کاندیدە بگۆڕێ بە پاڵێوراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خرایە دەنگدانەوە، کاندیدە، نەك پاڵێوراو، فەرموو کاك فائق،

**بەڕێز فائق مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نا، کاندید بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەو شێوەی دەکا کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، گوایە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاندیدی ناردبێت، بۆیە ئەگەر بکرێ بە کاندید بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تازە خرایە دەنگدانەوە، کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یان کاندید بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، فەرقێکی ئاوها ناکات، فەرموو د. ڤالاً

**بەڕێز د. ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تکا دەکەین رای ئێمە وەربگیرێت پێش ئەوەی پێشنیارەکان بخرێتە دەنگدانەوە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای ئێوە وەرگیراوە، فەرموو د. ڤالاً

**بەڕێز د. ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر کاندید بۆ سەرۆکی وەزیران، ئەگەر تۆ سیفەتی سەرۆکی وەزیرانی نەدەیتێ، چۆن سەرۆکی هەرێم دەتوانێ تەکلیفی بکات بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران، ناکرێتن، تکایە مولاحەزاتی ئێمە وەرگیرێ پێش ئەوەی مولاحەزاتەکان بخرێتە دەنگدان،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مولاحەزاتی ئێوە خوێندرایەوە، پێش ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان رەئی لە سەر بدەن، کاندید بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەو کاتە دەبێتە سەرۆك وەزیران کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە متمانە وەربگرێ، نەك پێش ئەوەی حکومەتەکەی دروست بکات لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە حکومەتەکەی متمانە وەربگرێ، بوو بێ بە سەرۆك وەزیران، فەرموو کاك ڤەمان،

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بکار ئینانا زاراڤێ کاندید دیسانە مخالفەکە، تەناقوزەکە د گەل یاسا هەڵبژارتنا کو ڤێرێتە نەهاتیە بکار ئینان وشەیا کاندید، دیسان د کەڤینە خەلەتیەکە دی تر قانونی، رجا د کەین بەرچاڤ وەربگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەوا رەچاو بکەین ئەسڵەن ئەو ماددەیە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم موتەناقیزە لەگەڵ یاسای هەڵبژارنی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، و ئەم یاسایەش کە ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان دەنگی لە سەر دەدرێ دەبێ بە تەعدیلی بۆ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئەمە لە دەستور نەهاتووە تا پێچەوانە بێ، یاسا دەتوانێ تەقیدی یاسای پێش خۆی بکا، فەرموو کاک گوران،

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من وەك بڕیاردەری لیژنەی یاساییم، بەڕاستی ئیشی لیژنەی یاسایی لە سەر مەنەصە سیاغەی نەصی قانونە، و بەڕێزتان بەجۆرێك لە هەندێ شت موداخەلە دەکەن تەئسیر دەخەنە سەر رەئی دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان لە کاتێکدا ئیشی سەرۆکایەتی پەرلەمان زەبتی جەلسەیە، و لیژنەی قانونی ئیشی سیاغەی نەصی قانونیە، تۆ دەبێ دواهەمین سیاغە لەلایەن لیژنەی قانونییەوە بخەیە دەنگدان، و ئەگەر خیلافێك لە نێوان لیژنەی قانونی و دەستەی سەرۆکایەتی هەبوو خۆتان لە ناو خۆتان مشاوەرە دەکەن دوا سیاغە بۆ ئەندامان دەخەنە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوەی ئێستا خرایتە دەنگەوە خیلاف دروست بووە، تکایە رەئی لیژنەی قانونی لە سیاغەی ماددەی قانونی بە ئیعتیبار وەربگرن، ئەگەر نا وجودیان لە سەر مەنەصە زیادە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران چەند جار ئەمەمان باس کرد، رای لیژنەی یاسایی خوێندرایەوە، بەڵام ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ماڤی ئەوەیان هەیە را بدەن، زیاتر لە (١٠) ئەندام پەرلەمان لە کاتی وتووێژکردن لە سەر پرۆژە یاساکە قسەیان لە سەر ئەوە کرد کە ئەو دەستەواژەیە وای لێ بێ، بۆیە ناکرێ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان رای ئەوانیش وەرنەگرین، من باسی ئەوەم کرد کە هەندێك لە رای ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە، و پێویست دەکات بخرێتە دەنگدانەوە، کەواتە (٣) را هەبوو لە سەر ئەوەی کە ماوەکە لە (٣٠) رۆژەوە درێژ بکرێتەوە بۆ (٤٥) رۆژ، تەنها رایەك هەبوو بۆ ئەوەی کە کەم بکرێتەوە، ئێستا ئەوەش دەخەینە دەنگدانەوە، ئایا لە بڕگەی یەك راسپاردنەکە، فەرموو سهام خان،

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من تەئکید ل سەر ئاخافتنا کاك فائق هەبوو، و ئەز حەز کەم جەنابێتا گوتی فەرق نینە کاندیدێ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لە کاتی  گفتوگۆکردن ئەوەتان بووتبایە، بەڕێزان فەرموو سهام خان،

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەگەر ببیتە دەنگدان سەر عیبارەت تەسبیت بێتن ئەڤە دەبێتە ئەرکێ مە کو ئەم هشیار بین سەر تەسبیت کرنا سەر تشتێکی، چونکی ئەڤ د چیتە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لە کاتی  گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاساکە دەبوو رای خۆت بڵێی، ئەو ئەندام پەرلەمانانە بەو شێوەیە پێشنیاریان کرد، و پێشنیارەکەی ئەوانمان خستە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوە نییە کە ئەو دەستەواژەی کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کاندید ئیزافە بکرێ، (٧٢) ئەندام پەرلەمان لەگەڵی بوون، کێ لەگەڵی نییە؟ (١٦) ئەندامی پەرلەمان لەگەڵی نییە؟ نوقتەیەکی نیزامی هەبوو؟ کە دەبوو پێشووتریش بیخەینە دەنگدانەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە سەرەڕای ئەوەی کە زۆرینەی رەها لەگەڵی بوو، و پەسەند دەکرێت لە کاتێکدا کە زۆرینەی رەها لەگەڵی بوو، ئەوەش بریتی بوو لەوەی دەستەواژەی سەرۆکی هەرێم لا ببرێ، ئەوەی کە لیژنەی یاسایی لەگەڵی بوو، کێ لەگەڵ ئەوەیە سەرۆکی هەرێم وەك خۆی بمینێتەوە لە دەقەکەدا؟ (٦) ئەندام لەگەڵدان، کەواتە ئەو پێشنیارە ئێستا دەخەینە دەنگدانەوە، کە داوای ئەوە دەکات کە ئەو ماوەی (٣٠) رۆژە بکەین بە (٤٥) رۆژ، نوقتەی نیزامە؟ بەڵی فەرموو ابو کاروان،

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

تەنها رایەك بێ، رای تری لەگەڵدا نەبێت تەسمیە نەکرێت پشتگیری نەکرێت ناکرێتن،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(٣) کەس لەگەڵی بوون، بۆیە ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی کە کەمبکرێتەوە ئەوە تەنها یەك کەس بوو نایخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە (٣٠) رۆژە کە بکەین بە (٤٥) رۆژ؟ (١٤) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ دا نییە؟ (٧٤) کەس لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لە بڕگەی دوو: بەشێك لە ئەندامان، یەك کەس وای وت، بۆیە نەمان خستە دەنگدانەوە، بەڵێ فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو پێشنیارەی کە کرا بۆ ئیزافەکردنی وشەی کاندید لەلای منەوە بوو، کاندید بۆ پێکهێنانی کابینەی وزاری،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کە لێرە نووسراوە کاندیدی سەرۆك وەزیرانە وا نووسراوە، خرایە دەنگدانەوە، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەوانەیە وا نووسرابێ، بەس هەڵەیە ئەوە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خرایە دەنگدانەوە، بڕگەی دووەم لیژنەی یاسایی پێشنیاری ئەوەی کردبوو، بڕگەی دووەم لا ببرێ لە کۆی پڕۆژە یاساکە، بەڵام بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان کە لە (١٠) کەس زیاترە داوای ئەوەیان کردووە بڕگەی دووەم بمێنێتەوە، تەبعەن رای جیاواز هەبوو لە سەر ئەوەش، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کۆی بڕگەکە دەخوێنینەوە، فەرموو خاتوو تەلار،

**بەڕێز تەلارلطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،**

لە خاڵی یەکەمدا حکومەت و وزارەت ئەوە یەك لا نەبۆتەوە، نەخراوەتە دەنگدانەوە، ئایا لە سەر حکومەت یاخود لە سەر وەزارەت،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راستە ئەوەش خیلاف هەبوو لە سەری بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ئەوە بوون وشەی حکومەت وەکو خۆی بمێنێتەوە، رای لیژنەی یاسایی وابوو، کە بکرێ بە وەزارەت، ئەوەش دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو دەستەواژەیە بڕگەکە حکومەت وەك خۆی بمینێتەوە لە پڕۆژە یاساکە؟ (٢١) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ ئەوەیە حکومەت بگۆڕێ بە وەزارات؟ ئەوە رای لیژنەی یاسایی لەو بوارە رەچاو بکرێ، کە بریتییە لە وەزارات، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەزارەت بەکاربهێنرێ؟ دوو پێشنیار هەیە لەم بوارە، مادام حکومەت لابرا دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری لیژنەی یاسایی ئەوەیە کە وەزارەت بێ عەرەبیەکە، با نوقتە نیزامیەکە وەربگرین، بەس دەیخەینە دەنگدانەوە، با دەنگدان بکەین ئینجا دوایی نوقتەی نیزامی وەردەگرین، بەڵێ کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ مولاحەزەیەك وەزارەت جەمعە لە زمانی عەرەبیدا، بە کوردی دەڵێی وەزارەتەکان، بە بۆچوونی من ئەو وشەیەش کە بە ڕێز دکتۆرە ڤالاَ وتی، کە کراوە بە وەزارەت، تەبعەکە وەزاراتیش نیە وەزارەتە، جا بۆیە ئەگەر قەرارە ئێمە بە کوردی قسە بکەین، لە کوردیدا وەزارەت نیە، وەزارەتەکان هەیە، ئەگەر ئەوەش نیە هەر بەدیلێکتان پێ باشە من ڕازیم بەو شەرتەی کوردی بێ.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دەكەم ببێتە كابینەی وەزاری.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كابینەی وەزاریش لەناو پێشنیارەكاندا هاتووە باشە، مامۆستا مەلا انس فەرموو.

**بەڕێز مەلا انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ڤی بابەتێ حەقیقەت با فەرقێ بێتە كرن، ناڤبەرە پەیڤە عەرەبی و دەقێ عەرەبی، هەر وەسا دەقێ كوردی، هەیڤا (الوزارە) لە دەقێ عەرەبیدا هیچ موشكیلەك لەسەر نیە، ئەڤ پەیڤە هەیە شاملە هەمیە ڤێتە كرن، هەر وەسا كوردیە ژیدا ئەگەر هەر ئەو رامان بێ وەزارەت مەخسەد پێ هەموو وەزارەتن، ئەویش دیسا چ ئیشكال لەسەر نینە.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لە عەرەبیەكە وەزارەت هاتووە، ئیشكالی لەسەر نییە، كاك ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەزارەت لە موفرەدەكەیدا بە كوردی بەدیلی نیە، یەعنی هیچ موفرەدێك نیە ئەو جەمعەی كە لە عەرەبیدا هەیە، بۆیە باشترینیان كابینەی وەزارەتە، كە ئەو كاتی دەكاتن تەشكیلەكە بە كاملی و گشتی تر دەبێ.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارەش هەیە كابینەی وەزارەت، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر قسە لەسەر كوردی و عەرەبیە، ئەو دوو موستەڵەحە بێ، تەئكیدی دەكەمەوە كە هەردووكیان كوردی نین، دوو موستەڵەحی قورئانین، جارێ زاراوەی حوكم چەندین جار لە قورئاندا دووبارە كراوەتەوە، (افحكم الجاهلیة یبغون)( فاحكم بینهم بما انزل الله)، چەندی جار ئەم موستەڵەحە لە قورئاندا دووبارە كراوەتەوە، وەزیرش (واجعل لي وزیراً من اهلي هارون اخی)، لەبەرئەوە ئەگەر قسە لەسەر ئەوەبێ كە عەرەبی و كوردی بێ، بە تەكید دوو موستەڵەحی عەرەبیە، بەڵام دوو موستەڵەحی عەرەبیش بێ بووەتە كوردی لە كوردستانی خۆمان، هیچ مانعێك نیە كە بەكاری نەهێنین.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێ. سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەكەی من یەكێك لەو برایانە وتی.

**بەڕێز يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا مولود فەرموو.

**بەڕێز مولود باوە مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نازانم دیارە پێشنیاری كەس نانووسن، دیارە من هەر لەسەرەتای پێشنیاری خۆم وتم بیكەن بە كابینەی وەزارەت، بۆئەوەی نەجاتمان بێ.

**بەڕێز يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كابینەی وەزارەتیش نووسراوە، بەڵێ فەرموو بەهار خان.

**بەڕێز بەهار عبالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر كۆی پرۆسەی دەنگدانەكە هەیە، ئەو سیغانەی كە دەخرێتە دەنگدانەوە، سیغەكان ناڕۆشنێكی تێدایە، یان بەڕێزتان پێشنیار دەكەن لەبەر دەستی خۆتان بینووسن، سیغەیەكی ڕۆشن بدەنە دەستی پەرلەمانتاران دوایی بۆئەوەی بزانن دەنگیان لەسەر چ سیغەیەك داوە، دواتر كاتێك كە یاساكە هەموار دەكرێت، جێگیردەكرێت ئەوكاتە دەزانین كە ئێمە چ هەڵەیەكمان كردووە، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز عمر عينايەت حمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە پێكهاتنی كابینە لاببەین و بیكەین بە پێشكەش كردنی كابینە، یەعنی پێكهێنان واتە تەواو بووە، دەبێ بكرێت بە پێشكەش كردنی كابینە، وشەی پێكهێنانەكە هەڵەیەكی تێدایە.

**بەڕێز يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەبوو لەكاتی خۆی باست كردبا، هیچ هەڵەیەكی تێدانیە ڕادەسپێردێت بۆ پێكهێنانی حكومەت. بەڵێ كاك ابو كاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابوكاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەر مەوزوعێك، لە هەر خاڵێکدا ٤ ، ٥ موقتەرح بێ ناکرێت دوانی بخرێتە دەنگدانەوە، ئیتر ئەوە بکەن دەنگان لەسەری کۆتایی پێ دێت، بەڵکو پێویستە سیستەمی خەیارات بەکاربێنی، هەر سێ، چوارەکەی بخرێـە دەنگدانەوە، هەر کامێکی دەنگی زۆری هێنا ئەوە دەبێ.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە کاك کاروان پێشنیاری یەکەم ڕای زۆرینەی پەرلەمانتارانی بەدەست نەهێنا، پێشنیاری دووەم ڕای زۆرینەی بەدەست نەهێنا، پێشنیاری سێیەمیش دەخەینە دەنگدانەوە، کە بریتیە لە سێەم و چوارەم، وەزارەت دەنگی نەهێنا، وەزارەتی لیژنەی یاسایی و کابینەی وەزاری دەخەینە دەنگدانەوە، کێ نوقتەی نیزامی هەبوو؟ کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیادکردنی کاندید بۆ وەزارەت جەمع دروست ناکات، هەموومان یەك وەزارەتە ئەگەر مەبەستتان ئەوەبێت، کەواتە یان وەزارە بۆ هەر هەمووی زیادکردنی کاندیدی وەزارە هەر نیە، یەعنی جەمع دروست ناکات.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا با کابینەی وەزاری بخەینە دەنگدانەوە، کە ئەوە یەکێ بوو لە پێشنیارەکان، کێ لەگەڵ ئەوەیە پێکهێنانی حکومەت، نوقتەی نیزامی زۆرمان وەرگرت، بەڵێ فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆی سیاغەکەمان بۆ بخوێنەوە، ئێستا ئێمە تێناگەین بەڕاستی، بۆئەوەی ڕوون بێ سیاغەکە چیە.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی سیاغەکەش دەخوێنینەوە.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

بەلاَم کە دەنگی لەسەر درا، ئەوکات پێویست نابێ.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا با بزانین موناقەشەکە باسی ئەو وشەی حکومەت دەکرێت، ئێستا وای لێهات پاش ناولێنانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، پێکهێنانی حکومەت دەخەینە دەنگدانەوە، لەگەڵ ئەوە نەبوون ئەندامانی پەرلەمان حکومەت وەکو خۆی بمێنێتەوە لەگەڵ وەزارەت نەبوون.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆئەوەی ڕوون بێ لەلایەن پەرلەمانتاران، ڕستەکە هەمووی بخوێندرێتەوە، ئاماژە بکرێت لەکوێدا وشەکە دەگۆڕێت، بۆئەوەی ڕوون بێت.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وابزانم هەموو ئەندامانی پەرلەمان لەسەری قسە دەکەن ئاگایان لێیەتی، بەڵێ کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها مەبەستم ئەوەیە بە هەڵە لە زمانی میللەتەکەی خۆمان تێنەگەین، کە خەباتێکی دوورو درێژمان کردووە، یەك لەوانەش زمانە، بۆئەوەی هاوکارانم بەگشتی لەو مەسەلەیە تێبگەن، وەزیر وشەیەکی ساسانی پەهلەویە، لە ئەسڵدا وشەکە بزورگە، ئاخر بۆچی پێی دەڵێن وشەی عەرەبی، وشەی عەرەبی نییە.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، پێویست بەوە ناکات بەو تەوزیحە، سوپاس بۆ جەنابت، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە لە فەقەرەکەی دا هاتییە پاش ناولێنانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ناو هاتووە، بۆیە ئەگەر وەکو وەزارەت ببێ ناوهێنانی حکومەت، حکومەت شمولییە.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ڕەئییە کاکە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕەئیەکەی کاك گۆران ئازاد دەکەم، کە ئەولەویەت بدرێت بە ڕەئی لیژنەی یاسایی، چونکە لەبەرئەوەی ئەوانەی ئێمە دەنگ دەدەن، بەشێکی زۆرمان یاسایی نینە، بۆیە ئەولەویەت بۆ ڕەئی لیژنەی یاسایی بێت، زۆرم پێ باشە پشتگیری ڕەئی کاك گۆران دەکەم.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بۆ بەڕێزتان ماوەتەوە، ڕای لیژنەی یاسایش خراوەتە دەنگدانەوە، بەلآم ئەندامانی پەرلەمانیش ئەگەر ڕەئیەکی تریان هەبێ دەخرێتە دەنگدانەوە، دوا نوقتە نیزام، دکتۆر شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برای بەڕێزمان کاك فەرهاد سەنگاوی زۆر بەجوانی ڕوونی کردەوە، ئێستاکە کە دەڵێن کابینەی شەش، حەوت، هەشت، ئەوە تەعریفێکی ناسراوە، جا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران واتە سەرۆکی ئەوەی کە عیلاقەی بە کابینەکەی خۆیەوە هەیە، لەبەرئەوە حکومەت هەیبەتی زیاترە.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ڕەئیە کاك شوان، نوقتەی نیزامی نییە، باشە ڕەئیەك هەبوو لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، کە پێویست دەکات بیخەینە دەنگدانەوە، ئەویش ئەوەیە لەبڕی حکومەت بگوترێت کابینەی وەزاری، ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە، لەبری حکومەت کابینەی وەزاری، دوای ئەوە کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕادەسپێردێت بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری، لە ماوەیەکدا کە لە ٣٠ ڕۆژ تێپەڕ نەکات، کابینەی وەزاری بخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی؟ ٤ ئەندام لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ کابینەی وەزاری دانیە؟ ١٤ ئەندام لەگەڵی نیە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ ئەوەش پەسەند کرا، بڕگەی یەکەم وای لێدێ، پاش ناولێنان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری لە ماوەیەکدا کە لە ٣٠ ڕۆژ تێپەڕ نەکات، بڕگەی دوو بەڵێ فەرموو ماموّستا.

**بەڕێز مەلا انس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس مەد ڤێرێت تەعاروز ناڤ بەرە نەسە کوردی و عەرەبی دا چێنە بن، ئەم حەزکەین تەعدیلە نەسا عەرەبیش ژ بۆمە بێتە خوێندن.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی لیژنەی یاسایی دوایی ئەوەی تەسویتی لەسەر کرا، دەقە عەرەبیەکەشی دەبێ سیاغە بکەنەوە، لیژنەی یاسایی ڕای وایە لە ڕاپۆرتەکەی خۆیاندا، کە بڕگەی دوو لابرێت لە ماددەی یەکەم، بەڵام بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان ڕایان وابوو، کە وەك خۆی بمێنێتەوە، ڕای تریش هەبوو لەناو ئەندامانی پەرلەمان، یەکێك لەو ڕایانە ئەوەبوو کە کاندیدێکی نوێ سەرلەنوێ ناو بندرێتەوە بۆ پێکهێنانی حکومەت، جارێ ڕای لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگەوە، بەڵێ کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تۆ هیچ نەبا یەکێك لە ئیختیارەکان با ئیختیاری لیژنەی یاسایی بێ، کە بیخەیە دەنگدانەوە، هەردووکی ئیختیاری ئەوان نەبوو.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خستمانە دەنگدانەوە کاك تحسین، وەزارەت هی ئەوان بووە.

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد:**

بەس ئەوە سەرلێشێواوێك بۆ پەرلەمانتاران دروست دەكات، ناتوانن ڕەئی بە كاملی بدەن.

**بەڕێز يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕەئی درا كاك تحسين بە يارمەتی خۆت، لەسەر بڕگەی دوو ڕەئی لیژنەی یاسایی ئەوەیە لە راپۆرتەكەیاندا، كە ئەو بڕگەیە لابرێت، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو بڕگەیە لابرێت؟ دەنگدان كراوە فەرموو.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا ئێمە هەموو برادەران لەگەڵ ئەوەین بڕگەكە بمێنێتەوە، لیستی براوەی دووەم فرسەتی بدرێتێ لەلای ئێمە، كەچی هەموو دەنگیشیان پێداوە.

**بەڕێز يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ڕای لیژنەی یاساییم خستە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو بڕگەیە بە تەواوەتی لابرێت؟ دەستتان بڵندكەن، كێ لەگەڵ ئەوەیە لابرێت؟ ٤٧ ئەندام لەگەڵ ئەوەیە لابرێت، وەكو ئەوەی كە لیژنەی یاسایی لە راپۆرتەكەی خۆیاندا پێشنیاریان كرد بوو، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو بڕگەیە بمێنێتەوە، دوای ئەو هەمواركردنەوانەی كە داوا كرابوو لەسەری بكەین, كێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنیتەوە ئەو بڕگەیە؟ نابێ قسەی لەسەر بكرێت، كێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە ماددەی دووەم لە ئەسڵی پڕۆژە یاساكە بمێنێتەوە؟ دوایی ئەو ڕایانەی لەسەر هەمواركردنی بەرچاو بخرێت، دەست بڵند بكەن، ٤٠ ئەندام لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە، ٤٧ ئەندامیش لەگەڵ ئەوەبوو كە لابرێت، كەواتە موناقەشەی ناكەین، ئەو بڕگەیە لادەبرێت لە دەقی پڕۆژە یاساكە، دێینە سەرماددەی دووەم، كەواتە ماددەی یەكەم تەواو، لە یەك بڕگە پێكهاتووە، تكایە بێ دەنگی، ئێستا ماددەی یەكەم لە یەك بڕگە پێكهاتووە، چونكە بڕگەی یەكەم، دوایی لیژنەی یاسایی سیاغەی دەكاتەوە، كە بەمشێوەیەیە، پاش ناولێنانی لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە ، كاندیدی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران ڕادەسپێرێت بۆ پێكهێنانی حكومەت لە ماوەیەكدا، كە بۆ پێكهێنانی كابینەی وەزاری لە ماوەیەكدا، كە لە ٣٠ ڕۆژ تێپەڕنەكات، مادام دووەم: پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەكان، ئیدارەكان ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن، كەس ڕایەكی هەیە لەسەر ئەو بڕگەیە؟ ناوی خۆتان بنووسن لەسەر ئەوەی قسەی لەسەر بكەین، بەڵێ كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە بڕگەی دوو لادەبرێت، ئێمە بە بڕگەی یەكدا ٣ ڕۆژمان دەرفەت داوە، دوای ئەوە چی ڕوودەدات، یەعنی ئەگەر ئەو هێزە بۆی تەشكیل نەكرا، چ شتێك دروست دەبێت، یەعنی بۆئەوەی ڕوون بێ.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە لاتان برد، دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان لای برد.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئایا لەڕووی قانونیەوە چی دروست دەبێت؟

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەو ڕەئیەم لێ قبوڵ بکەن، ئەو یاسایەی کە ئێستا کەمێك گرفتی دروست کردووە لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکان، کە حەقە خۆیان ئەو ئیشکالەیان هەبێ، ئەمە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمە، بڕگەیەکی هەموار دەکرێت، سەرۆکی هەرێم تەکلیف دەکات، عەمەلیەی تەسمیە لە پەرلەماندا ئەم وردەکارییەی کە ئێستا باسی دەکەین لیستی زۆرینە بێ، لیستی دووەم بێ، لیستی سێیەم بێ، ئەوە دەبێ لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لە سەلاَحیەتەکانی پەرلەمانی کوردستانە، ئێستا ئێمە قسە لەسەر یاسای هەڵبژاردن ناکەین، کە ئیشی تەسمیە، ئیشەکە یەکەمجار هی پەرلەمانە، تەکلیف ئیشەکە، ئیشی دووەمی سەرۆکی هەرێمە، ئێمە ئەگەر بێینە سەر یاسای پەرلەمانی کوردستان، باسی ئەوە بکەین لیستی زۆرینە بێ، لیستی دووەم، لیستی سێیەم بێ، ئۆتۆماتیکییەن ئیشەکەی سەرۆکی هەرێم بەس تەکلیفە، ئەسڵەن دەسەلاَتەکە بۆ پەرلەمانە، لەبەرئەوە ئەم ئیشکالەتانە ئێمە دەتوانین لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لە ئایندەدا دەتوانین موعالەجەی بکەین، نەك لە یاسای سەرۆکایەتی.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەچینە سەر وتوێژ کردن لەسەر ماددەی دووەم، ئەو یاسایە خرایە دەنگدانەوە، کۆتایی پێهات، ماددەی دووەم لە یاسای هەموارکردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، کاك عادل فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە جۆرێك لە ناڕۆشنی هەبوو، لە شیکردنەوەی خاڵەکاندا، دوای ٣ ڕۆژ ئەگەر حکومەت تەشکیل نەکرێت، دوای ئەوە چی ڕوودەدات؟.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای ئەوە سەرلەنوێ ئەو پرۆسەیە لە پەرلەمانی کوردستانەوە جێبەجێ بووەتەوە، پرۆسەکە بەمشێوەیە دەڕوات، ئێستا بەپێی یاساکە پرۆسەکە بەمشێوەیەیە، ناونان لە پەرلەمانی کوردستان دەبێ، دەڕواتە لای سەرۆکی هەرێم ڕاسپاردنە، ٣٠ ڕۆژ بۆ سەرۆکی هەرێمە، بۆ سەرۆکی حکومەتە، لە دوای ڕاسپاردن حکومەت

تەشکیل بکات، ئەگەر ئەوە نەبوو، هیچ دەقێك نیە کە ڕێگر بێ، لەبەردەم ئەوەی کە سەر لەنوێ پرۆسەی ناونانی لە پەرلەمان ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەوە دوایی لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت جێی بکرێتەوە، ماددەی دووەم بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز علی علی هاڵو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم پێش ئەوەی پرۆژە یاسای یان ماددەیەك لە پرۆژە یاساکە بخرێتە دەنگدانەوە زیاتر گفتوگۆ بکرێت، هەندێك لە ماددەکان لای ئێمە ڕۆشن بوون، سوئالی دووەمیشم بۆ لیژنەی یاسایی پێش ئەوەی پرۆژە یاسا بێنە ناو هۆڵی پەرلەمان، زیاتر بە تێروتەسەلی تر گفتوگۆ بکرێت، لەلایەن زمانەوانیش زۆر گرفتی تێدابوو، ئەمەش بە ڕەئی من باش نیە بەمشێوازە پرۆژە یاسا بهێنرێتە هۆڵی پەرلەمانەوە، سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی، ئەو پرۆژە یاسایەتان لە بەردەمە لە خوێندنەوەی یەکەمەوە، حەقە ئێوەش باش خۆتان حازر بکەن، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاساکان، وەقتێکی زۆر زۆر درا بە ئەندامانی پەرلەمان، بۆئەوەی وتووێژی لەسەر بکەن، لە یەکەم ڕۆژی خوێندنەوەی یەکەمەوە ئێوە دەتوانن ڕۆڵەکانی خۆتان گەلاڵە بکەن سەبارەت بە کۆی یاساکە، ماددەی دووەم، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەسەوری من ئەم حاڵەتەی دروست بووە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئێمە لەناو هۆڵی پەرلەماندا ڕاپۆرتەکەمان وەرگرت، من دڵنیام ئێستا بەشێك لە پەرلەمانتاران لێرە دەچنە دەرەوە پەشیمانن لە هەندێك لەو دەنگانەی کە داویانە بەو بڕگەیە، بۆیە تکا دەکەم بۆ جاری داهاتوو ئەگەر ئەو قسەیەی کاك محمد دەیکات ئەڵێ لەناو بۆکسەکانتان دامان ناوە، واشە، من نازانم وایە یان وانییە؟، بەڵام تکا دەکەم لەکاتی دەنگدان، دەوامی پەرلەمان، دەوامی حەقیقی کە ئێمە لێرە حزورمان هەیە، شت بخرێتە ناو بۆکسەکانمانەوە نەك لێرە بخرێتە بەر دەستمان، لەبەرئەوەی ئەم قانونە بوعدێکی سیاسی و قانونی هەیە، بەش بە حاڵی خۆم وا ئەزانم ئێمە لە فراکسیۆنی خۆمان هەندێکمان هەڵەمان کرد لە دەنگدانەکە.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن ڕای خۆیان دەربڕن، بەڵام ڕاستدەکەی پێویست دەکات زووتر ڕاپۆرتەکە بچێتە سندووقی ئەندامانەوە، بەڵام هێشتا ڕەنگە نەمان توانی بێ ئەو بەرنامەیەی کە هەمانە، بۆئەوەی پرۆژە یاساکان پێش وەقت بگاتە سندووقی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان نەمان توانیوە تەکەیوف بکەین، لە ماوەی داهاتوودا بە دڵنیاییەوە ئەو سەرنجە ڕەچاو دەکەین، نەك هەر ئەوەی کە پێش دانیشتن چەند ڕۆژێك پێش دانیشتن دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین، کاروباری پەرلەمان بۆ ٤٨ کاتژمێر

پێش ئەوە بیخاتە سندووقی ئەندامانەوە، بۆ دڵنیایی بەڕێزیشتان راپۆرتەکەیان لەلا بووە، پێشمان وتوون بیخەنە سندووقەوە، بەڵام بەهۆی خەلەلێکی تەکنیکیەوە ئەمجارە وای لێهات، پێم وابێت ئەم پرۆژە یاسایەی ئەمڕۆ، ژمارە ماددەکانی زۆر کەمن، راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایش زۆرکەمە، پێم وانیە ئەوەندە ئیشکالێکی گەورەی دروست کردبێ، دێینە سەر ماددەی دووەم: ئەگەر گفتوگۆنەبێ لەسەری دەیخەینە دەنگدانەوە، کەس ناڕازیە لەسەر ماددەی دووەم؟ پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایەی جێبەجێ بکەن، لیژنەی یاسایش هیچ ڕایەکی لەسەر نیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە وەك خۆی بمێنیـتەوە؟ ٨٠ ئەندام لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە هەموار بکرێت یان لابدرێت؟ کەواتە کەس لەگەڵ ئەوەنیە، کەوایە ئەوە پەسەند کرا، ماددەی سییەم: کار بە هیچ دەق و یاسایەکی دیکە ناکرێت پێچەوانە بێت لەگەڵ بڕگەکانی ئەم یاسایە، هیچ وتوێژێك هەیە لەسەری؟ هیچ وتوێژێك نیە لەسەری، دەیخەینە دەنگدانەوە، ماددەی سێیەم: کار بە هیچ دەق و یاسایەکی دیکە ناکرێت پێچەوانە بێ لەگەڵ بڕگەکانی ئەم یاسایە، کێ لەگەڵیەتی؟ ٨٨ ئەندام لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ نیە؟ هەمووی لەگەڵیەتی، کەواتە ئەو ماددەیەش پەسەند کرا، ماددەی چوارەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، کێ وتوێژی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ ماددەی چوارەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، با ناوەکان بنووسین مادام، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسیوە (مامۆستا انس- د. سیراج- کاك ئومێد- مامۆستا رابوون- سۆران عمر- علی حمە صالح- عمر عینایەت- کاك فائق، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسیبوو، مامۆستا انس، مامۆستا سیراج، کاك ئومێد، مامۆستا ڕابون، کاك سۆران عمر، علی حەمە صالح، عمر عینایەت، کاك فایق، کێی تر قسەی هەیە، فەرموو، کاك گۆران، د.ڕێواس، کاك بەیار، حیات خان، شیرین ، ئومێد حەمە علی، کاك زانا، پەروا خان.دەست دەکەین بە وتووێژ کردن، تکایە زۆر بە کورتی بیرو بۆچوونەکانی خۆتان بڵێن، مامۆستا انس، فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل سـەر مـاددێ چارێ، بێـژیتن وەختـێ وێ ژ دەمـێ بـەلاڤ کرنـا وی وەقـایعێ کوردسـتانێ بـە رەسمـی بێتـە هەژمار کرن، گەل وێ چەندێ نینن، ئەم دگەل وێ چەندینە، کو وەختـێ وی ژ دەمـێ تـەکلیف کرنـێ بێتـە حیسابێ، نەچیتە دەمێ بەلاڤ کرنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ڕوون نەبوو بیرو بۆچونەکەت.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مامۆستا ئەوە ل ڤێرێ د بێژیتن (یوم نشره في جريدة وقايع كردستان) ئەو بێتە هەموار کرن، (یوم اصداره) یەعنی دەمێ دێتە ئیسدار کرن نەشر بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی نەشر بکرێ لە ڕۆژی دەرچوونیەوە، مامۆستا سیراج فەرموو.

**بەڕێز سیراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازەکەی من مامۆستا انس باسی کرد، بۆیە وا بە پەسەند ئەزانین کەوا ئەو ماددەیە نافیز بکرێ لە ڕۆژی دەرچوونی لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە، نەوەك لە ڕۆژی نەشر کردنی لە وەقایع، لەبەر ئەوەی کاتی ئەوێت تا دەچێتە وەزارەتی عەدل و کاتێکی زۆری دەوێ، ئینجا بۆیە با لەو وەزعە چەق بەستیوە خەڵکی کوردستان کۆتایی پێ بێت و خەڵاس بێ، داوا دەکەین لە ڕۆژی ئیسداریەوە ئەو یاسایە تەنفیز بکرێ و بکەوێتە ریزی جێبەجێ کردنەوە، داواش لە ئەندامە بەڕێزەکان دەکەین کەوا دەنگی بۆ بدن بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئومێد خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان لە پێش من مامۆستا انس و د.سیراج پێشنیارەکەیان کرد، تەئیدی پێشنیارەکەیان دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا ڕابون فەرموو.

**بەڕێز ڕابون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو برادەرانە دەکەم کە قسەیان کرد پێش من، مامۆستا انس، مامۆستا سیراج، کاك ئومێد خۆشناو، بەس تەنها سەرنجم ئەوەیە کە داڕشتنەکە بەجۆرێك بێ کە زۆر بە وازحی، بەبێ پێچ و پەنا دیاربێ بۆ جیا کردنەوە لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە، ئەم یاسایە کاری پێ دەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ کاك ڕابوون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عمر حەمە صالح فەرموو، زۆر سوپاس، کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من مامۆستا سیراج و کاك ئومێد خۆشناو کاك ڕابوون و کاك عمر عینایەت کردیان پشتگیریان لێ دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك فایق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیامەکەی من گەیشت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك گۆران ئازاد فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە یاسایەکی بە پەلە نییە، یەك، دوو، دوو ڕەئی هەیە، چونکە ڕەئیەکەی لیژنەی یاسایش موناقەشە کرا، یاسا بەپێی قانون هەتا نەگاتە ناو خەڵك ناچێتە نافز بوون، واتە ئەم یاسایە کە دەردەچێ لێرە، دەچێتە سەرۆکایەتی هەرێم، واژوو دەکرێ، دەچێتە وەقایع و بلاّو دەکرێتەوە، هەتا ئەو ڕۆژەی لە وەقایع بلاّو نەکرێتەوە، قانونەکە ناچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بۆیە ئێمەش وەکو لیژەی یاسایی ئەو ڕەئیەمان داوە، ئێمە لە تەجروبەی قانونی حگە لە لە عەفووی عام کە کاتی تیا نەبووە، هیچ قانونێکی وا ڕەئی تیا نەبووە کە بلێی لە ڕۆژی دەرچوونیەوە پەسەند بکرێ، هەتا لە وەقایعیش بلاّو نەبێتەوە ئەگەر واش بنووسی هەر ناچێتە بواری جێبەجێ کردن، بۆیە وەك خۆی من لەگەڵ نەسەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، تۆ لەگەڵ ئەوەی کەوەکو خۆی بمێنێتەوە، دوایی ڕەئی لیژنەی یاسایش وەرئەگرین لەسەر ئەم مەوزوعە، نوقتەی نیزامە کاك مەردان؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قاعیدەیەکی عامی قانونی هەیە کە ئەڵێت(لایجوز التعذر بجهل القانون) قانون کەی تەواو ئەبێ، کاتێ کە نەشر بکرێ، لەبەر ئەوەی ئێمە یان ئەوەتا یاسا ئیشمان پێیەتی بە پەلە ئەبێ، بەلاّم هەر ناشبێ، چونکە (لایجوز التعذر بجهل القانون) ئەمە قانونێکی قاعیدەی قانونە، جهلیش کەی تەواو ئەبێ وەختێ کە نەشر ئەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ ئیزافە ئەمەوێ دەقی ماددەی ٦٤، لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانتان بۆ بخوێنمەوە، ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمان دەردەچن لە ڕۆژنامەی تایبەتی بلاّو دەکرێنەوە، کە خۆی دەری دەکات، لە ڕۆژی بلاّو کردنەوەشیان جێبەجێ دەکرێن، ئەگەر مێژوویەکی دی بۆ دەست نیشان نەکرابێ، جگە لە پەیڕەوی ناخۆی هەرێمی کوردستان، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ماددەی ٩٥ هەر بە دەق هاتووە، ئەڵێ ئەم پەیرەوە لە ڕێکەوتی دەرچواندنی کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی بلاّو دەکرێتەوە، هیچ موخالەفەی قانونی تیا نیە، بەلاّم ئەتواندرێ ڕەئی جیاوازی تیا بێ، د.ڕێواس فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواس فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکەی کاک مەولود دەکەم، تەئکید ئەو قاعیدەیە (الجهل بالقانون لیس بالعذر) ئەوە حیکمەتیش لە بلاّو کردنەوە بۆ ئەوەیە خەڵك بزانێ یەعنی عوزری نەبێ لەم قانونە، قانونەکە زۆر ڕەبت نیە بە خەڵك، بەلاّم موهیمە بۆ ئەم قاعیدە قانونیە، بلاّو بکرێتەوە ئینجا بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بەیار فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی پشتەڤانیا تەداخولی کاك گۆران ئازادی و کاك مەولودی و خوشکە ڕێواز دەکەم، چونکە بەدیلیاتێت شەرعیاتێ ئەوەن پشتی هەر تەشریعەك نەهێتە بەلاڤ کرن، بلا پشتی نەشرێ ببیتە رەسمی ڤە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حیات خان فەرموو.

**بەڕێز حيات مجيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسجەكەی من د.سيراج گەياندی، بەڵام نوقتەيەكی تر هەيە، ئايا ڕۆژنامەی وقايعی كوردستان هەمووكاتێك ئيلتيزام ئەكات بە وەختی خۆی و لەكاتی خۆی دەرئەچێت؟، ياخود تەئخير دەبێ.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆرە كاك سيراج گوتی لە ڕۆژی دەرچونيەوە كاری پێ دەكرێ، ڕەئی وابوو، تۆ لەگەڵ ئەوەی لە ڕۆژی دەرچوونيەوە كاری پێ بكرێ، يان لە ڕۆژی بڵاو بوونەوەی لە وەقايعی كوردستان؟.

**بەڕێز حيات مجيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم لە ڕۆژی دەرچونيەوە كاری پێ بكرێ، بەڵام ئايا وكو پرسيارێك لێتان ئەكەم، تەئخير نابێت لە بڵاو كردنەوەی؟.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من نازانم، ئێستا علمم نيە لەسەر ئەوە، بەڕێز حيات خان، بەڕێز شيرين خان فەرموو.

**بەڕێز شيرين حسنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووبارە ناكەمەوە هەمان پێشنياری مامۆستا انس و د.سيراج، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ئوميد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان.**

من پشتيوانی دەكەم كە لە ڕۆژی دەرچواندنی ياساكەوە جێبەجێ بكرێ.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز شيلان خان فەرموو.

**بەڕێز شيلان جعفر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منيش قسەكانم دووبارە ناكەمەوە، چونكە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان باسيان كرد، منيش پشتگيری ڕەئيەكانی د.سيراج و كاك رابوون و كاك ئومێد دەكەم، لەگەڵ زۆربەی تری.

**بەڕێز د.يوسف محمد صديق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕەخنەیەکم هەیە بۆ جەنابت، ڕاستیەکەی لایەنداری پێوەدیارە، ئەو یاسایانەی کە جەنابت ئەتەوێ لە مەسلەحەتی خۆتانە زۆر ڕوونکردنەوەی لەسەر ئەدەی، بەداخەوە من ئەوەی کە تێبینیم کرد بە تایبەت لەم یاسایە، زۆر تەئکید کردەوە، خوێندتەوە، بۆ یاساکانی تر داوای تێبینی ئەوەم کرد کە بە ڕستە بخوێندرێتەوە، نەوعێکی تر بەڕاستی مامەڵەت کرد، لەبەر ئەوە من هەمان ڕەئی ڕێواز خان و کاک مەولود باوە مرادم هەیە، ئەگەر مەسەلەکە تێپەڕاندنی یاسابێ، بەس بۆ ئەوەی بەخێرایی ئەم یاسایە تێپەڕێنین، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بۆیە ئومێد دەکەم لایەنداری تیا نەبێ، لەمەسەلەی بەڕێوەبردنی جەلسەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک زانا، ڕەئی هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ڕەئی ڕێز لێ گیراوە، بەڵام مەسەلەیەك بێتە سەر ئەوەی کە یاساییە یان یاسایی نیە، ئێمە لێرە قسە دەکەین، باس لەوە ئەکەین کە بەپێی یاسا یاساییە، ئەوە رەئی جەنابیشت یاساییە، ئەو ڕایەی تریش هەر یاساییە، بۆیە بەس تەنها قسەمان لەسەر ئەوە کردووە، نەوەك ئەوەی کە وتیشمان ڕای هەمووان ڕێز لێگیراوە، بەڕێز پەروا خان فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پەیامەکەم گەیشت لەگەڵ ئەوەم کە لەڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ بکرێ، وەك ئەوەی لە ماددەی ٩٥ بەپێی پەیڕەوی ناوخۆش رەئیمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم امینە خان نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز امینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها زێدە کردنەك من دڤێت بدەم، بۆ دەنگدان ل سەر یاسا، ب ڤی شیوازیە، ئەگەر هاتو ماددە ماددە هاتە موناقەشە کرن، ڕەئیێ گەلەك جودا هەبن، بۆ هندێ ئاسانکاری بێتە کرن، بۆ رستە یان ژی داڕشتنا وێ ماددێ یاسایێ، دڤێت ئەو خال یان ئەو بەندێت گەلەك چوونە دەنگدانێ، یەعنی پرۆسێ سەر دەنگدانێ ب ڤی شێوازیە، پشتی هنگی دکەویتە رستەی سەرەکی دێتە خاندن و دەنگدان ل سەر دکرێت، عەمەلیە یان عەمەلی نییە، عەمەلەکا قانونی بویەو زۆریش دروستە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئی لەسەرە ئەم ماددەیە، چونکە ئێوە وەکو خۆتان لاتان بردووە، ئێوە خۆتان واتان هێشتۆتەوە.

**بەڕێز د.ڤالاّ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایدا هاتووە، ئەوەیە کە یاساکە لە ڕۆژی نەشر کردنی لە جەریدەی وەقایعی کوردستانی کە جەریدەیەکی رەسمیە، دێتە نافیز کردن، ئەوەیان قاعیدە عامەیە لە یاسادا، بەلاّم مانای ئەوە نییە کە ئەو قاعیدە عامە ئیستیسنای لەسەر نییە، بەڵکو ئیستیسنائەن دەتواندرێت پەرلەمان بڕیار بدات، کە ئەو یاسایە دێتە نافز کردن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە، بەلاّم ئێمە هەموومان دەزانین کە هەموو ئیستیسنایەك پێویستە لە یاسادا تەسبیت بکرێ، بۆیە کاتێك ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار دەکەن، دەنگی بۆ دەدەن کە ئەو یاسایە لە ڕۆژی دەرچونیدا نافز بکرێ، ئەوەیان یاساییە، بەهیچ شێوەیەك هیچ خەرقێکی قانونی تێدانیە، سوپاس سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کەواتە ئێستا دوو پێشنیار هەیە، نوقتەی نیزامیە کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە هەفتەی ڕابردوو بڕیارماندا ڕۆژی چوار شەممە، دوا مۆڵەتە بۆ دیاری کردنی کاندید، وەیانیش .....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە...

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر نیزامی نەبوو ڕەشی بکەوە لە پرۆتۆکۆل، ئەمە یەك، دوو، هاتم جەلسەکە سێ شەممە دانرا، ئەم پرۆژە یاسایەش پێشەکی دانرا، کە داوامان کرد ڕۆژی چوارشەممە ئەخیر مەوعیدتانە، قسە لەسەر ئەوە کرا کە ئەم پرۆژە یاسایە بە ئالیەتێکی تر بکرێ، دەکرێ وکاتی دەوێ، ئەمە ڕەبتی بە مەسەلەی تەسمیە نییە، ئێستا هاتوین بوویتە یاری کردن، یاری کردن بەم شێویە لەگەڵ فراکسیۆنەکان، ئێستا هاتووین بەشێك لە ئەندامان یاریەکە لەسەر ئەوە دەکەین کە ئەم یاسایە لە ڕۆژی درچوونیەوە جێبەجێ بکرێ، واتە جارێ خەرقی سبەینێیە، کەس بێی نییە، بەپێی بڕیاری پەرلەمان دوا مۆڵەتت دا، واتە تۆ لەم ڕووەوە ڕێ دەگری لە تەسمیە کردنی......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران ئەسلەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ئەسلەن ئەو ڕۆژەیە کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە واژوو ئەکرێت نەوەك ئەمرۆ، ئەمرۆ پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر ئەدات، دوایی ئەنێردرێ بۆ لای سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی هەرێم لە ماوەی ١٥ ڕۆژ یان واژوی ئەکات، یان رەتی دەکاتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان،

ئەگەر لەو ماوەیەش سەرۆكی هەرێم بێ دەنگ بوو لێی، ئەوە لە لایەن پەرلەمانی كوردستانەوە دەرئەكرێت، من نازانم ئەمە هیچ تناقضێكی نیە لەگەڵ ئەوەی كە پرۆسەی ناونانی سەرۆكی حكومەت، جێگری سەرۆكی حكومەت ئەمڕۆ یا سبەی یا دوو سبەی یا تا ئەو ڕۆژەی ئەم یاسایە لە لایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە ئیمزا ئەكرێ، وەكو دەقی ئەسڵی یاساكە، پێشتر چۆن بووە، هیچ ڕێگریەك لەبەر دەم ئەوە نیە كە ڕێگری بۆ ئەنجام بدرێ، بەڵام پێویست ئەكات ئەمە ڕای پەرلەمانتارانی لەسەر وەربگیرێ، ئێستا دوو پێشنیار هەیە، پێشنیارێكیان ئەوەیە كە دەقی ئەم ماددەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، ڕای لیژنەی یاسایش بەم شێوەیە كە وەكو خۆی بمێنێتەوە، كاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا لە سەرەتای پرۆسەكە هەتاوەكو ئێستا خەلەل لەو موناقەشەیە هەیە، بۆ ئەوەی باگراوەدی سیاسی و ڕێكەوتنی دوو كوتلە زاڵە بەسەر بابەتەكان، ئەوەندە ڕەهەندێكی قانونی و یاسایی كە ئێمە ئیشمان بەپێی یاسایە.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خلف ئیتیهام مەكە، بڵێ پێچەوانەی چ بڕگەو ماددەیەكە باسی بكە، تۆ نوقتەی نیزامیت كردووە، پێچەوانەی چ بڕگەو ماددەیەكە.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی ٧٢ لە پەیڕەوی ناوخۆ، پێویست بوو بابەتەكە لەبەر دەستی ئێمەبووایە، لەبەر دەستمان نەبووە، ئێستا بۆ علمی خەڵك ناكرێ ئەو پرۆسەیە بەبێ ئەوەی بچێتە وەقایعی كوردستان، لە ڕۆژی نافیزەوە لە ڕۆژی دەرچوونەوە جێبەجێ بكرێ، تكایە ڕەهەندە قانونیەكەی زۆر زەعیفە با بە هەدەر نەڕوات ئەو پرسەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خلف دەقی ماددەكەمان خوێندەوە، لیژنەی یاسایی ڕای خۆی لەسەر ئەوە باس كرد، هەردوو پرۆسەكە ڕاستە، هەم ئەكرێ لە ڕۆژنامەی وەقایع بلاو بكرێتەوە دوایی موناقز بێ، وەهەم بەپێی ئەو ماددەیەشی كە خوێندمانەوە، لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، ئەوە ئەتواندرێ مێژوویەكی تری بۆدیاری بكرێ، نوقتەی نیزام كاك قادر؟ فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حیكمەت لە بلاّو كردنەوەی یاسا ئەوەیە، بۆ ئەوەی هیچ كەسێك بەهانەی نەبێ كە ئەم یاسایە دەرچووە، یەعنی بلاّوكراوەتەوە، لە وەقایعی كوردستان، یەعنی ناكرێ بێ قەید و شەرت قەرار بدرێ ئیستیسنا بكرێ لەسەر دەرچوواندنی، یەعنی چ نیەتێك لە پشتەوەی ئەمە هەیە، دیاربێ؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر ئەمە نوقتەی نیزام نیە، ئەمە ڕەئی جەنابتە، نوقتە نیزام نیە، بەڵێ د.ڕێواس.

**بەڕێز ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزت كە كاك خلف ڕەئیەكی خۆی ئەڵێ پێی ئەڵێی ئیتیهام مەكە بە گوێرەی كام مادده ئیتیهاممان ئەكەی، بەڵام پێش سەعاتێك لەو میمبەرەی پەرلەمان ئەو مایكە موتلەقەی كە كەس ناتوانێ دەستی پیا بنێ بۆ ئەوەی دایبخات، بەكارت هێنا بۆ ئیتیهام كردنی خولی سێی پەرلەمانی كوردستان، بەگوێرەی چ ماددەیەك تۆ ئەو ئیتهامەت كرد؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڕێواز بۆم باس كردی، ئەوەمان باس كرد كە عورف مەبنای هەڵە ناكرێ، ئێمە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان جێبەجێ دەكەین، ئەگەر پەیڕەو جێبەجێ نەكرا لە خولی ڕابردوو، ئەوە ناكرێ بە مەبنای ئەوە بكرێ، پەیڕەو جێبەجێ نەكراوە، ئێمە بەردەوام بین لەسەر ئەوە، تەبعەن بۆ زانیاری جەنابتان ئێمە ئێستا لە دەستی سەرۆكایەتیش موناقەشەمان كرد، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، سەبارەت بە موناقەشەی پڕۆژەكانی لیژنە پەیوەندیدارەكان، خەلەل هەیە بەڕاستی، لەم دانیشتنەی ئەمڕۆش بۆمان دەركەوت كە خەلەل هەیە، پێویست دەكات ئەو بڕگەیە چاك بكەین، بۆیە دەستەی سەرۆكایەتی ئێستا قسەمان كرد لەگەڵ لیژنەی یاسایی، لەگەڵ سەرۆكی سەرجەم فراكسیۆنەكانی پەرلەمانی كوردستان دانیشتنێك دەكەین، بۆ ئەوەی لەمەولا بەشێوەیەكی باشتر، ڕاپۆرتی لیژنەكان و یاساكان لە پەرلەمانی كوردستان موناقەشە بكرێ، ئەمە ڕێ و شوێنێكی بۆ دائەنێین هەوڵ دەدەین بە زووترین كات ئەو بڕگەیە لە پەیڕەوی ناوخۆ هەموار بكرێ، بەڵێ بەڕێز گەشە خان ئەگەر نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەكاتێك لە هەفتەی پێشوو، ئەو مودە زەمەنیەمان دانا قانونێكی تر سەرەوەتر بوو، سەرەیانی هەبوو بەسەر ئەوەی كە دامان ناوە، لێرە ئێمە ئەمڕۆ لەم ڕۆژەیا پشتگیری قسەكەی كاك گۆران دەكەم، لەكاتێك لەم ڕۆژە بڕیار ئەدەین لە ڕۆژانی دەرچوونیەوە ئەم یاسایە جێبەجێ بكرێ، تەواو متناقضە لەگەڵ ئەو

بڕیـارەی ڕۆژی چـوار شـەممە، قـانونێکی تـر بەسـەر نـافز مـەفعول بـووە، دووبارەیـە، بـەلاّم ئەمـەوێ ڕوونکردنەوە بێ بۆ هەڤالأنم، ئێمە قانون نەکەینە دەستپێکی کارەکانمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دووبارەیە، ئەمە دووبارەیە، بەڵێ کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو بۆچوون ل بەر دەستێ هەوە هەین، موناقەشاتێتە هەمی زێدەنە، ڕەئیا لیژنا قـانونی موقەیـەد نینـە، ئیحتیمالا هەندێ ژی بۆ چوونێ بیت، یا بەلاڤ کرنێ بیت ڕۆژناما وەقایعا کوردستانێدا، بیخە دەنگدانێ و خەلاس، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێموابێ ئیتر ڕوونە ڕەئیەکان هەمووی وتران، نوقتە نیزامیەکانیش باس کران، امنە خانیش دەستی بەرز کردەوە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دڤێت سەرنجێ بدەمە هندێ کو ئەگەر فراکسیۆنا یا کەسك، هزرێ سەر هندێ دکەتن هەڤالێ من گۆران ئاماژێ پێدا، بەحسێ هندێ ئەڤە یاریەکا سیاسییە، هیچ یاریەکا سیاسی نینە، بەلکە ئەڤە یاسایەکێ زێدە دەرچیت، پشتی هنگێ ماوەیـەکی چەند هەیڤە هەتا لە سەرۆکایتا پەرلـەمانێ دەرچیتن بـۆ سـەرۆکاتیێ هەرێمێ چیتن، یـا ١٥ ڕۆژا ژی بەردەستێ وان، ئەگەر ئەوان کو بەشداریێ حکومەتێ بکەن ناڤ ئینانا یا جێگرێ سەرۆکێ حکومەتێ، د دەنە بەردەستێ پەرلەمانێ......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزت ئاماژەت بەوە کرد کە خەلەلی یاسایی هەیە، ناکرێ لە ئێستا کە خەلەلی یاسایی هەبێ لە کارەکانی لیژنەی یاسایی، هەروەها لە دەستەی سەرۆکایەتی لە چۆنیەتی دابەش بوونی ڕاپۆرتەکان، ئێمە پڕۆژەیەکی وا گرنگ بەسەرمان تێپەڕێت و کاری لەسەر نەکەین، وەکو پڕۆژەکەش تێئەپەڕێندرێت، ناکرێ نەشر نەکرێ لە وەقایعی کوردستان، چونکە بەڕاستی خەڵکیش ئەبێ سەرنج و تێبینی هەبێ لەسەر ئەمە، ئەبێ ڕای خۆیان هەبێ، بۆیە ئەمە ..............

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز تەلار خان، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئێستای پەرلەمانی کوردستان ئەم پڕۆژە یاسایە، هەموو ڕێکارەکانی خۆی تەواو کردووە، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە، پێش ٤٨ کاتژمێر بەسەر ئەندامان دابەشکراوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ڕۆیشتۆتەوە لای لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتی خۆی لەسەر حازر کردووە، ئێستاش بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، وتو وێژی لەسەر کراوە، هیچ خەرقێك نەکراوە، ئەوەی کە من باسم کرد، کێشە لە دەقی ماددەی ٧٢ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هەیە، ئێمە ئەبێ ئیشی پێ بکەین، تاهەموار ئەکرێ، هەوڵ ئەدەین لە ماوەی داهاتوو ئەو خەلەلانەی لەو ماددەیە هەیە، دوایی چارەسەری بکەین، بەلاّم ئێستا پابەند بووین بە پەیڕەوەوە، بەڵێ مامۆستا سراج.

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین با بزانین داخوا خەرقی قانون چیە، کە برادەران باسی دەکەن دەڵێن خەرقی قانون، داوا لە لیژنەی یاسایی بکە بۆ ئەوی زیاتر تەوزیح بدات، بابزانین لە کێندەرێ ئەو یاسایە خەرقی تێ ئەکەوێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وابزانم باسیشیان کرد، بەلاّم با ئەم دوو نوقتە نیزامەش وەربگرین، نوقتە نیزام.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەوەی جەنابت ئەیڵێی ئازادیە بۆ پەرلەمانتاران قسە بکەن، من لەگەڵ ئەوەم، لێرە ئێمە کات دیاری بکەین، لە ڕووی قانونیەوە، سەرۆکی هەرێم ئەگەرویستی بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەتوانێ، بەڵێ ئەتوانێ دەری نەکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لێرە لە پەرلەمان کاتەکە دیاری بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کات دیاری ناکرێ، ئەڵێ لە ڕۆژی دەرچوواندنی لە لایەن سەرۆکی هەرێم، ئاخیر نوقتە نیزامی کاك فائق.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با ئێمە ئەم دوو خاڵەی کارنامەکە لە یەکتری جیا بکەینەوە، ئەمەی هەموارکردنی یاسایی سەرۆکایەتی هەرێم بۆخۆی بڕوا، بەیانیش دوا مودەیە بۆ ناردنی کاندیدی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، واتە ئێمە .....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جیا کراوەتەوە....

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەمەننا دەکەین بۆ بەیانی کاندید ئامادەبێ، پرۆسەکە بڕوات، ئەو یاسایەش هەموارکردنەکە بەڕێگەی خۆیدا بڕوات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیتر هەموو ڕەئیەکان باس کرا، بەڵێ نوقتەی نیزامی کاک باپیر.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە دوو ڕەئی هەیە، ڕەئیەکیان ئەوەیە دەڵێ، لەم ڕۆوە تەنفیزەکە جێبەجێ کردنی ئەمڕۆ بێ، ڕەئیەکیشیان ئەوەیە کە لیژنەی یاسایی پشتگیری لێ کردووە، لەکاتێکدا ئێمە ئەمڕۆ بڵێین.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک باپیر ڕوونمان کردەوە، بابە لیژنەی یاسایی فەرموون ڕوونکردنەوەی خۆتان بدەن.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ڕوونکردەوەی خۆمان دا، ڕوونکردنەوەی خۆمان دووبارە دەکەینەوە بە ئیزافەیەك، ئەوەلەن کە دەگوترێ لە ڕۆژی دەرچوونیدا ئەو یاسایە دێتە جێبەجێ کردن، دەرچوون ئەمڕۆ نیە کە ئێمە دەنگی لەسەر دەدەین، دەرچوون ئەو ڕۆژەیە کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم تەوقیعی دەکات یاساکە، دووەم، باسی ئەوەمان کرد کە گوتمان قاعیدەی عام هەیە، ئیستیسناش هەیە، قاعیدە عامەکە ئەوەیە بەڕێزان لە ڕۆژی نەشر کردنیەوە قانون دێتە تەنفیز کردن و نافز بوون بەسەر هاووڵاتیاندا، ئیستیسنائەن دەکرێ لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ئیقرار بکرێ، بەڵام بەمەرجێك لە یاساکەداهاتبێ، چونکە ئیستیسنا بەبێ نەص ناکرێ، واتە کاتێك ئەتۆ لەناو یاساکەدا دەڵێی ئەو یاسایە قابیلی تەنفیزە لە ڕۆژی

دەرچوونیەوە، کەوابی تۆ کارێکی یاسایت کردووە، ئیستیسنات داناوەتە سەر ئەو قاعیدە عامەی کە دەڵێ لە ڕۆژی نەشر کردنیەوەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە واتە ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاّو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستانەوە بڕواتە بواری جێبەجێ کردنەوە، نەوەك ئەوەی لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە لایەن سەرۆکی هەرێم، با ڕوونی بکەمەوە، دوو ڕا هەیە، ڕەئیەکیان ئەوەیە، کە لەلایەن هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە باس کراوە، ئەوەیە کە ئەو ماددەی چوارەمە لە دەقی یاساکەدا وەکو خۆی بمێنێتەوە، لە دەقی پڕۆژە یاسایەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم یاسایە ....لەڕۆژی بلاّوکردنەوەی لە وەقائیعی کوردستان دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، ڕای دووەم ئەوەیە کە ئەم ماددەیە هەمواربکرێ و وای لێ بکرێ ئەم یاسایە لەڕۆژی دەرچوونیەوە دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە و دوایی لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بلاّودەبێتەوە، کاك ئومێد نوقتە نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئەشکالیەتەکە لەوەدایە ئەمە هەموارکردنەوەی یاسایەك دەبێ کە تەسەور ناکەین لە کابینەی هەشتەم دا بتوانین ئەو یاسایە جێ بەجێ ببێ، واتە بۆ خولی ئایندەی پەرلەمان دەبێ بۆ خولی پێنجەم دەبێ، هەمووومان کۆك بووین لەسەر ئەوەی کە ئەو یاسایە لە ڕابردوودا ئیستنادی لەسەر ئەوە کردووە، ئەو سازانە یان ئەو تەقسیم بەندیەی پەنجا بە پەنجایەی کە هەبووە ئەوەی لێ بەرهەم هاتووە، هەمووومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە مەسەلەی پەنجا بە پەنجا زەمەنێکە و کۆتایی پێ هاتووە و بەرەو کاڵ بوونەوە دەڕوات و مەرحەلەی نوێترمان لە پێشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەوە موناقەشەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واتە ئەو یاسایە ئەگەر هەمواریش بکرێتەوە تەنفیز کردنیشی یان گەڕانەوە و نەگەڕانەوەشی لە کاتێك دا دەکەوێتە خولی ئایندە جێ بەجێ دەبێ، ئەو ڕێککەوتنەی کە بۆ ئەوەی کە لە کۆبوونەوەی ڕابردووش دا ئەو ڕۆژەی کە ماوە ئەگەر فراکسیۆنی سەوز پێشنیارێکیان هەبێ، کەواتە هەر بە یاسا کۆنەکە کار دەکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ جارێ یاسا کۆنەکە نافزە هەتا ئەو یاسایە دەردەچێ، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە یارمەتی یەکتر بدەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەوە نیو سەعاتە دەستم بڵند دەکەم کەس نییە، کاك فخرالدین و کاك جعفر یارمەتیت بدەن، ئەو دەموچاوانە زۆر دەردێن هەر چاوتان لەسەر ئەوانە، هەیە هەشت جار و نۆ جار قسەی دەکات، دەبی ڕەچاوی ئەوە بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ داوای لێ بووردن دەکەین، فەرموو نوقتە نیزامیەکەت بڵێ.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەوەوە نەوعە تەشەنوجەکی دەبینم لە بیدایەتەوە تا ئێستا رەخنە گرتن و نوقاتی زوعفی لاوازی خۆمان دەبینین، دەبێ لەیەکتر فێر بین کەس لە ........ .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەمە نوقتە نیزامی نیە، ئێمە باسی پرۆژە یاسایەك دەکەین.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتێکی تر هەیە کە ئەوە چەند جەلسەیە ئەوە دانیشتوومە بەڕاستی شارەزا نەبووم ئێستا ڕۆژ بە ڕۆژ شارەزا تر دەبم، زۆر قسە دووبارە دەکرێتەوە ڕەچاوی پەیڕەوی ناوخۆیی ناکرێ، لە قورئانی کەریمیش دەڵێ (بسم الله الرحمن الرحيم/ المؤمن عن اللغوي معرضون)، یەعنی قسەی زیاد و قسەی دووبارە لە عەرەبیش دەڵێ(خير الكلام ما قل ودل) بەخوای ئەگەر وا بمێنێتەوە د.یوسف هەموومان چوار، پێنج سەعات دانیشین هەمووومان تووشی زەخت و سوکەری دەبین، برینی دانیشتنیش دەبین، ئەو مووچەیەشی وەری دەگرین دەبی هەمووی بدەینە دکتۆری، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر چاکە سوپاس، ئێستا دوو ڕا هەیە دەیخەینە دەنگدانەوە، ڕای یەکەم ئەوەیە کە ئەمە وەکو خۆی بمێنێتەوە، واتە دوای ئەوەی لە وەقائیع بڵاودەبێتەوە ئەم یاسایە جێ بەجێ بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم یاسایە لە دوای بڵاوبوونەوەی لە وەقائیعەوە جێ بەجێ بکرێ، تکایە دەست بەرز بکەنەوە؟ ٤٠ ئەندام لە گەڵیەتی، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە نییە و دەیەوێ ئەو ماددەیە هەموار بکرێ بەو شێوەیەی کە لە دوای

دەرچوونییەوە تا ئەخیری ئەم یاسایە لە دوای دەرچوونیەوە جێ بەجێ بکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاوبکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ بەم شێوەیە، تکایە بێ دەنگی، ئەم یاسایە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە، بەڕێزان هەموو یاسایەك پێویستە لە وەقائیع بڵاوبکرێتەوە، تکایە لیژنەی یاسایی ئەگەر ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەوە بدەن، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان هەموو یاسایەك کە بۆی بنووسین لە ڕۆژی نەشر کردنی لە وەقائیعی کوردستانی، چ یاسایەکیش لە ڕۆژی ئیصدار کردنیەوە نافز بێ، هەر دەبێ لە دوای وشەی اصدار کردن بڵێین نافز دەبێ لە ڕۆژی ئیصدار کردنییەوە و بڵاودەبێتەوە لە وەقائیعی کوردستان دا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەو تەعبیرەی کە کردی و بەو شێوەیە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەم یاسایە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاودەبێتەوە، کێ لەگەڵیەتی؟ کاك فخرالدین لیژنەی یاساییش دەنگیان بۆ دا، ٤٩ ئەندام دەنگیان بۆ ئەوە دا، کەواتە ئەو ڕایە سەرکەوت کە باس لەوە دەکات لەڕۆژی دەرچوونییەوە جێ بەجێ دەکرێ و لە وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە، تکایە بێ دەنگی، دێینە سەر هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە، لیژنەی یاسایی پێشنیارێکیان هەیە بۆ هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە، با بیخوێننەوە لە دەقی ڕاپۆرتەکەی خۆیان، ئەوەیان دەخەینە دەنگدانەوە ئەگەر زۆرینەی بەدەست هێنا ئەوە هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە لە ئەسڵی پرۆژە یاسایەکە تەعدیل دەبێ، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دا هاتووە ئەوەیە کە هۆکاری دەرچوونی یاسایەکە بەو شێوەیە بێتە دارِشتن.

**هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە**

بە مەبەستی گونجاندنی سیستمی یاسایی و سیاسی و دیموکراتی ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە، ناو دەنووسین، کاك زانا نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکیش هەبوو کە زیاد لە سێ پەرلەمانتار باسمان کرد کە مەسەلەی یاسایی پەرلەمانی بۆ زیاد بکرێ، حەز دەکەم هەر دوو پێنشیارەکە پێش ئەوەی بیخەیتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ڕاستە، ئەو پێشنیارەش هەبوو کەواتە لە وتوێژەکان ئەوە ڕەچاو بکەن، ڕاستە ئیزافەیەك هەبوو بۆ ئەو دەستەواژەیەی لیژنەی یاسایی کردووە بۆ ئەوەی سیستمی دیموکراسی پەرلەمانیشی بۆ ئیزافە بکرێ، کێ دەیەوێ قسە بکات لەسەری؟ فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قادر ئۆتمان، فرحان جوهر، محمد علی، ناظم کبیر، ئومێد حمە علی، باپیر کامەلا، زانا عبدالرحمن، خلف احمد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کەواتە ئەو پێنشیارە هەبوو کەباسمان کرد ئەوەیە کە سیستمی پەرلەمانی زیاد بکرێ بۆ ڕای لیژنەی یاسایی، بەڵام جگە لەو کێ قسەی تری هەیە؟ بەڕێز کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە پرۆژە یاسایەکە هاتووە سەبارەت بەهۆکارەکانی دەرچوونی، لەڕاستی دا پێشنیازەی لیژنەی یاسایی لە جێی خۆیدایە، بەڵام پێویستە سیستمی پەرلەمانی بۆ زیاد بکرێ، لەبەرئەوەی کە ئەگەر باس لە ئەوە دەکرێ کە ئەمە بووەتە هۆی دوو ئیدارەیی، ڕاستە ئەمە دەرئەنجامەکانی دوو ئیدارەییە، بەڵام لەڕاستی دا لە یاسای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە هیچ دەقێك دا نەهاتووە کە دەسەڵاتەکانی سەرۆك و جێگر هاوتان یان دەسەڵاتەکانی سەرۆك و جێگر جگە لەوەی نەهاتووە کە هاوتانە، لە هەمان کاتدا لەوەش نەهاتووە کە جێگری سەرۆکی حکومەت مافی ڤیتۆی هەیە بەرامبەر بە بڕیارەکانی سەرۆکی حکومەت، بۆیە ئەم تەفاسیلەی ناوێ لەسەر هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پاڵپشتی نەسەکە دەکەم وەکو ئەوەی لە لیژنەی یاسایی هاتووە، لەبەرئەوەی باسی سیستمی دیموکراتی دەکات کە سیستمی سیاسی دیموکراتی بێ، کەواتە بە هەمان شێوە دەبێ ئەسبابی موجبە ئەوەیە کە دیموکراتی هاتووە، بۆیە هیچ ئیزافەیەکی ناوێ و وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لڤێرا ڕایەك هەیە کو ڕایا من ڕایەکا زانستییە نەکو ڕایەکا تاکەکەسی، من دڤێتن بەرچاڤ وەربگرن، نڤیسینا وە کو بە مەبەستی گونجاندن لەگەڵ سیستمی سیاسی و دیموکراسی ئەم یاسایە دەرچووێنرا، ڤێرەدا مە مشکیلەیەك هەی وەسا هاتیە نڤیسین کو سیستمی ژ یەك جودانە، جارێ مە سیستما سیاسیا هەی، شێوازێ سیستمێ سیاسی دا دەڤ سیستمێ دیموکراسی پەرلەمانی دا هەی، کو هەندێ گوتن پەرلەمانی زێدە کەین، بەس نەکو سیستمی سیاسی زێدە بکەین، سیستمێ دیموکراسی و سیستمێ پەرلەمانی نەخێر، سیستما سیاسا هەی، ل شێوازێ وێدا سیستمێ دیموکراتی پەرلەمانی داهەی، ئان کو ئەز پێشنیار کەم وەسا بهێتە نڤیسین (بەمەبەستی گونجاندن لەگەڵ سیستمی سیاسی، کە سیستمی دیموکراتی پەرلەمانیە، ئەم یاسایە دەرچووێنرا) ئان کو سیستمێ سیاسی مە هەی پشتی هەنگێ شێوازێت دیاری دکە، ئەز هێڤیدارم ل نڤیسینێ بەرچاڤ وەربگرن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ڕاستە سیستمی سیاسی جیایە لە سیستمی حوکمڕانی، کاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە سیستمی سیاسی پێك دێ لە پەرلەمانی و سەرۆکایەتی و نیمچە سەرۆکایەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم کە گۆڕانکاری تێدا بکرێ، ناکرێ سیستمی سیاسی بە جیا دابندرێ، ئەو (و) وە لە نێوانیان دابندرێ، چونکە ڕوون نییە مەبەست لە سیستمی سیاسی کام سیستمی سیاسیە، سیستمی سیاسی

ديموكراتی بۆ زیاد بكرێ، سیستمی سیاسی دیموكراتیش لەبەرئەوەی فۆرمی جیاوازی هەیە، هەر بەدوای ئەوەوە بنووسرێ (سیستمی سیاسی دیموكراتی پەرلەمانی) ئەگەر مەبەستمانە سیستمی سیاسی پەرلەمانی جێگە بكەینەوە، كەواتە دەتوانین هەر بەو شێوازە بە مەبەستی گونجاندن لەگەڵ سیستمی سیاسی دیموكراتی پەرلەمانی ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر كامەلا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە وەكو خۆی بمێنێتەوە ئەوەی لیژنەی یاسایی، لەبەرئەوەی دەڵێ بە مەبەستی گونجاندن لەگەڵ سیستمی سیاسی و دیموكراتی ئەم یاسایە دەرچووێنرا، ئێمە سیستمی سیاسیمان هەیە، سیستمی سیاسی ئێمە سیستمێكی موختەڵەتە، نەك سیستمێكی پەرلەمانی، كە پەرلەمانی دێنێ تەناقوز دەكات، سیستمی ئێمە ئێستاكە حوكمڕانی دەكات، لە هەرێمی كوردستان سیستمێكی موختەڵەتە، ئەوەی لیژنەی یاسایی كە نووسیویەتی لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕەئیەكەی كاك ئومێد دەكەم، سیاغەكە وای لێ بێ، بە مەبەستی گونجاندن لەگەڵ سیستمی سیاسی دیموكراتی پەرلەمانی، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ سیستمی سیاسی، دیموكراتی پەرلەمانی، سیستەمە سیاسیەكە لە دیموكراتی و پەرلەمانیەكە جیا بكرێتەوە بە فاریزەیەك.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

خۆی ئەوە دەبێ ئیعادەی سیاغەی بكەینەوە و هەموو ئەو ڕایانەش كە تەرحتان كرد، من حەز دەكەم د.ڤالا تەوزیحێك بدا لەسەر ئەنواعی سیستمی سیاسی و ئەنواعی سیستمی حوكمڕانی، بزانین چۆن سیاغەكە وا دروست دەبێ كە هەم سیستمی دیموكراسی تیا جێ بێتەوە و هەم سیستمی پەرلەمانی، چونكە شێوازەكانی نیزامی حوكمڕانی جیاوازە لە سیستمە سیاسیەكان، با تەوزیحی زیاترمان بداتێ، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر پێداچوونەوەیەك بکەین بۆ زۆربەی ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، زیاترینی سیستمی سیاسی دیموکراتی بەکارهێناوە، لێرە هیچ شێوەیەکمان نییە ئەگەر بڵێین بە مەبەستی گونجاندن لەگەڵ سیستمی گونجاندنی سیاسی، سیستمە سیاسیەکەمان دیموکراتی پەرلەمانییە و، ئەم یاسایە دەرچووێنرا، هیچ کێشەیەکمان بۆ دروست نابێ و موتەبەعە و بەکارهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کەواتە ئێستا دوو ڕا هەیە، ڕایەکیان ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە ڕای لیژنەی یاسایی، بە مەبەستی گونجاندن لەگەڵ سیستمی سیاسی و دیموکراتی ئەم یاسایە دەرچووێنرا، ڕایەك هەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە و ڕایەکی تریش هەیە ئەوەی کە سیاغەمان کردەوە، وای لێ بکرێ، بە مەبەستی گونجاندن لەگەڵ سیستمی سیاسی، دیموکراتی پەرلەمانی، ئەم یاسایە دەرچوێنرا، ئێستا دەنگ لەسەر ئەمە دەدەین، بە مەبەستی گونجاندن لەگەڵ سیستمی سیاسی و دیموکراتی ئەم یاسایە دەرچووێنرا، بە بێ پەرلەمانی، کێ لەگەڵیەتی؟ وەکو خۆی، وەکو ئەوەی لیژنەی یاسایی نووسیویانە، ١٩ دەنگ لەگەڵی بوو، کێ لەگەڵ ئەو سیاغەیە نییە؟ کەواتە دەچینە سەر پێشنیاری دووەم کە ڕای بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانە، ئەویش ئەوەیە کە بکرێ بە مەبەستی گونجاندن لەگەڵ سیستمی سیاسی، دیموکراتی پەرلەمانی، ئەم یاسایە دەرچووێنرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ ٥٧ کەس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ئەوە پەسەند کرا، ئێستا کۆی یاسایەکە ئەوەی کە ئەمڕۆ تاوتوێمان کردووە و موناقەشەمان کردووە دەیخەینە دەنگدانەوە، تەبعەن دوایی لەلایەن لیژنەی یاساییەوە پێویست دەکات سیاغەی کۆتایی بگاتە دەست دەستەی سەرۆکایەتی، کۆی یاسایەکە دەخەینە دەنگدانەوە و پرۆژەی هەمواری سێهەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان —عیراق کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ لیژنەی یاسایی حازرە، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێزد.ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

کە لە دوو برگە پێکهاتبوو دەنگ درا لەسەر ئەوەی کە بڕگەی دووەم لا ببرێت، لابردرا، بەو شێوەیە ماددەکە دادەڕێژرێتەوە:

ماددەی یەکەم:

پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری لە ماوەیەکدا کە لە (٣٠) رۆژ تێپەر نەکات.

ماددەی دووەم:

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:**

**کار بە هیچ دەق و یاسایەکی دیکە ناکرێت پێچەوانە بێت لەگەڵ بڕگەکانی ئەم یاسایە.**

**ماددەی چوارەم:**

**هاتە هەموار کردن بەم شێوەیە:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.**

**هۆیەکانی دەرچوواندنی**

**بە مەبەستی گونجاندن لەگەڵ سیستەمی سیاسی، دیموکراتی پەرلەمانی ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

**زۆر سوپاس، بۆ سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ئێستا کۆی پرۆژە یاسایەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کاك بەیار نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.**

**بەڕێز بەیار طاهر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیارەك مە دابوو کو ماددەیەکی هەمی بهێتە گۆڕدن، بزانم هاتە بەرچاڤکرن یان نا؟ چونکی بڕاستی بەو شێوەیێ بێ، بڕگا ئێکی ژ ماددێ ١٢ من داخاز کربوو کو راسپاردنا کاندیدێ سەرۆکی فراکسیۆنێ، چونکی بڕاستی ئەڤ ئیقتراحە ڤێ گاڤێ هاتیە دانان، دیتنا من غموزا تێدا هەی، ...... .**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

**کاك بەیار، هەموو پێشنیارەکانمان خستە دەنگدانەوە، ئەو پێشنیارەی سەبارەت بە هەر بڕگەیەك زۆرینە بە دەست بهێنێ پێشنیارەکانی تر ڕەچاو ناکرێن، بۆیە ئەو پێشنیارەیان زۆرینەی بە دەست هێنا کە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کاندیدی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕادەسپێردێت بۆ پێکهێنانی کابینەی وزرای لە ماوەیەك دا کە لە ٣٠ ڕۆژ تێپەڕ نەکات، کۆی پرۆژە یاسایەکە دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵیەتی دەست بەرز بکاتەوە تکایە، ٧٤ ئەندام لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نیە؟ ٢ کەس، کەواتە ئەم یاسایە پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان دەکەین بۆ پەسەند کردنی ئەم یاسایە، کاك عمر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.**

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پیرۆزبایی دەکەم، بەڵام کە بڕگە بە بڕگە دەنگی لەسەر درا، پێویست ناکات سەرجەمی یاسایەکە دەنگی بۆ بدرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بە پێی پەیڕەو پێویست دەکات و تیایەتی، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڕوون کردنەوەیەکی هەبوو سەبارەت بە سیستمی زۆرینە و ڕاسپاردنی کاندیدی یەکەم و ئەوانە، کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، حەقیقەت من بە پێویستی دەزانم ئەو ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە بدەم، چونکە پێشتر برای بەڕێزم سەرۆکی پەرلەمان ڕەئی خۆی شەخسی لەم بارەیەوە دا، حەقیقەتیش ئێمە دەستەی سەرۆکایەتی دیارە پێشتریش واکراوە وڕەئی خۆیان داوە لەسەر ئەم مەنەسەیە، ئەگینا خۆ من لەگەڵ ئەوەمە دەستەی سەرۆکایەتی تەنیا بۆ مەسەلەی پەیڕەوی ڕوون کردنەوە بدەن، لە مەسائیلی تر خۆ بپارێزن، مەسەلەی لیستی زۆرینە و زۆررینەی پەرلەمانی حەقیقەت، یەعنی مەسەلەیەکی شاراوە نییە، زۆرینە تا دەگاتە ناو پەرلەمان ئەوەیە.

مەبەست لەو زۆرینەیە، لیستی زۆرینەیە، ئەوجا ئەو لیستە ڕێك دەکەوێ لەگەڵ لیستەکانی تر ئەوە مەسەلەیەکە دەکرێت پێش بێنە ناو پەرلەمان ڕێك بکەون، بەڵام کە هاتنە ناو پەرلەمان لیستی زۆرینە لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمان تەنیا ئەم تەقلیدە دووجار پەیڕەو کراوە، یەك لە ئەڵمانیا لە ٢٠٠٥ و دووەم لە عیراق ئەمە پەیڕەو کراوە لە ٢٠١٠، هەردووکیشی لە ئەوروپا ئەشکالیاتی لێ دروست نەبوو، بەڵام لە بەغدا ئەشکالیاتی یەکجار یاسایی و دەستووری زۆر گەورەی لێ دروست بوو.

لەبەرئەوە ئێمە بە حەقیقەت ئەوەی من قەناعەتم پێیە دەگونجێ لەگەڵ بارودۆخی ئێمەی هەرێمی کوردستان ئەمەیە لیستی زۆرینەیە، لیستی زۆرینە هەوڵ دەدات لیستەکانی تر لەگەڵی ڕێك بکەون لەسەر یەك بەرنامە لەناو پەرلەمان و ناوهێنان و تەکلیف کردن پرۆسەکە دەست پێ دەکات بەڕای من ئەوە گونجاوترە بۆ هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس بۆ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی ڕێککەوتنی دەستەی سەرۆکایەتی دانیشتنەکەمان ئەمڕۆ هەڵدەگرین بۆ سبەی کاتژمێر ١١ ی سبەی، بڕگەکانی تری بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان تەواو دەکەین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)**

**چوار شەممە رێکەوتی ١٤\٥\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤)

## چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/٥/١٤

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/٥/١٤ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژماره (٤)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٤)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/٥/١٤ دا بەم شێوەیە بێت:

١ دەنگدان لەسەر پێشنیارەكان سەبارەت بە پرۆژە بڕیاری هەموار كردنی ماددەی ٣٨ و ٣٩ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان

٢- ناونانی سەرۆك و جێگری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە پێی بڕگە ٣ لە ماددەی ٥٦ ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژماره یەكی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار كراو، بڕگەی ١٢ یەم لە ماددەی ١٠ ی یاسای هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژماره ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموار كراو

٣- سوێند خواردنی بەرێز سەركەوت سەرحەد خەلیفە كە بە زنجیرە ژماره ١٩ ی فاركسیۆنی سەوز ناوی هاتووە، لە جێگای ئەندامی دەست لەكاركێشاوەی هەمان فراكسیۆن بەرێز ارسلان بایز اسماعیل

٤- خوێندنەوەی یەكەمی حەوت پرۆژە یاسا كە لەبەرنامەی كاردا ئاماژەیان پێكراوە

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەست پێ دەكەین، خولی گرێدانی دووەم، ساڵی یەكەم، خولی هەڵبژاردنی چوارەم، دانیشتنی ژماره (٤)، ئەمڕۆ ٢٠١٤/٥/١٤ ، دەستپێك، بەبۆنەی ساڵیادی یەكەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان كە دوێنێ بوو، پیرۆزبایی لەخۆمان و ئێوەی بەرێز ئەكەین، هەروەها پیرۆزبایی لە خەڵكی كوردستان ئەكەین، بەراستی خەڵكی كوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩ بڕیاری دا كە ململانێ سیاسیەكان لە هەرێمی كوردستان لە ڕێگەی سندوقەكانی دەنگدانەوە یەكلایی بكرێتەوە، ئەمە ئیرادەیەكی بەهێزی ئەوسای خەڵكی كوردستان بوو ئێستاشی لەگەڵ بێت، بۆ ژیانێكی دیموكراسیانە، سیستەمێكی حكومڕانی و دیموكراسی هێنایە كایەوە، بەڕاستی ئەو دەنگدانەی ئەو كات لەو ڕۆژەدا باشترین وەڵامدانەوە بوو بۆ جۆری ئەو سیستەمە حوكمڕانییەی كە لە عێراقدا بەرقرار بوو، كە سیستەمێكی دیكتاتۆریانە بوو،

و وەڵام گۆیەکی زۆر باشیش بوو بۆ ئەو مەینەتیانەی بەسەر خەڵکی کوردستان هاتبوو، بۆیە خەڵکی کوردستان لەوساوە تا ئێستاش چاوەڕێی ئەوەیە لە هێزە سیاسیەکان کە لە ڕێگەی سندوقی دەنگدان و لە ڕێگای هەڵبژاردنی شەفاف و نەزیهەوە ململانێ سیاسییەکانی خۆیان یەکلایی بکەنەوە، بەم بۆنەیەوە دیسان پیرۆزبایی لە گەلانی عێراق ئەکەین بە بۆنەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هیوادارین دووبارە بوونەوەی ئەزموونی هەڵبژاردنەکان لە عێراقیش ببێتە مایەی ئەوەی سیستەمێکی دیموکراسی پایەدار لە عێراقیش بێتە کایەوە، بەهەمان شێوە پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان ئەکەین بە بۆنەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە ڕێگایەکی زۆر باش بوو بۆ چەسپاندنی سیستەمی ناناوەندیەتی ئیداری لە هەرێمی کوردستان، بەڕێزان ئەزانن ئێمە بەرەو قۆناغێکی تازە ئەڕۆین لە دانوستاندنی سیاسی لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لە دەستەی سەرۆکایەتی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، چاوەڕێی ئەوەین داوای خەڵکی کوردستان بۆ بە مەرجەع کردنی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی دەنگدانی بۆی، و بڕیاری ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٥ ی پەرلەمانی کوردستان، بۆ بە مەرجەع کردنی پەرلەمانی کوردستان لە پرسە چارەنووسسازەکان و ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە بەغدا هەیە، بچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بۆیە هەر لە ئێستاوە چاوەڕێین، سەرەڕای ئەوەی هێزە سیاسسیەکان بە گیانێکی بەرزی نیشتیمانیانە، و بە شێوەیەکی تەوافوقی، بە شێوەیەکی نیشتیمانیانە بڕۆنە دانوستانەندەکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، چاوەڕێی ئەوەشین کە پرسە چارەنووسسازەکانی خەڵکی کوردستانیان لەبیر بێ لەم دانیشتنانە، کە بریتیە لە پرسی خاك، پرسی پێشمەرگە، پرسی بودجە، عەفوو، پرسی نەوت و غاز کە ئێستا بە هەڵپسێردراوی ماونەتەوە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان چاوەڕێی ئەوەشین کە هەر ڕێکەوتنێك لە نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییە عێراقییەکان بۆ دروست کردنی حکومەتی داهاتوو دێتە کایەوە، بێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی وتووێژی لەسەر بکرێ لە پەرلەمانی کوردستان، وەکو مەرجەعێکی کوردستان، وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان بڕیاری لەسەر بدات، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو هەڵانەی لە قۆناغی ڕابردوو ئەنجام دراون دووبارە نەبنەوە، و کارە باشەکان زیاتر بکەین، بینایان لەسەر بکەین، و جارێکی تر ئەم پرسانە لە هەرێمی کوردستان بە نیشتیمانیی بکرێن، بەڕێزان بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان بە پێی حوکمەکانی بڕگە (١) ی ماددەی (٢٠) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ، ، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بڕیاری دا  بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٥) ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٥/٢٠  بەم شێوەیە بێت:

١ دەنگدان لەسەر پێشنیارەکان سەبارەت بە پرۆژە بڕیاری هەموار کردنی ماددەی ٣٨ و ٣٩ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان

٢- ناونانی سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی بڕگە ٣ لە ماددەی ٥٦ ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو، بڕگەی ١٢ یەم لە ماددەی ١٠ ی یاسای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموار کراو

٣- سوێند خواردنی بەرێز سەرکەوت سەرحەد خەلیفە کە بە زنجیرە ژمارە ١٩ ی فارکسیۆنی سەوز ناوی هاتووە، لە جێگای ئەندامی دەست لەکارکێشاوەی هەمان فراکسیۆن بەرێز ارسلان بایز اسماعیل

٤- خوێندنەوەی یەکەمی حەوت پرۆژە یاسا کە لەبەرنامەی کاردا ئاماژەیان پێکراوە

پێش ئەوەی دانیشتنەکەمان دەست پێبکەین، داوا لە بەرێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەین کە ناوی ئەو کەسانەمان پێ ڕابگەنێ کە لە دانیشتنی پێشوو ئامادە نەبوون

**بەرێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە ٤ ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/٥/١٤ مۆڵەت بوون

١ ئاواز جەنگی برهان

٢- بەهار موحمود فەتاح

٣- بشار مشیر اسماعیل

٤- سەهراب مکائیل محمد امین

٥- شێرکۆ حمە امین قادر

٦- علی علی هالۆ

٧- فرست صۆفی علی

٨- کنعان نجم الدین احمد

٩- منیرە عثمان علي

١٠- نوري علي محمد

١١- هەوارمان حمە شریف حمە

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس، هەروەها داوا لە بەرێزتان ئەکەین کە پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستانمان پێشکەش بکەن

**بەرێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە ٤ لە بەرواری ٢٠١٤/٥/١٤

١ دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان

٢- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبوو، هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمان

٣- خوێندنەوەی یەکەمی پێنج پرۆژە یاسا لەلایەن لیژنەی یاساییەوە

٤- گفتوگۆ کردنی پرۆژە بڕیاری هەموار کردنی ماددەکانی ٣٨ و ٣٩ لە پەیڕەویی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، بەلاّم ئەنجامەکەی بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ دواخرا

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس، بەڕێزان، پێش ئەوەی بەرنامەی کار دەست پێ بکەین، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دوو پرسیار ئاڕاستەی حکومەت کراوە، پوختەیەکی لەم دانیشتنە ئەخوێنینەوە بۆ ئێوەی بەڕێز، هیوادارین ئێوەی بەڕێزیش دەست بەکاربن لە بەدوا داچوونی کارەکانی حکومەت و ئەو کێشە و گیروگرفتانەی بۆ هاووڵاتیان دێتە کایەوە، لە ڕێگەی پرسیار کردن، پرسیارێکیان لە لایەن بەڕێز ئەندامی پەرلەمان بێستون فائق محمد ئاراستەی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان کراوە، کە پوختەکەی بریتیە لەمەی خوارەوە؛

داوای لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ کردووە کە وەك ئەوان ئاگادارن ٢٥٨ تۆمەتباری دۆسیەی ئەنفال لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق داوا کراون، بەشی زۆریان لە کوردستان نیشتەجێن، بەلاّم دەزگا ئەمنییەکان و وەزارەتی ناوخۆ پابەندی جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارە نین، و ئەو تۆمەتبارانە دەستگیر نەکراون، پرسیارەکەی سەبارەت بەو پرسەیە، هەروەها پرسیارێك لەلایەن بەڕێز ئەندامی پەرلەمان علی حمە صالح ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان کراوە، پوختەکەی بریتییە لەوەی ئێستا بەهۆی ئەو ناکۆکییە داراییەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناواندی عێراق هاتۆتە کایەوە، قەیرانێکی گەورەی دارایی دروست بووە، بەهۆی دواکەوتنی مووچە، و نەدانی سولفە و نەدانی پێشینە و قەرزەکان و ڕاگیرانی سەدان پرۆژە کە ئەمانە کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، پوختەی پرسیارەکەی لەو بوارەیە، و پرسیارەکەی ئاڕاستەی وەزیری پەیوەندیدار کردووە، بەڵی کاك سۆران نوقتەی نیزامیە؟

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بە پرسیار کردن بۆ وەزیر و حکومەت، من بە ئیجازەی سەرۆکی لیژنەی دارایی ئێمە پرسیارێکمان ئاڕاستەی وەزیری دارایی کردبوو سەبارەت بەو قەیرانە داراییەی کە ئێستا لە نەبوونی مووچەیە، بەلاّم ئەمەوێ ڕوون کردنەوە وەرگرم لەسەر ئەوەی کە کاروباری لیژنەکان وەلاّمێکی داینەوە کە خاڵی سێیەمی وەلاّمەکە ئەڵێ (لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا کار بەڕێکەرە، ناکرێ ئێستا پرسیار ئاڕاستەی بکرێ) ئەمە چ وەلاّمێکە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

خۆی دوو ڕەئی لەسەر ئەمە هەیە هێشتان لە ڕووی یاساییەوە لە هەرێمی کوردستان ئەم پرسە یەکلایی نەکراوەتەوە، هەندێ ڕای ئاسایی هەیە کە لەبەر ئەوەی ئەندامی پەرلەمان ماڤی چاودێری کردنی هەیە لە هەموو حاڵەتێك لەو ڕۆژەوەی سوێند ئەخوا، بۆیە ماڤی پرسیار کردنیشی هەیە، بۆیە حکومەت کار بەڕێکەر بێ یان نا، ماڤی پرسیار کردنی هەیە، ڕایەکی تریشیان ئەوەیە کە لەو کاتەوەی متمانە بە حکومەت ئەبەخشی تۆ ماڤی پرسیار کردنت هەیە، ئێستا لەبەر ئەوەی بە دۆخێکی تێپەڕا تێئەپەڕین، ئێمە بەو ئاراستەیە کار ئەکەین کە ئەو ماڤە یاساییانەی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەیەتی مومارەسەی بکات، بەڵام تەحسیل حاصل ئەوەیە، دواتر ئەگەر پرسیاریش بە ئیستیجواب و بە لێپرسینەوە کۆتایی پێ بێت، حکومەتی ئێستا خۆی بۆخۆی بە حوکمی موستەقیل حیسابە، بەڵام ئەمە ڕێگر نیە لەبەردەم ئەوەی ئەندامی پەرلەمان داوای ڕوون کردنەوە لە وەزیرە پەیوەندیدارەکان بکات، بەڵێ دکتۆر عزت

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

جەخت لەو وتانەی بەڕێز کاك سۆران ئەکەمەوە، ئەبوو ئەو پرسیارەی ئێمە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە، یان پرسیارێکی تر من ئاراستەی وەزیری سامانە سروشتیەکانم کرد ئەو وەڵامەمان وەرگرت کە بەڕێز کاك سۆران باسی کرد، ئەبوو پرسیاری ئێمەش وەکو پرسیاری ئەو دوو بەڕێزە بخوێندرایەتەوە، یەعنی چی نەخوێندرایەوە؟ ناکرێ وەڵامی ئێمە بەم شێوەیە بێ لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، و پرسیاری ئەو دوو بەڕێزەش بخوێندرێتەوە لە ناو پەرلەمان، بۆیە بە فرسەتی ئەزانم ئەوە بڵێم، منیش پرسیارمان کرد لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ٣ پرسیاری لە کورتی..........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

پرسیارەکانتان نەگەیشتۆتە ئێمە، دکتۆر با من ڕوون کردنەوەیەك لەسەر ئەوە بدەم، من بەڕێزتم بانگ کردە سەرۆکایەتی پەرلەمان، داوام لێکردی کە پرسیارەکەی کردووتانە بخرێتە سەر کلێشەی پرسیار کە لە لیژنەی کاروباری لیژنەکانی پەرلەمان هەیە، بۆمان بگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکەین، بەڵام جەنابت ئەو کارەت نەکرد، ئەگەرنا ئەو کارەت بکردبایە بە دڵنیایەوە هەر پرسیارێك بگاتە دەستی سەرۆکایەتی بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ ئەکەین کە ئێستا مامەڵەی لەگەڵ ئەکەین، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان پرسیار ئاراستەی وەزارەتەکان بکات بۆ ئەوەی ئەندامانی تری پەرلەمان ئاگاداری بن، پوختەیەکی لە دانیشتن ئەخوێنینەوە لە پەرلەمان، کاك دڵشاد فەرموو

**بەڕێز دڵشاد شعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو پرسیارەی بەڕێز علی حمە صالح و کاك سۆرانیش کە بەحس کری مە، دلیژنە داراییدا تشتەکی پێویستی، جگە ل وان ئەم پرسیارامە داخاز کری کو ڕوون کردنەوەیەکا دی بدەن ژ سەر مووچا، ئایا ئەگەر

هاتوو ئەڤ باروودۆخێ هەنێ پتر درێژ بوو، مەسەلەن هەرێما کوردستانێ سەرچاوێت وی چ بن بۆ دانا ڕەواتب؟ و ژ ئەڤە مە پوختەیەکا  لیژنا دارایی پێشەکەشی سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ ژ کری ل لیژنە دارایی، ئەز حەز دکەم ئەو ژی بهێتە خاندن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد بەڕێز سەرۆکی لیژنەی داراییمان بانگێشت کرد بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، ئەوەی ئێوە نووسیبووتان، کۆنووسەکەی خۆتان ناردبوو بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی وەکو پرسیار ئاراستەی وەزیری دارایی بکرێ، ئەوە دروست نەبوو لە ڕووی قانونییەوە، داوامان لە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کاروباری دارایی کرد کە پرسیارەکەیان بە شێوەیەکی ئسوڵی بنووسنەوە و بۆمان بێنن بۆ ئەوەی ئاراستەی وەزیری پەیوەندیداری بکەین، دڵنیاتان ئەکەینەوە چۆن هەموو ئەو پرۆژە یاسایانەی فراکسیۆنە جیاجیاکان هێناویانە بۆ پەرلەمانی کوردستان و خستوومانەتە بەرنامەی کار، بەو شێوەیەش مامەڵە لەگەڵ پرسیارەکان ئەکەین، بەڵێ دکتۆرە ڕێواز

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەڕێزتان ئەزانن ئامانج لە پرسیار کردن وەرگرتنی و وەڵامە، و پرسیار کردن تەنیا بۆ پرسیار کردن نییە، و خۆشتان ئەزانن ئەگەر حکومەت و وەزیری تایبەتمەند وەڵامی پرسیاری نەدایەوە، بەپێی پەیرەوی ناخۆ و ماددەی ٦٧ ئیجرائیاتی تری لەگەڵ ئەکرێ بەرامبەر ئەو ئەندامیەتی دەستەڵاتی جێ بەجێ بکرێ، لەبەر ئەوە بە تەسەوری من قسە کردن لەسەر ئەوەی ئەو حکومەتە کار بەڕێکەرە یان نا؟ بۆی هەیە وەڵام بداتەوە یان نا؟ ڕەخساندنی هەلومەرجی پرسیار کردن بە میزاج نابێ، بەڵکو ئێرە موئەسەسەیەکی تەشریعییە، ئەسڵ ئەوەیە ئەو موئەسسەسەیە بڕیار ئەدات کە ئەم حکومەتە قابیلی ئەوەیە پرسیاری لێ بکرێ، و ئایا بوونی ئەو دۆخە خراپە کە نیگەرانی بۆ هەمووومان هەیە ڕێگە ئەدات کە ئێمە بڕیار لەوە بدەین شتێك بکەین کە نەتیجەی نەبێ؟ لەبەر ئەوە داواکارم  وەك بەرپرسی پەرلەمانتاران بە ڕاوێژ کردن لەگەڵ پەرلەمانتاران بڕیار لەوە بدرێ کە بۆ پرسیار ئەکەین، ئامانج لە پرسیار کردن چیە؟ و ئەگەر پرسیار هەیە بۆ پرسیارە با لە سبەینێوە هەمووومان دەست بکەین بە نادرنی پرسیار بۆ وەزارەتی تایبەتمەند، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێز دکتۆرە ڕێواز، لە چەند موداخەلەیەکی تر لەم پەرلەمانە ئێمە داوامان لەئێوە کردووە ئەو شتانەی کە باسی ئەکەن، بە پرسیار ئاراستەی وەزیرە پەیوندیدارەکانی بکەن، و ئەمە لە کۆنووسی پەرلەمانی کوردستانیش ماوەتەوە، ئەوەی کە بڕیار ئەدات لەوەی کە ئێمە پرسیار بکەین یان نا؟ ڕا نییە، بەڵکو مەسەلە یاساییەکانە، و پێم وابێ هەمووشتان ئەزموونتان هەیە لەماوەی ڕابردوو سەردانی وەزراتەکانتان کردووە، لە پرسی هاووڵاتیانتان کۆڵیوەتەوە، هەموو فارکسیۆنەکان بێ جیاوازی، پێم وابێ هیچ ڕێگریەك

نییە لەبەردەمتان، پێم وانیە ئێستاش ڕێگری هەبێ، بۆیە ئەو مافەی خۆتان مومارەسە بکەن هەمووتان، ئێستا دێینە سەر بڕگەی یەکەم، بەڵێ بێگەرد خان، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکارین بڕگەی سێیەم کە سوێند خواردنی بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خەلیفەیە وەك ئەندامی پەرلەمان بخرێتە خاڵی یەکەم، و خاڵی دووەم ناونانی سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەت وەکو خۆی بمێنێتەوە، خاڵی یەکەمیش بێتە جێی خاڵی سێیەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی داوای ئەوە ئەکات بڕگەی سێیەم بهێنینە جێگای یەکەم و ببێتە برگەی یەکەم، و برگەی دووەم وەکو خۆی بێ، برگەی یەکەمیش ببێتە برگەی سێیەم، ئەمە ئەخەینە دەنگدانەوە لە پەرلەمانی کوردستان، کێ لەگەڵ دایە؟ (٨٤) ئەندام لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ دا نییە؟ کەس نییە، بۆیە پەسند کرا، ئێستا داوا ئەکەم بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خەلیفە بانگ بکرێ بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخوات، نوقتەی نیزامی کاك فائق؟

**بەڕێز فائق مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر خاڵێك لە خاڵەکانی کارنامە پێویستە بە برگە و ماددەی یاسایی پشتگیری لێ بکرێ، بۆیە پێشنیار ئەکەم خاڵی سێیەم کە سوێند خواردنی بەڕێز کاندیدێکی تری فراکسیۆنی سەوزە ئەبوایە بە ماددەی ٣١ لە پەیرەوی ناوخۆ، و ماددەی ٦١ برگەی یەك لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو پشت ئەستوور بکرایە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

پشت ئەستوور کرایە کاك فائق، لە هەموو ڕێکارە یاساییەکانمان پرسیوەتەوە، ئەوکاتە خستوومانەتە بەرنامەی کارەوە، فەرموو بەهار خان

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من ئەو نوقتە نیزامییەی ئەمویست بیڵێم نوقتە نیزامیەکی تری بۆ دروست کردم، سەرۆکایەتی پەرلەمان لەکاتی وەرگرتنی نوقتە نیزامی و موداخەلات زۆرێك لە نادادپەروەری هەیە، زۆرمان هەستمان پێ کردووە، تکایە پێداچوونەوەی بۆ بکەن، سەبارەت بە پرسینەوە لە حکومەت دیارە پەرلەمانتارانی خولی چوارەم بەرپرسیارەتی لێپرسینەوە بەرامبەر بە کابینەی هەشت ئەبێ، چونکە ئەوان متمانە بە کابینەی هەشت ئەدەن، بۆیان نییە کابینەیەکی پێشووی خولی سێ بۆی هەبوو لە کابینەی خولی حەوت بپرسێتەوە، بۆیە ئەوە بە ڕێکارێکی نایاسایی هەتا ئێمە بەرپرسین لەبەردەم حکومەتی نوێ

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس، ڕوون کردنەوەمان دا لەسەر ئەو پرسە، کاك جەمال فەرمووو

**بەریز جمال مۆرتکە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من لە شێوەی کۆتایی پێهێنانی جەلسەی پێشوو، ناڵێم ڕەخنە، بەس وەکو تێبینی شێوازەکەی کۆتایی پێهێنانی جەلسە هەرچەند وازیحە، بەس ئەبوایە باشتر ڕوون کردنەوە بدەن، هەڤاڵانی پێشوو ڕەخنەیان گرتبوو، وەکو بڵێی لە پەرلەمان مانەوە، بەڵام گلەییەکە زیاتر لە ئێوە ئەکرێ، لەبەر ئەوەی ئێوە ئەبوایە لە بەرژەوەندی نیشتیمانییە نەگەیشتنە ئامانجێك کە لە ڕووی ئیتیفاقی سیاسی، جا ئەو برگەیە دوا ئەخەین بۆ جاری دواتر، شەرمیش پێویست ناکات

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

دوای سوێند خواردنەکە ڕوون کردنەوە ئەدەین بە جەنابت، فەرموو

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبینم کو ل هەندێ جارا لەزێت کەن ل هەندەکا بڕیارا، عەرز کرنا هەر پێشنیارەکی ل سەر ئەندامێت پەرلەمانی دوو پەرلەمانتارێت دی تەئیدا پێشنیارا وی بکەن، حەقە جەنابت بخەیا دەنگدان و خەلەلەکا قانونی دهێتە کرنێ

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

ئەوە سەبارەت بە پرۆژە یاساکان بەو شێوەیە، بەڵام ئێستا هەر پرسێك کە سەرۆکایەتی بیەوێ ئەتوانێ بیخاتە دەنگدانەوە بەپێی پەیرەوی ناوخۆ، ئێمەش خستمانە  دەنگدانەوە، ئاڵوگۆڕەکەمان کردووە، سوپاس، فەرموو

**بەڕێز مەلا عمر صالح:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان**

ل دیف مادده ٦٢ ل نیزام داخیلی، (کل عضو ان یوجە اسئلة خطیا کان او شفهیا)، من بە شەفەهی ئەو پرسیاری ئەو تاخیری مووچەت کربوو، جەنابت نەخیندی، ئێستا وەڵامی کاك علی دا

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان**

ئەوە پێویست ئەکات تۆ ئاراستەی کەی، بێی بە ئێمە بڵێی کە ئەو پرسیارە ئاراستەی وەزیری پەیوەندیدار بکەن، نەك ئەوەی پرسێك تۆ خۆت لە ناو پەرلەمان پرسیار بکەی، یان قسە بکەی وابزانی ئەوە پرسیارە، بڵێی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان تکا ئەکەم لە ڕێگەی ئێوەوە لە وەزیری فلاّن بپرسن ئەوە داواکارییە.

**بەرێز مەلا عمر صالح:**

نەفسیَ قسێت گۆ بوون، (كل عضو ان یوجه اسئلة خطیا كان او شفهیا للسلطة التنفذیة عن طریق رئیس البرلمان)، بە شەفەهی كردبوو،

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

وانەبوو، هیچ پرسیارێك بە من نەگەیشتووە، فەرموو

**بەرێز عمر عینایەت:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان**

من هەمان ڕەخنەی دكتۆر عیزەت و كاك سۆرانم هەیە، پرسیارێكم كرد دەربارەی بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە، نە وەڵامم وەرگرت، نە پرسیارەكەشم خوێندرایەوە

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان**

كاك عمر پرسیاری تۆ بە ئێمە نەگەیشتووە

**بەرێز عمر عینایەت:**

عەینی ڕۆژ بە دەستی خۆم نووسیم، بۆم ناردی

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان**

خۆی ئێستا یەكێ لە ئیشكالەكان ئەوەیە تا ئێستا ئەندامانی پەرلەمان لە ڕێكارەكانی چۆنیەتی پرسیار كردن شارەزا نین، پرسیار ئەبێ بڕواتە لیژنەی كاروباری پەرلەمان، ئەویش ئەیخاتە سەر كلێشەیەكی تایبەتی لیژنەی كاروباری پەرلەمان ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی ئەكات، نە پرسیاری بەرێزت بە سەرۆكایەتی پەرلەمان گەیشتووە، نە لە ڕێگەی كاروباری پەرلەمان بە من گەیشتووە، لێكۆڵینەوەی لێ ئەكەین، بەرێزیشت لێكۆڵینەوەی لێ بكە، ئێستا فەرموون هەستنە سەرپێ بۆ سوێند خواردنی بەرێز سەركەوت سەرحەد خەلیفە

**بەرێز سەركەوت سەرحەد خەلیفە:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، من سەركەوت سەرحەد خەلیفە، سوێند بە یەزدانی مەزن، پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و بەرژەوەندیە باڵاكانی ئەكەم

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەچینە سەر تەوەری دووەمی دانیشتنەكەمان كە ڕوون كردنەوەیەكیش ئەدەین ئەوەی بەرێز جەمال مورتكە ئەندامی پەرلەمانی كوردستان داوای كرد، ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان، لە دانیشتنی پێشوودا زۆر بە شێوەكی ئسوولی و قانونی ئێمە داوایەكی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی كوردستانمان بە دەست گەیشت، خوێندیەوە بۆ ئێوەش، داوایان كرد بۆ تەواو كردنی ئەو برگەی كە لە دانیشتنی پێشوودا موناقەشمان كرد، بەڵی كاك ابو بكر، بۆ تەواو كردنی ئەو برگەیە داوای كاتیان كرد، بۆ ئەوەی خویان

موداوەلەیەکی بکەن، و لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنەکانی پەرلەمان موداوەلەی بکەن، ئێمەش بەپێی ئسوول و بە پێی پەیرەوی ناخۆی پەرلەمان داواکاریەکەی ئەوانمان پەسند کرد، و لەو شوێنە، بۆیە دانیشتنەکەمان هەڵگرت تا ئەوکاتی ئەو موداوەلەتە تەواو ئەبێ، و ئەگەر سەیریشی بکەن، لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ یەکەم بڕگەی دانیشتنەکەمان بریتی بوو لە دەنگدان لەسەر پێشنیارەکان سەبارەت بە پرۆژە بڕیاری هەموار کردنی ماددەی ٣٨ و ٣٩ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، واتە ئەمە تەواوکەری هەمان دانیشتنی ڕابردووە، و ئەو پرسانەی کە لە دانیشتنی ڕابردوو بوونیان هەبوو دوای ئەو خاڵە، لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستانیش بوونی هەیە، ڕاستە ئێوە کەستان داوای ئەوەتان نەکردووە، هیچ ئەندامێکی پەرلەمان داوای ئەوەی نەکرد بڕگەی سێیەم لە دانیشتنی پێشوو بخرێتە پێش بڕگەی دووەم، بۆیە لەو شوێنەدا وەستاین، و ئێستا دانیشتنەکەمان دەست پێ کردۆتەوە، ئێستا داواکاری هەبوو بۆ ئەوەی ئەو بڕگەیە پێش بخەین، و بە شێوەیەکی ئسووڵی خستمانە دەنگدانەوە، دەنگی هێنا، لێشتان ناشارمەوە ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەمانتوانی ئاڵوگۆڕ بە تەوەرەکانی دانیشتن بکەین، بەڵام ئەمانزانی مونتیج نابێ، بەرهەمی نابێ، چونکە نە ڕێکەوتن کرا بوو لەسەر پێکهێنانی حکومەت و ناونانی سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ ئەوەی بە پێی ڕێکەوتن ئەو پرسە یەکلایی بکرێتەوە، نە هەمواری سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمیش پەسند کرابوو بۆ ئەوەی تەنیا سەرۆك وەزیران ناو بنرێ، بۆ دوور کەوتنەوە لە هێنانە کایەی گرژی لە نێوان فراکسیۆنەکان، بەو شێوەیە بەرنامەی کاری خۆمان درێژە پێدا، و لەو نوقتەیە کۆتاییمان پێ هێنا، ئێستا دەستمان پێ کردۆتەوە، کاك سۆران نوقتەی نیزامیت هەبوو؟

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دەقی سوێند خواردنی هەر ئەندامێکی پەرلەمان بە داخەوە دەیڵێم لە (٢٠١٣/١١/٦) و، هەروەها ئێستاش جارێکی تر دووبارە بۆوە هەر ئەو دەقە نییە کە لە پەیڕەوی ناوخۆ هەیە، بۆیە هیوادارم موراجەعەی ئەوە بکرێت، کە دەوترێت سوێند بە خوای مەزن بۆ دەکرێت بە سوێند بەیەزدان، لە کاتێکدا هەموو کەس دەزانێ یەزدان سوێندی پێ ناخورێ لەناو کۆمەڵگەی کوردی، هیوادارم ئەوە چاك بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، تێبینەیەکی نیزامییە لەبەر چاوی دەگرین، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت لە وەڵامی کاك عمر حاجی عینایەت ئاماژەت کرد بە پرسیارکردن دەبێت لە ڕێگەی لیژنەی کاروباری پەرلەمانەوە بێت، هەتا وەکو ئێستا ئەم لیژنەیەمان نییە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاروباری پەرلەمان نەك لیژنەی کاروباری پەرلەمان، داوای لێبووردن دەکەم، نەك لیژنەی کاروباری پەرلەمان، بەشی کاروباری پەرلەمان لە پەرلەمانی کوردستان، کاك مەڕوان جەنابت نوقتەی نیزامیت هەیە؟ یان قسەت هەیە؟ فەرموو کاك مەڕوان.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەڕوان گەلآلی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله قسەکەی من کاك سۆران کردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانتار دەتوانێ بە نووسراو بە زارەکیش پرسیار ئاراستەی وەزیری پەیوەندیدار بکات، لە ساڵی رابردوودا من پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان کە لە ساڵی رابردوودا بە بڕیاری حکومەت بەنزین بە شێوەیەکی باش بە سیعری حکومی و بە ئاسانی دەست هاووڵاتیان و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەکەوێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمە هەموومان ئەو راستیە دەزانین کە لە وڵاتی ئێمە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر ئەوە لە پەیڕەوی ناوخۆ ئاماژە بەوە نەدراوە تۆ پرسیارەکەت لەناو جەلسەی پەرلەماندا بخوێنیتەوە، ئێستا ئێمە بەرنامەی کارمان هەیە، باشە پرسیارەکەت بە شێوەیەکی ئصوڵی و بە شێوەیەکی شەفەییش بە ئێمەی بڵێ دوایی ئێمە ئاراستەی وەزیری پەیوەندیداری دەکەین، زۆر سوپاس.
ئێستا بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دەست پیʼ دەکەین، عەفو، تەوەری دووەمی بەرنامەی کار دەست پێ دەکەین کە بریتیە (لە ناونانی سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی بڕگە (٣) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو و، بڕگەی دوازدەیەم لە ماددەی دەیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو)، فەرموو حەیات خان.

**بەڕێز حەیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو پێشتر داوامان لێ کردن کە بە حروفی ئەبجەدی کورسیەکان دابنرێت، بەڵام ئەمە سێیەم جەلسەیە من هەر رۆژەو لە کورسیەك دام، هەتا وەکو ئێستا بە تەواوەتی تەنزیمی ناوەکان نەکراوە، هەتا صیانەی

ئێرەش ئەمڕۆ ئەم کورسیەیان دانـابوو کورسـیەکە شـکابوو بەراسـتی نـەمزانی لـە کوێ دانیـشم، جا ئەگـەر بکرێت صیانەی کورسیەکان بابڵێین صیانەی ئەم هۆڵە بکرێت و ناوەکان تەنزیم بکرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی سکرتێر.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە پێی حەرفی ئەبجەدی و لەسەر بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دابەشکردنی کورسییەکان و دانیشتنی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانمان بەو شێوەیە

دابەش کرد لەگەڵ کاروباری پەرلەماندا، سـەرۆکی فراکسیۆنەکان لـە پێـشەوە بـن و هـەر فراکسیۆنێك لـەو کەرتانەی کە بۆیان دانراوە کە چوار کەرتە هۆڵی پەرلەمان، دابەشـکراون بـە پێـی حـەرفی ئەبجـەدی و هـەر کەسێك و هەر ئەندامێك بە پێی حەرفی ئەبجەدی کە رێکخراوە لە لایەن کاروبارەوە، لەسەر مێزەکەی خۆی ناوی چەسب کـراوەو دانـراوەو بـەو شـێوەیە کـراوە، بـەڵام بـە داخـەوە ئـەوەی کـە بینیمـان جێ گۆڕکێ لـە شوێنەکاندا دەکرێت و، وەئیلا هەر کەسێك لە دانیشتنی چوارەمەوە ناوی خۆی لەسەر کورسی دیاری کراوی خـۆی بـۆ دانــراوەو سـابت کـراوە، ئاڵوگۆڕەکـان پەیوەسـتە بـە ئەنـدام پەرلەمانـەکان و لـە فراکـسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی حروفی ئەبجەدی نییە، بە پێی حروفی هیجا کراوە، لە کاتێکدا لە پەیڕەو پڕۆگرامدا هاتووە دەڵێ بە حروفی ئەبجەدی، ئاخر ئەوە هەر هیچی نەکراوە، یەعنی یەك و دوو نییە بە پێی حرفی ئەبجـەدی نـەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ تێبینیەکەتان راچاو دەکەین مامۆستا، فەرموو کاك ماجد.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ئەم قسەم نەدەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی هـەر کەسـێك بـەرگری لـە مـافی خـۆی دەکـات، ئێمـەش وەکـو فراکسیۆنەکانی تورکمان چەند پێشنیارێك یان چەند داواکاریەکمان داوەتـە سکرتاریەتی پەرلـەمان لەسـەر چۆنیەتی دانیـشتنی فراکسیۆنەکان، بـەڵام هیـچێکی بەداخـەوە چـوار جـار پێـشکەشمان کـردووە جێبـەجێ نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاست دەکەی، بەڵام ئیتر کێشەیەك هەیە لە بەینی خۆتان هەر پێمان چارەسەر نەکراوە ئێمە، ئێستا لە تەوەری دووەمی بەرنامەی کار داین ئەگەر قسەیەك نەبێ دەست دەکەین بە پرۆسەی ناونانی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت، پێموابێت کەس دەستی بەرزناکاتەوە، قسە لەسەر تەوەری دووەمی بەرنامەی کار ناونانی سەرۆك و جێگری سەرۆك، نوقتەی نیزامی فەرموو کاك رابوون.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بۆمان روون بکەیتەوە، ئایا قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە لە دوای ناونانەکە دەکرێت؟ یان لە دوای ناو هێنانی بەڕێزەکان دەکرێت؟ یان لە پێش ناو هێنانی بەڕێزەکان دەکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە دوای ناو هێنان هیچ پێویست بە قسەکردن ناکات، ئێستا چەند کەس قسەی هەیە با ناوی خۆی بنووسێ؟ دوو کەس، بەڵێ کاك فرسەت فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەوەشی لە یاسای پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان کاتێك کە باسی تەسمیە و تەکلیف دەکرێ ئێمە تەنها دەنگی بۆ دەدەین، بۆیە ئێمە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی ئەو سازدانە و ئەو رێکەوتنە دەکەین، ئەگەر قەبولی بکەی، من پێموایە لەم قۆناغە بۆ ئەوەی ئەم سازدانە بە سەلامەتی تێپەڕێ یەکسەر دەست بە پرۆسەی دەنگدان بکرێت، نەك دەرگای گفتوگۆ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان داوای ئەوەمان لە فراسیۆنەکان کرد، لەبەر ئەوەی وتووێژەێکی زۆری لەسەرکراوە، کە هەوڵبدرێ ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی وا تێپەڕێ کە هیچ کێشەو گرفتێکی نەیەتە رێ، هەروەها قسە نەکرێ و ئەگەر قسەش کرا زۆر بە کورتی قسە بکرێ و نوێنەرایەتی فراسیۆنەکان قسە بکەن، بەڵام بەرێز د.فرسەت ئەمە یەکێکە لە صەلاْحیەتەکانی پەرلەمانی کوردستان کە بریتیە لە ناونان، هەر صەلاْحیەتێکی پەرلەمانیش دەرگای گفتوگۆکردنی لەسەر والاْ دەکرێت، بەڵام هیواداریین زۆر بە کورتی و زۆر بەکەمی قسە بکەن، شەش کەس ناوی خۆی نووسیوە، بەڕێزان (رابون توفیق معروف، علی حمە صالح، شوان قەلاْدزەیی، د.شێرکۆ جودت، ئایدن معروف، ئاری هەرسین، فەرهاد سەنگاوی)، فەرموون زۆر بە کورتی کاك رابوون.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پێشەوە خۆشحاڵی خۆمان دەردەبڕین بۆ ئەوەی كە دواجار بە هەوڵی دڵسۆزان، بە هەوڵی ئەوانەی كە لە خەمی نیشتیمانەكەمانن، پرۆسەی ناونانی كاندید بۆ سەرۆكی حكومەت و كابینەی داهاتووی لەگەڵ جێگرە بەڕێزەكەیدا پشتیوان بە خوای گەورە دەچێتە سەر خەتی ئاسایی خۆی، لەم بارەوە ئێمە خۆشحاڵین، بەڵام وا چاوەڕێ دەكرێ كە ئەمڕۆ ناونانی كاندید بۆ سەرۆكی حكومەت و جێگرەكەی بنرێ، ئێمە پێمانوایە ئەمە بارودۆخێكی نا ئاساییە لە هیچ تەجروبەیەكی دیموكراتی حاڵەتێكی لەم جۆرەمان نییە، گوزارشتێكی ئاشكرایە لە دوو ئیدارەیی لە هەرێمی كوردستان، ئێمە لە پەرلەمانی كوردستان چاوەڕوانین لەو خولەی پەرلەمانە لە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان كە كاری جیدی بكەین بۆ نەهێشتنی كاریگەریەكانی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی لە هەرێمی كوردستان نەك تۆخی بكەینەوە لە ئێستادا كە مادام ئەمڕۆ قەرارە ناونانەكە بكرێ، ئێمە چاوەڕوانیمان ئەوەیە كە بەڕێز سەرۆكی هەرێم یاسا هەمواركراوەكەی سەرۆكایەتی هەرێم ئیمزا بكات و، راسپاردنی سەرۆكی حكومەت بە گوێرەی یاسا هەمواركراوەكە بە رێوە بچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە هەموومان وا چاوڕێمان دەكرد دەستپێكی كابینەی هەشت هەنگاونان بێ بە ئاراستەی نەمانی نەهێشتنی دوو ئیدارەیی و بۆچوونیشمان وابوو كە نەمانی نەهێشتنی دوو ئیدارەیی رەنگە نیگەرانی كەسێك یاخود گرووپێكی لێ بكەوێتەوە، بە داخەوە رەخنەی ئێمە سەرەتا ئاراستەی بەڕێز سەرۆكی هەرێم بوو، ئەوەبوو كە دەبوو واژووی لەسەر ئەو یاسایە بكردایە بۆ ئەوەی هەنگاوێك بنێین بە ئاراستەی نەمانی دوو ئیدارەیی، هەروەها رەخنەی دووەمیشمان ئاراستەی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بوو كە دەبوو لە كاتی خۆیدا ئەو جەلسەیەی تەواوكردایە، سەبارەت بەوەی كە ئەم دۆخە بەم شێوەیە تێپەڕ دەبێ، ئێمە پێمانوایە ئەمە جگەلە سیمایەكی دوو ئیدارەیی هیچی تری تێدا نییە، هەموو سەرەنج رەخنەكانی ئێمەش ئاراستەی هیچ كەس و لایەن و گروپێكی سیاسی دیاری كراو نییە، تەنها ئاراستەی ئەو سیستەمەیە و ئاراستەی ئەو یاسا خراپانەیە كە لە رابردوودا داڕێژراونەتەوە كە سیمای دوو ئیدارەیی بە هەرێمی كوردستان دەبەخشێت، خاڵێكی تر نارەزایی و مان گرتنی ئێمە لە بەردەم پەرلەماندا دژی هیچ كەسێكی دیاری كراو نەبووە بوترێ زۆرینە لە هیچ شوێنێكی دونیا نەبووە دژی كەمینە مان دەگرێ، بەڵكو مان گرتنی ئێمە داوا بووە لە سەرۆكی هەرێمی كوردستان كە هەنگاوبنێ بە ئاراستەی سڕینەوەی دوو ئیدرەیی، فشاربووە لەسەر سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان دانیشتن لەو بارەیەوە بكات، من پرسیارێكم

هەیە هەم بۆ ئێوە و هەم بۆ یاسا ناسانیش کە زۆرباش دڵنیاین ئەوەی ئێمە کردمان هیچ لادانێکی یاسایی تێدانەبوو ئەو هەڵوێستەی وەرمان گرت، بەڵام لەلایەن هەندێك کەسەوە کە گوایە یاسا ناسن وا تەفسیرکرا کە ئەو هەڵوێستەی ئێمە دژی بنەمای یاساییە، بۆیە دیسانەوە تەکید دەکەمەوە ئەوەی ئەمڕۆ دەڕوا جگەلە سیمای دوو ئیدارەیی هیچی دیکە نییە و پێویستە ئێمە وەکو خۆمان بە جورئەتەوە هەنگاو دەنێین بۆ ئەوەی کە ئەم سیمای دوو ئیدارەییە هەڵگیرێت لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێز کاك ڤەمان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ماڤی خۆیەتی بیر و راکانی خۆی سەبارەت بەو پرسەی کە لەبەرنامەی کاردایە بخاتە روو، بۆچی بەزۆر گرێدراوە بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ؟ بۆچی گرێدراو نییە؟ ماددەیەکی یاساییم بۆ بێنە؟ ئێوە فێر بوون تەعلیق لەسەر رەئی یەکتر دەدەن، تکایە تەعلیق لەسەر رەئی یەکتر مەدەن، فەرموو کاك بەیار.

**بەڕێز بەیار طاهر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیتنا من ژی سەرپێچیا ڤانونی هاتە کرن، چونکی ئەڤ هەموارا یاسایێ هەتا نوکە نەبوویە، تەکلیفا سەرۆکی حکومەتی و جێگری هەتا نوکە یاساییە دڤێتن بە یاسایی بە رێوە بچیتن....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، جێبەجێی دەکەین ئێستا، پێموابێت نوقتە نیزامیەکان دووبارەن، لەبەر ئەوە تکایە با قسەکان بکرێ و پرۆسەکە جێبەجێ بکەین، نەك ئەوەی کە تەعلیق لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بدەین، فەرموو د.شوان قەڵادزەیی.

**بەڕێز عمر مصطفى (شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونانەکە ئەمڕۆ دەکرێت، بەڵام وا باشە لە جێی خۆیدایە کە دەستەی سەرۆکایەتی هەروا بە هەونتەیی سەیری ئەو بابەتە نەکات، یەعنی روونکردنەوەیەك بدات بۆ خەڵکی کوردستان کە هۆیەکانی ئەم هەموو دواکەوتنە چییە؟ بەبێ ئەوەی ئیستفزازی هیچ کەسێك بکرێت، خاڵی دووەمیان ئەم هەموو هەوڵانەی پەرلەمانتاران و فراکسیۆنەکان بۆ هەموارکردنەوەی بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام دوا کەوت کە ئیمزایەکە دوا کەوت واتە ئەمە هەوڵێکە بۆ بەردەوامی ئەو دوو ئیدارەییەی کەوا کە کاك عەلی حمە صالح ئاماژەی پێ کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شێرکۆ جودت فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەندێك لە ئاژانسەکانی هەواڵ کەمن تەبعەن، بەس باسیان لەوە کردووە گوایە سەرۆکی هەرێم ئیمزای کردووە لەسەر ئەو شتە، جا تەبعەن ئێمە پێمانوایە کە وانییە، چونکە بە فەرمی نەبووە و پێشمان وانییە ڕاست بێت، بەڵام پرسیارەکە لە جەنابتان ئەوەیە ئایا بەڕێزتان هیچ شتێکی فەرمیتان پێ گەیشتووە لەسەر ئەمە؟ یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر، هیچ شتێکی فەرمیمان بەدەست نەگەیشتووە، ئێمە ئیش لەسەر ڕەئی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕەئی نا فەرمی ناکەین، ئەو پڕۆسەیە دەبێ بە شێوەیەکی فەرمی بڕوا، تا ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی ئەوە یەکلا نەبۆتەوە کە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم پەسەندکرابێت، بەڕێز ئایدن معروف فەرمووو.

**بەڕێز ئایدن معروف سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەمڕۆ هەردوو کاندیدی سەرۆك و جێگری سەرۆك ئامادەیە بۆ ناونان ئێمە وەکو پێکهاتەی تورکمان پشتگیری لەو هەنگاوە دەکەین، پەڵە بکرێت لە پێکهێنانی کابینەی هەشتەم، هەروەها ئەمەش ختوەیەکی ئیجابییە بۆ ئەم مەرحەلەیە، من لێرەدا ئەوەش بە باشی دەزانم وەکو مافی خۆمان دەزانم کە دەبووایە لەم ئیتیفاقیە سیاسیەدا پۆستی جێگری دووەم بۆ تورکمان دەست نیشان کرابایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئاری هەرسین فەرمووو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی یەکەم ئەو بۆچوونانەی کە دەڵێت بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێویستە بە پەلە پەل ئەو قانونەی کە ئێمە هەموارمان کردەوە جەنابیان ئیمزای بکات، ئەمە لە ڕاستیدا نەبینینی ئەو حەقیقەتەیە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان حەقی قانونی خۆی هەیە و لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا ئەوە بکات، ئیتر ئەم تەزریق کردنەو ئەم پەلە پەلەی کە هەندێك کەس پێوایە پێویستە بکرێ بە بۆچوونی من لە دەرەوەی ڕیچکە قانونیەکەیە، ئەو قانونەش هەر ئەم پەرلەمانە دایناوە، ئینجا ئەگەر ئێمە پێمانوایە (١٥) ڕۆژ زۆرە ئەوە دەکرێت ئەو برادەرانەی کەوا بیر دەکەنەوە پێشنیارێك بکەن بۆ بەڕێزتان کە ئەو قانونە هەموابکرێتەوە، مەسەلەیەکی تر ئەم کابینەی هەشتەمە بە ئاراستەی یەك ڕێزی نیشتیمانی و نەهێشتنی سیمای دوو ئیدارەیی ئیش دەکات، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە لەم کابینەیەدا ڕەنگی جیاواز لە کابینەکە هەیە، لەو لایەنانەی کە لە فەترەی پێشوودا لە ئۆپۆزسیۆن بوون، بەڵام ئێستا لەگەڵ دوو لایەنە

سەرەکییەکەدا کە یەکێتی و پارتییە بە یەکەوە حوکمی ئەم وڵاتە دەکات، ئەمەش مەعنای ئەوەیە هەواڵێکی خۆشە بۆ خەڵکی کوردستان بە پێچەوانەی دروست کردنی ئەو فەزایەی بەخشینی نا ئومێدی بە خەڵکی کوردستان کە هیچ هیوایەکیان نەبێت کە ئەم کابینەیەش هیچ فەرقێکی نابێت بە کابینەکانی تر، هەر دوو ئیدارەیی دەبێت ئەمە تێکدانی فەزایەکی سایکولۆژیە کە لە قازانجی یەك ڕێزی نیشتیمانی ئێمە نییە، هۆیەکانی دواکەوتنی حکومەت کە دەڵێن بۆ خەڵکی روون بکەینەوە، زۆر کورتی دەکەمەوە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەی کە دەڵێن بۆ خەڵکی روون بکەینەوە هەمووومان لە ڕاگەیاندنەکان ڕەئی خۆمان داوە لەسەر ئەوە، هەمووشمان دەزانین هۆکاری دواکەوتنی ئەم کابینەی هەشتەمە هەمووومانین بە یەکەوە هەموو لایەنە سیاسیەکان ئیتر لایەنێك کەم و لایەنێك زۆر، بەڕاستیش پێویست ناکات لەوە زیاتر بچینەوە سەر ئەو برینانەی کە لە ڕابردوودا بوون، ئێمە لە ئەمڕۆدا زۆرمان پێویست بە یەك ڕێزی نیشتیمانی و بە زووترین کات پێکهێنانی کابینەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە ڕاستیدا پێویستە هەمووومان کار بکەین بۆ نەمانی دوو ئیدارەیی و، خوا بکات نەبێ بە سێ ئیدارەیی، لە ڕاستیدا ئەم حکومەتە حکومەتی بنکە فراوانە و هەموو حیزبەکان تێیدا بەشدارن، بۆیە هیوادارین بە شێوەیەك قسە بکرێت کە گیانی هەڤاڵیەتی و نزیك بوونەوە بۆ هەمووومان جێبەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مدینە خان.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئەز دبینم ئەڤ دانوستاندنە گەلەکا زێدەیە، ئیدی بەرنامێ کاری چەند خاڵێت مای بەحس لێ نەهاتاکرنێ، دڤێت تو کاتێ دانوستاندنێ بە حیسابدا وەرگری کاتێ بەرنامێ کارێ نەهێتە درێژکرن لەسەر حیسابا دانووستاندنێن زێدە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ڕاستە، فەرموو کاك عادل.

**بەڕێز عادل عزیز شکور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە هەر بۆ ڕاست کردنەوەی ئەو بەڕێزانە لەسەر قسەکانی کاك عەلی هەندێك مولاحەزاتیان دا.........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویست ناکات، نوقتەی نیزامت داوا کردووە، دەبێ بە پێی پەیڕەو بێت، کاک عادل ببوورە قسەکەم پێ بڕی، داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام ئەندامی پەرلەمان نابێ قسە لەسەر قسەی هیچ ئەندامێکی تری پەرلەمان بکات، ڕێمان نەدا قسە لەسەر قسەکانی کاک عەلی بکرێ بە وازحی، بەڵام بەڕێزیشت مافی ئەوەت نییە وەڵامی ئەندامانی تری پەرلەمانی کوردستان بدەیتەوە، ئێستا داواتان لێ دەکەین کێ کاندیدی هەیە بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ کاک ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا سوپاس بۆ خودای گەورە، سوپاس بۆ سەبرو تەحەمولی خەڵکی کوردستان کە لە ماوەی رابردوودا سەبرو تەحەمولی زۆریان گرت لە پێناو پێکهێنانی ئەو حکومەتە کۆدەنگە، بنکە فراوانە، یەك ڕێزی نیشتیمانییە، کە ئێمەش لە پەرلەمانی کوردستان لە (٦/ ١١/ ٢٠١٣)، لە یەکەم دانیشتندا لەو خولەی پەرلەمان داوای ئەو کاتەمان هەم لە خەڵکی کوردستان و هەم لە دەستەی سەرۆکایەتی کرد کە لەبۆ ئەو تەوافوقەی کە ببێتن، حکومەتی ئایندە حکومەتی هاووڵاتی و حکومەتێکی کۆدەنگی بنکە فراوانی نیشتیمانی بێتن، ئێمە تەواوی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان گەیشتینە تەوفوقێك دوای ئەوەی کە لیژنەی دانوستکاری هەموو حیزبەکان چەندین دانیشتنیان کرد، ئێستا وەکو تەواوی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ناونان لە سەرۆك وەزیرانی کوردستان و جێگری سەرۆك وەزیرانی کوردستان ڕێککەوتووین لەسەر ئەوەی کە هەم یەکەم: بەڕێز (نێچیرڤان ادریس بارزانی) کاندیدی سەرۆك وەزیرانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ناوەکە پێشکەش بە بەڕێزتان دەکەین، هەروەها دووەم: بەڕێز (قوباد جلال تاڵەبانی) کاندیدی جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان کابینەی هەشتەمە، کە تەواوی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لە سەری ڕێککەووتووین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئومێد رایگەیاند کە کاندیدی فراکسیۆنەکان بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەت بریتیە لە بەڕێز (نێچیرڤان ادریس بارزانی)، هەروەها کاندیدی فراکسیۆنەکان بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت بریتیە لە بەڕێز (قوباد جلال تاڵەبانی)، کێ کاندیدی تری هەیە؟ باس لەوە دەکرێ کە کاندیدی تەوافوقی نیشتیمانییە، فەرموو مامۆستا رابوون.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوافوقی نیشتیمانی، ببوورە، لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین کە برایانمان لە پارتی دیموکراتی کوردستان کاندیدیان دەبێ بۆ سەرۆکی حکومەت، بەڵام ئەوەی کێ دەبێت بە کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ

سەرۆکی حکومەت پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە، تەوافوقی نیشتیمانی لەسەر ئەوە هەیە کە برایانمان لە یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان کاندیدیان دەبێ بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت، بەلاًم ئەوەی کە یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان کێ هەڵدەبژێرن ئەوە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئەوە راست دەکەینەوە، کاندیدی تەوافوقی نیشتیمانی بەم شێوەیە کە باس کرا، کەس کاندیدی تری هەیە؟ کاندیدی تر نییە، بەڵێ د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر وەکو باس کرا کە مادام تەوافوقی نیشتیمانییە کەوابێ دەبێت کاندیدی فراکسیۆنی سەوز خۆیان دەریببڕن کە کێیان دیاری کردووە، نەك ئەوەی کە سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد ناوی....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە کێشە نییە، بۆ ئێمە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوە کێشەیەك نییە، ناوەکان تەرح دەکرێ و ئەوە دەخرێتە دەنگدانەوە، بەڕێز کاك ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە بە کارهێنانی وشەی تەوافوقی نیشتیمانی لە جێی خۆیدا نییە، تەوافوقی ئەو پێنج لایەنەیەیە کە لە نێو خۆیاندا ئەو تەوافوقەیان کردووە، هەروەها پێموایە ئەو حکومەتە حکومەتی کابینەی بنکە فراوان نییە، چونکە لە ساڵی (١٩٩٢) چوار حیزبی ئەساسی لە کوردستان بەشداریان کردووە لە حکومەت ئەم جارە ئێستا باسیان نییە لە بەشداری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى (شوان قەلاًدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە باس لە تەوافوقی نیشتیمانی دەکرێ واتە لە کوردستاندا هەموو ئەو لایەنانەی کە لە (٢٠١٣/٩/٢١) سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە، وجودی خۆیان لەو حکومەتە ببینیبێتەوە ئیتیفاقی لەسەر کرایە، بەلاًم کۆمەڵێك لایەنی سەرەکی نەك خەباتی دوای راپەڕین، لە پێش راپەڕیندا وجودیان هەبووە لەو کابینەیەدا بەشدار نین و هیچ پرس و رایەکیان پێ نەکراوە، کاندیدەکانیش هەردووکیان کاندیدی لیستی سەوز و لیستی زەردن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویست بەوە ناکات ناوی تەوافوق بێنین، باشە، ئێستا روون کردنەوە دەدەم لەسەر ئەوە، کاك علی فەرموو نوقتەی نیزام.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك راست کردنەوە کاك ئومێد وتی کاندیدی فراکسیۆنەکان هەمووی بۆ سەرۆك و جێگر، ئێمە بۆ سەرۆك ئیتیفاقمان کردووە، بەلاّم بۆ جێگر کەس قسەی لەگەڵ ئێمە نەکردووە هەتا وەکو ئیتیفاقی لەسەر بکەین، بۆیە تکا دەکەم ئەم موستەڵەحە راست بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمڕۆ لە دانیشتنی فراکسیۆنەکاندا باس کراوە، دانیشتنێکی فراکسیۆنەکانمان کرد لە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەو دانیشتنەدا باس کرا، مامۆستا مەڕوان گەلاّلی فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەڕوان گەلاّلی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەڕاستی ئەو موستەڵەحاتانە کە بەکاردێن، قەناعەتم وایە زیاتر وەکو بڵێی قەزیەك نییە کە بە ئەنقەس بێتن، بۆ ئەوەی کە ئەم ئیتیفاقە سیاسییەی کە کراوە لەنێوان لایەنە سیاسییەکان نەگوترێتن کە ئەو پێنج لایەنە سیاسیەیە، دیارە ئەو ئیتیفاقە کە کراوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان، بەگوێرەی ئیستیحقاقی ئینتیخابی بووە، ئەو ئیستیحقاقی ئینتیخابی سەرۆکی حکومەت بەر برادەرانی پارتی کەوتووە، جێگرەکەی بەر برادەرانی یەکێتی کەوتووە، بۆ دیاریکردنی کاندیدەکان وەکو برای بەڕێزم کاك رابوون باسی کرد، شەخسەکان خۆیان دیاری دەکەن، ئەوە نەخرێتە پاڵ ئەوەی کە بڵێین کاکە هەر پێنج فراکسیۆنە براوەکە دانیشتوون کە کاندیدی سەرۆك و جێگریشیان دیاری کردووە، ئێمە لەدانیشتنی فراکسیۆنەکان قسەمان لەیەك شت کرد، کە ئێمە حەوت مانگە چاوەڕێی ئەو هەلە دەکەین کە ئەو کابینەیە ناوبندرێتن، ناوەکانیان هێناوە وتوومانە دەنگی پێدەدەین و قسەی لەسەر دەکەین،........

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی پێویست ناکا، ئێستا ئێمە کاندیدمان پێویستە بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەت، کاندیدمان پێویستە بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت، حارز کراوە، کەسی تر نەبووە، تکا دەکەم یەعنی نوقتە نیزامی کۆتایی پێ بێنن، ئەمە بەم شێوەیە هەموو نوقتە نیزامییەك، نوقتە نیزامی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێ، دەست بە پرۆسەکە دەکەین، پرۆسەکە ئەنجام دەدەین، ئێستا بەڕێز (نێچیروان ئیدریس بارزانی) کاندید کراوە،.....مەجالی قسەکردن بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەبوو، شەش ئەندام ناوی خۆی نووسیوە، قسەیان کردووە، قسەکانیان کۆتایی پێهات، نوقتەی نیزامی چی؟ بەڵێ فەرموو نوقتەی نیزامی، بەس دەبێ نوقتەی نیزامی بێ.

**بەڕێز برزۆ مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە وێسگەیەکی مێژووییە، وا بەسەرمان تێپەرنەبێ،....

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی وێسگەی مێژوویی مەکە، باسی پەیڕەوی ناوەخۆ بکە.

**بەڕێز برزۆ مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر قسە لەسەر کاندیدی کۆ دەنگی نیشتیمانیی دەکرێ، کێ رێی پێداوە یەك فڕاکسیۆن لێرە خۆی بکا بە خاوەنی راگەیاندنی کاندیدی نیشتیمانیی؟

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا وازمان لەوە هێنا، بەڵێ فەرمووو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەمڕۆ لەکۆبوونەوەی سەرۆکی فڕاکسیۆنەکان یەك، دوو تەوزیحم دا، دەمەوێ لێرە بیڵێمەوە، ئێمە لە کۆبوونەوەی سەرۆکی فڕاکسیۆنەکان، بڕیارمان دا کۆبوونەوە بکەین لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ ئەوەی لەوێ لەسەر هەندێ شت ئیتیفاق دەکەین، خۆ ئەگەر ئیحترامی کۆبوونەوەی فڕاکسیۆن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان لەبەر چاو ناگیرێ زەروور نییە هیچی تر کۆبوونەوەی سەرۆکی فڕاکسیۆنەکان بکرێ، ئەمە یەك، ئەمەی ئێستا قسە کرا، لەکۆبوونەوەی سەرۆکی فڕاکسیۆنەکان قسە کرا، کەناوی سەرۆك و جێگر تەرح دەکرێ، هەر ئەندامێکی پەرلەمانی بەڕێز، هەر فڕاکسیۆنێك تێبینی هەیە، گوتمان لەگەڵ قسەکردنیش نین، بەڵام پرۆسەکە ئەوەی د. فرست گوتی دەتوانێ دەنگی پێ نەدا، ئەم موستەڵەحانەی تر کۆدەنگی نیشتیمانیی و هی هەموو هێزەکانە، یەعنی هەموو هی هێزە سیاسیەکان نییە، هەموو هێزە سیاسییەکان بەشداری موفاوەزە بووین، ئەوەی گەیشتۆتە نەتیجە ئێستاکە سەرۆکی حکومەت (بەڕێز نێچیروان بارزانی)یە، ئێمەش وەك فڕاکسیۆنی سەوز (قوباد تاڵەبانیمان) پێشنیار کردووە، ئێستا دەیخەیە دەنگەوە، ئەوەی رازییە دەنگی پێ بدا، ئەوەی ناڕازییە حەقی خۆیەتی وەك ئەندامی پەرلەمان دەنگی پێ نەدا، سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمەش ئێستا ئەوە دەکەین، پرۆسەی دەنگدان ئەنجام دەدەین، بۆ ناونانی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێز (نێچیروان ئیدریس بارزانی) ناو بندرێ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە وەك کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ با دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (٩٩) ئەندام دەنگیان پێداوە، کێ لەگەڵی نییە؟ با دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، یەك ئەندام لەگەڵی نییە، کەواتە

بەڕێز (نێچیروان ئیدرس بارزانی) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ناونرا بۆ کاندیدی پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێستا بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێز (قوباد جلال تاڵەبانی) ناوبندرێ وەك کاندید بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ بادەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (٧٨) ئەندام دەنگیان پێداوە، کێ لەگەڵی نییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (٧) ئەندام لەگەڵی نییە، کەواتە بەڕێز (قوباد جلال تاڵەبانی) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ناونرا بۆ کاندید بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی لەهەردووکیان دەکەین، ئێمە بەنووسراوێکی فەرمیش بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەمە ئاگادار دەکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەویش رایان بسپێرێ بە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، کەواتە ئەم بڕگەیەش لەبەرنامەی کار کۆتایی پێهات، ئێستا دەڕۆینە بڕگەی سێیەم لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان، کە بریتییە لە دەنگدان لەسەر پێشنیارەکان سەبارەت بە پڕۆژە بڕیاری هەموارکردنی ماددە (٣٨ و ٣٩) لەپەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان، تکا لە سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی دەکەم کە بێنە شوێنی تایبەت، بۆ خوێندنەوەی پێشنیارەکان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن لەدانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان ئێوە سەرجەم پێشنیارەکانی خۆتان سەبارەت بە ماددەی (٣٨ و ٣٩) لەپەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان خستەروو، لەلایەن لیژنەی یاساییەوە نووسراوەتەوە، سیاغەی قانونی کراوە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، سەرۆکی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان تاوتۆ کراوە، سەرجەم پێشنیارەکانتان دەخوێندرێتەوە، بەتایبەتی ئەو پێشنیارانەی کە زیاتر لەسێ کەس پێشنیاری کردووە، پێشنیارەکان یەك، یەك دەخەینە دەنگدانەوە، سەبارەت بەهەر پرسێك لیژنەی یاسایی پێشنیارەکانی ئێوە بەڕیزبەند دەخوێنێتەوە، پێشنیارەکان دەخەینە دەنگدانەوە، هەر پێشنیارێکیان سەرکەوتوو بوو، ئەوە پێشنیارەکانی تر سەبارەت بەو پرسە فەرامۆش دەکرێت، فەرموو بەڕێز سەۆرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، خاڵی یەکەم کە پەیوەندیدارە بە هەمووارکردنەوەی ماددەی (٣٨) لەپەیڕەوی ناوەخۆ لەسەر داواکاری زیاتر لە(٣) ئەندام پەرلەمان، داوا کرا کە تەعریف لەبۆ لیژنەکان بێتە کردن، لەناو پەیڕەوی ناوەخۆدا، ئێمە دوای کۆبوونەوە لەرۆژی پێنج شەمە، لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی لیستەکان، لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان، بەڕێزان سەرۆکی لیژنەکان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە تەعریف کردن لەبۆ لیژنەکان کێشەمان بۆ دروست دەکا، چونکە تەعریف کردن، تەعریف دەبێ مانع بێ و جامع بێ، شامل بێ لەهەمان کاتدا، زیاترینی ئەو داواکاریانە لەلایەن بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان بۆ تەعریف کردن، ئەوەبوو کە هەر لیژنەیەك بزانێ تایبەتمەندی ئەو چییە، واتە هەر لیژنەیەك بزانێ کاری

ئەو چییە، بۆیە ئێمە بەشێوەیەکی گشتی لەیەك فەقەرەدا تەحدیدی تایبەتمەندییەتی و ئێختیساساتی لوجانی دائیمیمان کردووە، واتە لیژنە هەمیشەییەکان بەمشێوەیەی خوارەوە:

ماددەی (٣٨) بڕگەی (١): تایبەتمەندی لیژنە هەمیشەیەکان.

یەکەم: هەر لیژنەیەك لە لیژنە هەمیشەییەکان هەڵدەستێ بە دیراسەتکردنی پرۆژە یاسا و پێشنیاری پرۆژە یاساکان کە پەیوەندیدارە بەتایبەتمەندییەتی لیژنەکە و دەربڕینی بیروڕای خۆی لەسەری، هەر بابەتێکی تر کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە بۆی حەواڵە دەکرێت، کەپەیوەندیدارە بە تایبەتمەندییەکانی بەپێی ئەم پەیڕەوە.

دووەم: هەر لیژنەیەك بەدواداچوون و چاودێری و هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ڕەوشی کاری دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان، بەتایبەتمەندییەتی خۆیەوە، لێرانە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تەحدیدی ئێختیساسی لیژنە هەمیشەیەکانمان کردووە، بەشێوەیەکی گشتی، بفەرموون بەڕێزتان بۆ ئەوەی بیخەنە دەنگدانەوە.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی هەموو لیژنەکانمان بۆ دیاری کراوە؟

**بەڕێز د. ڤالاْ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، لەسەر پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان، کە پێناسە کردن مەبەستیان تەحدید کردنی ئێختیساسات بوو، بەم شێوەیە ئێمە دامان ڕشتووە،

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێختیساسەکانتان نووسیوە؟ خوێندتانەوە؟

**بەڕێز د. ڤالاْ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ خوێندمانەوە.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی بەر چاوی بەڕێزتان ڕوون بێ، ئێستا دەبێ ئەوە بخەنە دەنگەوە، کە ئایا کێ لەگەڵ ئەوەیە پێناسە بۆ لیژنەکان زیاد بکرێ، پێناسەیەکی شامل، کە پێناسە شاملەکە دەنگی هێنا کە زیاد بکرێ بۆ هەموو لیژنەکان، واتە یەك پێناسەمان کردووە، بۆ هەر (١٩) لیژنەکە، کە دواتر ئەگەر زیاد نەبێ، ئەم پێناسەیە کە دەنگی هێنا، دواتر نەسی پێناسەکە کە بەڕێز د.ڤالاْ خوێندییەوە ئەویش دەخەینە دەنگەوە،

واتە ئێستا مەبدەئی ئەوەی کە پێناسەیەکی گشتگیر هەبێ، هەموو لیژنەکان دەخەینە دەنگەوە، دوای ئەوە خودی نەسی پێناسەکە دەخەینە دەنگەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، ئێستا سەرەتا دەنگ لەسەر ئەوە دەدەین کە ئایا لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان پێناسەیان هەبێ، مەهامیان دیاری بکرێ، بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان یان نا؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی پێناسەیان بۆ کرابێ؟..........

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە تەنها دیاریکردنە، خۆمان لە پێناسە کردن پاراستووە، بۆیە ئێمە داوایان لێ دەکەین، داوا لەبەڕێزیشتان دەکەین کە مەسەلەی پێناسە ئەگەر بکرێ دەنگ لەسەر سەحب کردنەوەی بدرێ، ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵمان کۆك بن، بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندیەتی، واتە بۆ دیاری کردنی ئێختیساس بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەیەکی فیقهی و قانونییەوە، لەپێناسەی لیژانەکان، تکایە ئەوە روون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتە نیزامی هەبوو، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشترە ئەو پێناسەیەی کە بەڕێزان لیژنەی یاسایی کردوویانە پێناسەیەکی گشتگیر بێ بۆ هەموو لیژنەکان، ئەوە لەهەموو باشترە بۆ ئەوەی ئەمە بکرێتە ئەرکی لیژنەکان، ناوبندرێ ئەرکی لیژنەکان، سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وا کراوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە یەك پێناسە و یەك مەهامی گشتگیر بۆ هەموو لیژنەکان لەپەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان هەبێ؟ کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (٨٦) کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵی نییە؟ تکایە دەست بەرزبکاتەوە، زۆر سوپاس، کەس نییە لەگەڵی نەبێ، کەواتە ئەوە پەسەند کرا، فەرموو د. بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس ویستم روونکردنەوەی زیاتر بدەم، بۆ ئەوەی لەبەردەم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئاشکرا بێ،.......

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. بەهار تازە تەسویتمان لەسەری کرد.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە پێناسە نییە، ئەوە تایبەتمەندیەتی لیژنەکانە،....

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، تەسویتمان لەسەری کرد، کۆتایی پێهات، کەواتە ئەو پێشنیارە پەسەند کرا، فەرموو د. ڤالآ.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەخاڵی دووەم دێینە سەر بابەتی زیادکردن و کەمکردن و دەمجکردنی لیژنەکان، یەکەمین لیژنە کە داواکراوە، بەپێی ئەو ریزبەندییەی لەپەیڕەوی ناوەخۆدا هەیە، بۆ ئەوەی ئیزافە بکرێتن لیژنەی وەبەرهێنانە، لیژنەی وەبەرهێنان لەلایەن زیاتر لە (٣) ئەندام پێشنیار کراوە، کە وەکو لیژنەیەکی سەربەخۆ دابمەزرێتن، کۆنووسی کۆبوونەوەی لیژنە لە رۆژی پێنج شەمە کە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان کراوە، لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکان ئەنجام دراوە، ئەوەبوو کە لیژنەی وەبەرهێنان ئیتیفاق لەسەر ئەوە کرا کە لیژنەی وەبەرهێنان نەکرێتە لیژنەیەکی سەربەخۆ، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی موباشڕ پەیوەندیدارە بەمەسەلەی دارایی و ئابووری بخرێتە سەر لیژنەی دارایی و ئابووری، ناوەکەی بەو جۆرە بێتن، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، لەهەمان دانیشتنیشدا بەشێك لەبەڕێزان لەگەڵ ئەوە بوون کە بخرێتە سەر لیژنەی شارەوانی، بەلاّم ئەوەی کە پێشنیار کرابوو لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە لە هۆڵی پەرلەمان ئەوەبوو کە لیژنەی وەبەرهێنان ببێ بە لیژنەیەکی سەربەخۆ، فەرموو بیدە دەنگدان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە هەرسێکی دەخەینە دەنگەوە، بەس جارێ نوقتە نیزامی هەیە، کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە تەعریفی تایبەتمەندییەکان نەبووینەوە، پێویستە ئێمە دەنگ بدەین لەسەر ئەو مەتنەی کە ئەوان دایان رشتووە، تائێستا ئێمە دەنگمان لەسەر نەداوە، ئایا ئێمە موافقین لەسەری یان موافق نین لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش راستە، د. ڤالآ ئێوە دەقەکەتان نەخوێندەوە، با نوقتە نیزامییەکانی تر وەر بگرین، کاك مەردان فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان قسەی بەڕێز کاك عمرم هەیە.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر چاکە، فەرموو د. ڤالاً.

**بەڕێز د. ڤالاً فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەقەکەم خوێندەوە، بەڵام دووبارە دەیخوێنمەوە.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بیخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاً فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٨) بڕگەی (١): تایبەتمەندی لیژنە هەمیشەییەکان.

یەکەم: هەر لیژنەیەك لە لیژنە هەمیشەییەکان هەڵدەستێ بە دراسەتکردنی پرۆژە یاسا و پێشنیاری پرۆژە یاساکان کە پەیوەندیدارە بەتایبەتمەندییەتی لیژنەکە و دەربڕینی بیروڕای خۆی لەسەری، هەر بابەتێکی تر کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە بۆی حەواڵە دەکرێت، کەپەیوەندیدارە بە تایبەتمەندییەکانی بەپێی ئەم پەیڕەوە.

دووەم: هەر لیژنەیەك بەدواداچوون و چاودێری و هەڵسەنگاندن دەکات بۆ رەوشی کاری دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان، بەتایبەتمەندییەتی خۆیەوە.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، ئەو روونکردنەوەی کە درا، کاك عمر نوقتەی نیزامییە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك ئیزافەم هەیە، بەدوا داچوون و چاودێری و هەڵسەنگاندن و لێپرسینەوە یان لێ پێچینەوەی ئیزافە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر پرسیار کردن و لێ پرسینەوە مافی ئەندامە، مافی لیژنەکان نییە، بۆیە لیژنە دەتوانێ داوای روونکردنەوە بکا، نەك لێ پرسینەوە بکا.

**بەڕێز عمر عينايەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچی پێ ناکرێ، لەو حاڵەتە تەنها ئاوات لێ دێ، فەقەت وەکو کارمەندێکی بەدواداچوون و تەختیت و موتابەعەت لێ دێ لەو کاتە، ناتوانی هیچ بکەی.

**بەڕێز يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندام ماف لێ پرسینەوەی هەیە، کاك مولود فەرموو.

**بەڕێز مولود مراد.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا هەردوو شتەکە تەواون، یەعنی هەردوو بەشەکە، ئیختیساس دیارە تایبەتمەندی لە کەلیمەی عەرەبی وەرگیراوە، ئیختیساس لە عەرەبیدا یەکێك لە مانایەکانی واتە ئەرك و واجبات، بە هەرحاڵ با نەچینە ئەو جەدەلە، بەڵام ئەی باسی جەماوەری تێدا نەکراوە، داواکانی جەماوەر کە بنێردێ بۆ ئەو لیژنانە دراسەتی بکەن، داواکانی خەڵك، داواکانی ئەو خەڵکەی کە روودەکەنە ئەندام پەرلەمانان، روو دەکاتە نووسینگەکان....

**بەڕێز يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، بابزانین روونکردنەوەی لیژنەی یاسایی چییە لەسەر ئەم مەوزوعە. فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فريد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێیدایە لەسەر ئەوەی کە هەر بابەتێکی تر لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە بۆ حەواڵە بکرێ، کە پەیوەندیدار بێ بەتایبەتمەندییەتی ئەو لیژنەیە، بەپێی نیزام، تێیدایەتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کەواتە ئێستا ئەو دەقەی لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە، وەك روونکردنەوەیەك بۆ سەرجەم لیژنەکان دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (٨٤) ئەندام لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کەس نییە، هەموو لەگەڵیەتی، کەواتە ئەوە پەسەندکرا، پێشنیارەکەی تریان سەبارەت بە لیژنەی وەبەرهێنان بوو، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی پێشنیارەکانی خوێندەوە، پێشنیاری بەشێك لەئەندامان بریتی بوو لەوەی کە لیژنەی وەبەرهێنان دروست بکرێ لەپەرلەمان، پێشنیارێکی تریان ئەوە بوو کە دەمج بکرێ لەگەڵ لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری، وایە د. ڤالا؟ پێشنیاری سێیەمیش ئەوەبوو کە دەمج بکرێ لەگەڵ لیژنەی شارەوانییەکان، یەك بەیەك دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە........، فەرموو کاك ماجد.

**بەڕێز ماجد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی سەرۆکی لیژنەی یاسایی شتێکی ئاماژە کرد کە لەکۆبوونەوەی رابردوودا ئێمە ئاماژەمان بەوە کرد کە لیژنەی وەبەرهێنان بخرێتە سەر لیژنەی ئیقتیسادی، بەڵام سێ پێشنیار هەبوو، یەکێکیان بخرێتە سەر........

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، باسم کرد، سێ پێشنیار هەیە، ئێستا، فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر ئەو وتی ئیقتیسادی، ئیقتیسادی تێدانەبوو، یان بەجودا بێ، یان ئاوەدانکردنەوە یان شارەوانی بوو، دوایی ئێمە دانیشتین لەلیژنەی قانونی کاک گۆرانیش ئاگادارە، مولاحەزەکانم نووسیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با دکتۆر شێرکۆش وەربگرین، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەکۆبوونەوەی سەرۆك لیژنەکان و سەرۆك فراکسیۆنەکاندا بووین، ئەوەی بخرێتە سەر لیژنەی دارایی و ئابووری بەزۆرینەی ئامادەبووان لەو کۆبوونەوەیە پێشنیارێکی زۆر، زۆر بەهێز بوو.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش تا ئێستا باسکراوە، ئەوەش دەخەینە دەنگەوە، بەڵێ فەرموو کاك ڤەمان.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك مولاحەزا بچووکم هەی، مولاحەزا یەك شتی بکەن کو پێشنیارا یەکخستنا مەسەلەن لیژنا وەبەرهێنانا بکەن، هەر لیژنەکا دی تر بێتن، کو بتنێ بێتن، دڤێتن هی بەرچاڤ وەرگرن کو نیسابێ قانونی ئەگەر ژ (٢١) لیژنا تێپەڕی ئیدی نیسابا قانونی تێراناکاتن، ئەو ژ دەبێتن موخالەفا برگا سیێ ماددا سی و نەهێ پەیڕەوی ناوەخۆ.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆچی؟

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئەگەر مەسەلەن لیژنا وەبەرهێنانێ بتنێ هاتە خار، لیژنەکادی بتنێ هاتە خار، لیژنەکادی مەسەلەن هی پێشمەرگە و شەهید یەك ڤەبن، خوێندنا بالاّ و پەروەردێ یەك ڤەبن، وەبەرهێنان جودا هاتە خار ناوچێت کوردستانی جودا هاتە خار، پاشی هەنگڤێ نیسابێ قانونی ئەنداما پەرلەمانێ تێرا نەکر، چونکی (١٠٨) ئەندام پەرلەمانن، سپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی قانونی خوێندیەوە ئەو ڕەئییانە بوو کە لە لیژنە تەسبیت کرابوو، بەلاّم ئێمە وامان ئیتیفاق کرد کە ئەو ڕەئییانەی کە لەکۆبوونەوەی فراکسیۆنەکان و سەرۆك لیژنەکان زۆرینە دەینن، ئەوەیان تەسبیت دەکەین لە کۆنووسی لیژنەی قانونی، بەلاّم ڕەئییەکانی دیکەش ئێستا بەڕێزت ئاماژەت پێدا یەك، یەك دەخرێتە دەنگەوە، مەجالی موناقەشەش نەدرا، قسەش لەسەر ئەوە کرا کە ئەگەر پێویست بوو ئێمە وەك لیژنەی قانونی هەندێك شت هەیە تەوزیحی دەکەین، کەی دەمەوێ ئەوە بلێم سەبارەت بەوەی لیژنەی وەبەرهێنان بچێتە سەر لیژنەی شارەوانی، بۆ ئەوە بوو وتیان دائیمەن مەسەلەی وەبەرهێنان پەیوەندی بە مەسەلەی ئەرزەوە هەیە، زیاتر ئیشیان لەگەڵ شارەوانییە، ئەمە فاکتەرەکە بوو، بەشێکی دیکەش مەسەلەی لیژنەی سەربەخۆ وەك ئەوەی کاك ڤەمان وتی خۆمان لێ بەدوور گرت وەك لیژنەی قانونی کەوا لیژنەکان تەوزیع نەکەین، دواتر ئابووری ناسەکان بۆیان پێناسەکردین کە وەبەرهێنان ڕەبتی بەمەسەلەی ئیقتیسادەوەیە، ئێمە لەلیژنەی یاسایی لە کۆنووسەکەی خۆمان لەوێندەرمان دانا، بەلاّم هەرسێ دەنگەکە لەناو ئەم هۆڵی پەرلەمانە بەڕێزتان یەکلایی دەکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ وایە، زۆر سوپاس، فەرموو د. عزت.

**بەڕێز د. عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەبەرهێنان بەشێکە لە ئابووری وڵات، لەبەر ئەوە زۆر گرینگە لە ئابووری بێت، پەیوەست بێ بە ئابوورییەوە، سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە مەکەنەوە، نوقتە نیزامی ئەگەر هەبێ، بەس ڕوونکردنەوەکانی تر لیژنەی قانونی دەیدا، فەرموو د. بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەو روونکردنەوەی جەنابت بوو، ویستم بڵێم بەرنامەی کاری ئەم جارە تەنها دەنگدانە، روونکردنەوەو گفتوگۆی پێویست کراوە لە پێشدا، سوپاس،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو ئەندامانی پەرلەمان تکایە رەچاوی ئەوە بکەن، فەرموو کاك فەرهاد،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (سەنگاروی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە گفتوگۆی تێروتەسەل لە جارەکەی تردا نەکرا لە سەر ئەم بابەتە، بە رەئی من گفتوگۆکە تێرو تەسەل نەبوو، راستە کرا، لیژنەی قانونی راستە کاری زۆریان کردووە ماندوبوونی زۆریان کردووە دەستیان خۆشبێ، بەڵام پێویست بوو خەڵکی زمانەوانیان لەگەڵدا بێ، بۆ نموونە وەبەرهێنان پێویستە بەرهێنان بێ، یان زۆر شتی تری زمانەوانی هەیە لە بابەتەکە دەگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێویست دەکات ماددەیەك لە پەیڕەوی ناوەخۆ بۆ ئێوەی بەڕێز بخوێنمەوە بۆ ئەوەی ئەوەندە موناقەشەی ئەوە نەکەین کە لە دوای داخستنی دەرگای وتووێژ، جارێکی تر قسە بکرێتەوە، ماددەی (٧٤) لە پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆك پاش تەواو بوونی دواین داواکارانی قسەکردن لەوانەی ناویان نووسراوە دەرگای گفتوگۆ دادەخات و بابەتەکە دەخاتە بەر دەنگدانەوە، سەرجەم ئەو بەڕێزانەی لە دانیشتنی پێشوو ناوی خۆیان نووسیبوو قسەی خۆیان کرد، داخرا و دوایی ئێستا تەنها دەنگدانمان ماوە هەموو پێشنیارەکانی ئێوە سیاغە کراوەتەوە لەلایەن لیژنەی یاسایی، یەك بە یەك دەیانخەینە دەنگەوە، دەنگی لە سەر دەدەین، بۆیە پێویست دەکات ئیتر موناقەشەی نەکەنەوە، بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا یەك بە یەك پێشنیارەکان بخوێنەوە، فەرموو د. ڤالا،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم: لەلایەن زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمان پێشنیار کرابوو، کەوا لیژنەی وەبەرهێنان لیژنەیەکی سەربەخۆ بێ،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەمە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لیژنەی وەبەرهێنان لیژنەیەکی سەربەخۆ بێت؟ (١٥) ئەندام لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٦١) ئەندام لەگەڵدا نییە؟ کەواتە ئەو پێشنیارە پەسەند نەکرا، فەرموو د. ڤالا،

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم: زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمان پیشنیاری کردووە، و تەئیدیش کراوە لەلایەن سەرۆکی لیژنەکان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ لیژنەی یاسایی کە سەر بە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بێتن، و ناوەکەی بەو شێوەیە بێ، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رابوون نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو کاکە رابوون،

**بەڕێز رابوون توفيق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەو هۆیەوە کە بەڕێز د. ڤالا وتی تەواوی سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ ئەوە بوون کە وەبەرهێنان بخرێتە سەر لیژنەی دارایی، من بۆ خۆم تا ئەو کاتەی لە کۆبوونەوەکە ئامادەبووم، پێشنیاری من ئەوە بوو کە لیژنەی وەبەرهێنان بخرێتە سەر لیژنەی شارەوانی، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە دەست بەرزکاتەوە؟ لەگەڵ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری (٥٧) ئەندام پەرلەمان لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (١٧) ئەندام پەرلەمان لەگەڵدا نییە، کەواتە ئەو پێشنیارە پەسەند کرا، ناچینە سەر پێشنیاری سێیەم، چونکە پێشنیاری دووەم پەسەند کرا، نوقتەی نیزامییە؟ فەرموو کاك علی،

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیارێت د کەم ژ ئەڤرۆ پێدەڤێت پرۆژە یاسا پتر دەرگای گفتوگۆ و موناقەشە بێتە  ڤەکرن، ئەز ڤێ باوەڕێ دامە برادەر گەلەك ئەندام پەرلەمانێن بەڕێز ب دروستی نزانین دەنگ بۆچی هات دانێ، بۆ نموونە مە لیژنە وەبەرهێنان مە دەستەیە وەبەرهێنانێ یا هەی، رەئیە گەلەك برادەران ئەگەر ئەقلیەتیش بێتن پێ مەعنیی نینە کو دروست بێ، ئەگەر پتر گفتوگۆ هاتبا روونکرن کو دەستەیا وەبەرهێنانێ ئەو ژی وەکو وەزارەتەکا رەئیا برادەران گەل هەندێ با،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە دانیشتنی پێشووتر دەرگای گفتوگۆ ئاوالا کرا، نزیکەی دوو سەعات و نیو گفتوگۆ لە سەر ئەوە کراوە، هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان گوێیان لە راو پێشنیارەکانی یەکتر بوو، ئێستا تەنها کاتی دەنگدانە لە سەر ئەم پێشنیارانەی کە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان خستوویانە روو، ناچینە سەر پێشنیاری سێیەم، چونکە پێشنیاری دووەم پەسەند کرا، ناکرێت پێشنیارێکی تر بخەینە دەنگدانەوە،

کاك دلێر نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو کاك دلێر،

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك ئیعتیبارێك پێشنیار دەكەم هەمیشە لە پێشنیارەكاندا پێشنیاری لیژنەی یاسایی لە پێشەوەیان بێ، پێوەی ماندوو بوون، نەك بخرێتە دواییەوە، یەعنی لە نێوان پێشنیارەكاندا ئیعتیبار بۆ پێشنیاری لیژنەی یاسایی دابنێن، فەرموو د. ڤالاً.

**بەڕێز د. ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم: لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێرییە، زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمان داوای كردووە كە وشەی بەنداوی بۆ زیاد بكرێت، و زیاتر لە سێ ئەندام داوای كردووە كە وشەی ئاژەڵداری بۆ زیاد بكرێتن، لیژنە دوای كۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێز سەرۆك فراكسیۆنەكان و سەرۆكی لیژنەكان بەم شێوەیە دایڕشتووە، لیژنەی كشتوكاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەكان، بفەرموو بۆ دەنگدان،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە ئەوە رای لیژنەی یاساییە، فەرموو د. ڤالاً،

**بەڕێز د. ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، رای لیژنەی یاساییە، بەڵام لە سەر پێشنیاری ئەندامەكان، زیاتر لە سێ ئەندام پێشنیاری كردووە، ئاژەڵداری زیاد بكرێ، و زیاتر لە سێ ئەندام پێشنیاری كردووە بەنداو زیاد بكرێ،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە نەك وەكو لیژنەی سەربەخۆ داوایان كردبێ، بەڵكو داوایان كردووە زیاد بكرێ، ئێوەش زیاد كردنەكەتان كردووە، فەرموو د. فرسەت نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز د. فرست صوٌفى على:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمیشە ئێمە لە قانون تەئكید دەكەینەوە كە جوملەكان كورت و پوخت بن، و واتایەكی كورتی هەبێ، ئەگەر سەیری كولێژی كشتوكاڵ بكەین بەشی ئاژەڵی هەیە، و بەشی نەباتی هەیە، ئێستا هیچ پێویست ناكات ئاژەڵداری هەتا بەنداوەكانیش، كە دەڵێی كشتوكاڵ

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا هیچ پێویست ناكات گفتوگۆ بكەینەوە، چونكە لە دانیشتنی پێشوو گفتوگۆمان كرد، فەرموو د. فرسەت،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گفتوگۆ نییە، بەڵام نوقتە نیزامە؟ لەبەر ئەوەی مەسەلەیەکی قانونییە تیکراری کەلیمەیە کە هەمان مانای هەیە،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی هەموو ئەندامان گوێیان لێ بێت، فەرموو د. ڤالا،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو لیژنەیە بەو ناوەی کە خوێندرایەوە؟ (٤٧) ئەندام لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٣٣) ئەندام لەگەڵدا نییە، کەواتە ئەو پێشنیارە پەسەند کرا، فەرموو د. ڤالا،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی بەرگری لە مافەکانی ئافرەت، زیاتر لە سێ ئەندام پێشنیاری کردووە، کە نەمێنێت ئەو لیژنەیە، و بچێتە پاڵ لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، و زیاتریش لە سێ ئەندام پێشنیاریان کردووە، کە وەکو لیژنەیەکی سەربەخۆ بمێنێتەوە، لیژنەی یاسایی دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنەکان گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە مانەوەی لیژنەی بەرگری لە مافەکانی ئافرەت وەکو لیژنەیەکی سەربەخۆ گرنگییەکی زۆری هەیە لە ناو لیژنەکانی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەبەر ئەوەی لێکدانی ئەو لیژنەیە لەگەڵ لیژنەی مافەکانی مرۆڤ مانای ئەوە ناگەیەنێ کە مافەکانی مرۆڤ جێگای بوونی ئەو لیژنەیە دەگرێتەوە، چونکە لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی چەند پەیماننامەیەك هەیە بەتایبەتی ئیعلانی عالەمی حقوقی ئینسان، و هەردوو پەیماننامەی تایبەت بە مافەکانی مەدەنی و سیاسی و هەروەها ئیقتیسادی و ئیجتیماعی و سەقافی کە لە ساڵی (٦٦) وە هەیە، لە پاڵ ئەو دوو پەیماننامەیەی کە بۆ مرۆڤە بە شێوەیەکی گشتی (٥) پەیماننامەی تریش بە لایەنی کەمەوە دیفاع و داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتان دەکات، بۆیە ئێمە لە سەر ئاستی ناوخۆیی و لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی داکۆکی لەوە دەکەین وەکو لیژنەی یاسایی کە ئەو لیژنەیە وەکو لیژنەیەکی سەربەخۆ بمێنێتەوە، جگە لەوەی بەڕێزان کە گرووپی ئاشتی ژنانی پارتە سیاسیەکان سەردانی ئێمەیان کردووە بۆ پەرلەمانی کوردستان، و زۆر نیگەران بووینە لەوەی کە پێشنیار کراوە ئەو لیژنەیە لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ دەمج بکرێتن، و یاداشتێکیان پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کردووە، ئێستا کاك گۆران بۆتان دەخوێنێتەوە یاداشتەکە، سوپاس.